رووداو
RÛDAW
ژمارە (580) دووشەممە 2019/11/25 – 4ی سەرماوەز 2719 (750) دینار

## "ئەنجوومەنی خانمان پارەی بە هەدەر داوە"

**رووداو – هەولێر**

بەپێـی ڕاپۆرتێکی لیژنەی چاودێری دارایـی لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی باڵای خانمان پارەیەکی زۆریان بەهەدەر داوە، لەوانەش سێ ملیۆن دیناریان بە کەمالیات و سووراو داوە. سێ ملیۆن دیناریشیان داوەتە بەڕێوەبەرێکی خۆیان بۆ وەرگێڕانی ڕاپۆرتێک.

بەشـێک لـە ناوەڕۆکـی ڕاپۆرتەکە لەلایەن هـەردوو پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان دابان محەممەد و ئاشـنا عەبدوڵڵاوە بڵاوکراوەتەوە. ئاشنا عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت: "بەهەدەردانی پارە لەء ئەنجوومەنەدا زۆرن، تەنیا بەشێکیان ئاشکرا بوون، بۆ نموونە 90 هەزار دینار دراوەتە سـیتێک کۆکا کۆلا، نزیکەی 3 ملیۆن دینار دراوەتە کەمالیات و سـووراو". ئاشـنا عەبدوڵڵا دەشـڵێت: "بۆ وەرگێڕانی ڕاپۆرتێک زیاتر لە 3 ملیۆن دینار دراوە بە کۆمپانیایەک، کۆمپانیاکە ئیشی گەیاندن و بازرگانیی گشـتیە، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن خۆی کاری وەرگێڕانی بۆ خۆیان کردووە، بۆ هەر لاپەڕەک نزیکەی 35 دۆلاری وەرگرتـووە، لە کاتێکدا بەپێی یاسـا فەرمانبەر بۆی نییـە کاری فەرمانگەکەی خۆی بە پارە بکات".

پەخشـان زەنگەنـە، ئەمینـداری گشـتی ئەنجوومەنی بـاڵای کاروباری خانمـان لە هەرێمی کوردسـتان، هەمـوو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتـەوە کە دەدرێنە پـاڵ ئەنجوومەنەکەیان. ئەو دەڵێت: "ئێستا سەرقاڵین بە هەڵمەتی 16ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنـان، بۆیە کاتـی وەڵامدانەوەمان نییە. لە داهاتوودا قسـەی زیاترمان بۆیان دەبێت".

« 2

سکاندالەکەی وەزیری بەرگریی عێراق لە سوێد گەورەتر دەبێت

5

پەرلەمانتارانی یەکێتیی ئەوروپا لە دیبەیتێکی (رووداو)دا:

ناکرێ هەرێمی دژەفڕین بۆ کوردی سووریا دابمەزرێت

16



سیروان ڕەحیم:

یورگەن هۆپە مرۆڤە جوانەکەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

18

### نزیکن لە ڕێککەوتن

# هەولێر 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەست دەکات و بەغداش 900 ملیۆن دۆلاری دەداتێ

**رووداو– هەولێر**

سـەرۆکی نوێنەرایەتیـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لە بەغدا زانیاری لەبـارەی کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و ڕێککەوتنی نێوانیان ئاشـکرا دەکات و دەڵێت پشـکی کورد لە بودجەی گشـتیی عێـراق بۆ سـاڵی 2020 جێگیر دەکرێ.

ڕۆژی 2019/11/23 شـاندێکی هەرێمـی کوردستان سەردانی بەغدای کرد کە پێکهاتبوون لە ئاوات شـێخ جەناب، وەزیری دارایی، ئومێد سـەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، خالید شوانی وەزیری هەرێم و ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران. شـاندەکە ئێوارەی یەکشـەممە سـەردانی بەغدای کردەوە و ئەمڕۆ دووشـەممە لەگەڵ لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کۆدەبێتەوە.

فـارس عیسـا کـە سـەرۆکایەتی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەکات، ڕۆژی شـەممەی ڕابردوو لەگەڵ شاندەکەی هەرێم بووە لە بەغـدا بە (رووداو)ی گوت: "شـاندەکە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و وەزیرانی دارایی، پلاندانان و نەوتی و عێراق و دوو بەڕێوەبەری گشـتی لە وەزارەتەکانی دارایی و نەوت کۆبوونەوە. فارس عیسا کۆبوونەوەکەی بە "ئەرێنی و زۆرباش" وەسفکرد.

ئامـاژەی بـە ناوەڕۆکـی کۆبوونەوەکەش کرد و گوتی: "کۆبوونەوەکە سـەبارەت بە بەشـە بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2020ـی عێراق بوو، هەروەها ئەو نەوتەی پێویستە ڕادەستی عێـراق بکرێ. بۆ ئەوەش مەبدەئیەن لەسـەر چەند خاڵێـک ڕێککەوتن، لەوانەش حکومەتی هەرێم 250 هـەزار بەرمیل نەوت ڕادەسـتی کۆمپانیای سـۆمۆ بکات، لە بەرامبەریشـدا حکومەتی عێراق گەرەنتی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بکات".

هیڤیـدار ئەحمـەد پەرلەمانتـاری پارتـی لـە پەرلەمانی کوردسـتان بـە (رووداو)ی گوت "بەغدا و هەولێـر ڕێککەوتوون لەسـەر ئـەوەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەسـتی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لە بەرامبەریشدا بەغـدا مانگانـە 900 ملیـۆن دۆلار بداتـە هەرێمی کوردسـتان. ئـەو 200 هـەزار بەرمیـل نەوتەشـی دەمێنێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێ و دەستحەقی کۆمپانیاکانی پێدەدات".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ئاماژەی بەوەشـدا کە لە پرۆژە یاسـای بودجەدا ئەو بڕە پارەیە بە چەند بڕگەیەک و بەنـاوی جۆراوجۆر جێگەی دەکرێتەوە. سەبارەت بە قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستانیش هیڤیـدار ئەحمـەد دەڵێـت "قەرزەکانـی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەخرێنە چوارچێـوەی قەرزە سیادییەکانی عێراق".

سـەبارەت بـە خەرجـی پرۆژەکانیـش هیڤیدار ئەحمـەد گوتی "لەگەڵ بەغـدا ڕێکەوتن دەکرێ کە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان کە مانگانە 200 ملیار دینارە نەچێتەوە بەغـدا و لێرە بۆ پرۆژەکان خەرج بکرێ".

فارس عیسا گەشـبینە بە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی دووشەممە و دەڵێت: "ئەو شاندەی ڕۆژی دووشەممە دێنـە بەغدا لە تیمێکـی وزاری و تیمێکی تەکنیکی پێکدێن، سـەعات نۆی بەیانی لەگەڵ وەزیری دارایی و لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای بودجەی گشـتیی عێراق کۆدەبنەوە و کۆبوونەوەکە تاوەکـو چواری ئێوارە بەردەوام دەبێ". گوتیشـی: "دوای کۆبوونەوەکـە هەواڵـی خـۆش دەبیسـتین لەبارەی دیاریکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا".

« 4

# سیاسییەکی کورد لە فایلەکانی ئیتلاعاتی ئێراندا

ئێران مەشقی بە 30 پێشمەرگەی کاکە حەمە کردووە

ئێران لەناو سەرکردایەتی داعشدا سیخوڕی هەبووە

لە کۆبوونەوەی سوننەکاندا لە هوتێلەکانی هەولێر سیخوڕی ئێرانی بەشداریی کردووە

هەندێک لە ئەمیرەکانی داعش پەیوەندییان بە پارتییەوە کردووە بۆ ئەوەی نەکەونە دەست شیعە

« 5

« 3

### سکرتێر نامێنێ و دەبێتە کۆنسەیەکی شەش کەسی

# یەکێتی لە کۆنگرە سێ ئەنجوومەن دادەمەزرێنێ



ژنان 12

ئافرەتێک شەش مانگە شوێنبزرە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

مامۆستایەک لەسەر سناپێک فەسڵ دەکرێ

ئابووری 8

بازرگانێک هەشت جۆری نایابی ترێ دێنێتە کوردستان



تاراوگە 11

"ناندێن"ی کوردی پالێوراوی خەڵاتی باشترین ڕێستورانت





ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (580) - دووشەممە 2019/11/25

## باوکێک هەوڵی فرۆشتنی گورچیلەی کچەکەی دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

ژنێکی تەمەن 37ساڵان، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی لەماڵ دەریکردووە دەگەڕێتەوە لای باوکی، بەڵام بێئاگابووە لەوەی باوکی خەریکە گورچیلەکانی دەفرۆشێ تاوەکو پارەی دەستبکەوێت.ژنە قوربانییەکە کە ناو و ناسنامەی لەلای ڕووداو پارێزراوە لەبارەی پلانەکەی باوکی دەڵێت "گوتی پێویستە گورچیلەت بفرۆشم، پێشتر بە هەمانشێوە گورچیلەی خوشکێکی بچووکمی بەنەشتەرگەری دەرهێنابوو کە ئێستا هاوسەرگیری کردووە، دواتر خوشکم گوتی زۆر ئاگاداربە وا ڕێککەوتووە لەگەڵ پزیشکەکان دوو گورچیلە بفرۆشێت".

بەپێی ئاماری دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک لە هەشت مانگی ئەمساڵدا 170 حاڵەتی دیکەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتانی شارەکە تۆمارکراون.

### بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی چاودێری دارایی لە ئەنجوومەنی وەزیران:

# ئەنجوومەنی خانمان 3 ملیۆن دیناری بە کەمالیات و سووراو داوە

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی چاودێری دارایی لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی باڵای خانمان پارەیەکی زۆریان بەهەدەر داوە، لەوانەش سێ ملیۆن دیناریان بە کەمالیات و سووراو داوە. سێتێک کۆکا کۆلایان بە 90 هەزار دینار کڕیوە. سێ ملیۆن دیناریشیان داوەتە بەڕێوەبەرێکی خۆیان بۆ وەرگێڕانی ڕاپۆرتێک. بەڵام ئەمینداری ئەنجوومەنەکە دەڵێت: "ئەوانە تۆمەتن ء لە داهاتوودا قسەمان دەبێت".

بەشێک لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە لەلایەن هەردوو پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان دابان محەممەد و ئاشنا عەبدوڵڵاوە بڵاوکراوەتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە داهاتی نەوت زیاتر لە 720 ملیۆن دینار دراوەتە ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئەمە جگە لە وەرگرتنی سولفەی جۆراوجۆری حکومەت و بەخشینە ناحکومییەکانی وەک یوئێن و ڕێکخراوەکانی دیکە.

ئاشنا عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت: "بەهەدەردانی پارە لەء ئەنجوومەنەدا زۆرن، تەنیا بەشێکیان ئاشکرا بوون، بۆ نموونە 90 هەزار دینار دراوەتە سێتێک کۆکا کۆلا، نزیکەی 3 ملیۆن دینار دراوەتە کەمالیات و سووراو".

ئاشنا عەبدوڵڵا دەشڵێت: "بۆ وەرگێڕانی

> **تێچووی وەرگێڕانی ڕاپۆرتێک 3 ملیۆن دینار بووە**

ڕاپۆرتێک زیاتر لە 3 ملیۆن دینار دراوە بە کۆمپانیایەک، کۆمپانیاکە ئیشی گەیاندن و بازرگانیی گشتیە، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن خۆی کاری وەرگێڕانی بۆ خۆیان کردووە، بۆ هەر لاپەڕەک نزیکەی 35 دۆلاری وەرگرتووە، لە کاتێکدا بەپێی یاسا فەرمانبەر بۆی نییە کاری فەرمانگەکەی خۆی بە پارە بکات".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان دەڵێت لەو ئەنجوومەنەدا چەندین کەس بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دامەزراون ء ساڵانە زیاتر لە 200 ملیۆن دینار مووچەکەیانە. گوتیشی: "بەپێی بەدواداچوونەکانمان پسولەی خەرجکردنی 75 ملیۆن دینار بێ سەروشوێن بووە ء کەس نەیزانیوە چۆن هاتووە و چۆن خەرج کراوە".

هەروەها دەڵێت: "خەرجییەکان سەیرن، بەڕێوەبەری گشتی خۆی سەرۆکی لیژنەی کڕین بووە، لەیەکێک لە پسولەکاندا لە کۆی زیاتر لە یەک ملیۆن دینار، 720 هەزاری دراوە بە 8 سێت کۆکا کۆلا، هەر سێتێک 90 هەزار دینار کەوتووە".

سەرباری خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە، بەڵام بە قسەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، ئەنجوومەنەکە کەمترین کار ء چالاکی هەیە، تەنیا لە هەشتی مارس ء 25ی نۆڤەمبەر چەند چالاکییەکی سنووردرایان هەیە: "ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە دەیکات بە ڕێکخراوێکی ناحکومیش دەکرێت، کەواتە نەبوونیان لە بوونیان باشترە".

نەبوونی یاسایەک تایبەت بە ئەنجوومەنی خانمان، بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە گرفتی بۆ ئەوانیش دروست کردووە "تەنیا پەیڕەوێک هەیە، لە هەمووشی سەیرتر کار بە پەیڕەوەکەش ناکەن، بەپێی پەیڕەوەکە دەبێت هەر چوار ساڵ جارێک ئەنجوومەنەکە خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵام لە 2011 وە کە دامەزراون، نوێکردنەوە نەبووە، تەنیا چەند ئەندامێک خۆیان وازیان هێناوە".

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە بەشێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنەکە ئاگایان لە بەهەدەردانی ئەو پارەیە نییە "لەنێوان چەند کەسێکدا کارەکە کراوە".

> **سێتێک کۆکا کۆلا بە 90 هەزار دینار کڕدراوە**

پەخشان زەنگەنە، ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە دەدرێنە پاڵ ئەنجوومەنەکەیان. ئەو دەڵێت: "بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی ڕەت دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا سەرقاڵین بە هەڵمەتی 16ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، بۆیە کاتی وەڵامدانەوەمان نییە، بۆ ئێستا ئەوەندە بەسە ء لە داهاتوودا قسەی زیاترمان بۆیان دەبێت".

> **پەخشان زەنگەنە:**
> **ئەوانە تۆمەتن**

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان کە لە 2011/6/15 دامەزراوە، نوێنەری حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی تێدایە. بە گوتەی پەخشان زەنگەنەش نەسریەی مانگانەیان کەمترە لە 7 ملیۆن دینار.

# مامۆستایەک لەسەر سناپێک فەسڵ دەکرێ



**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

لە قوتابخانەیەکی سنووری ناحیەی دێرەلووکی سەر بە قەزای ئامێدی، مامۆستایەک بەهۆی تۆمارکردنی گرتەیەکی ڤیدیۆیی قوتابییەکی خۆی و دواتریش بڵاوکردنەوەی لەڕێی سناپچاتەوە، فەسڵ کرا. کەسێکی نزیکی ئەو مامۆستایە دەڵێت ئەو مەبەستی نەبووە ڤیدیۆکە بڵاوبکاتەوە و لە دەستی دەرچووە.

ڕۆژی 19ی ئەم مانگە سناپی مامۆستایەکی قوتابخانەی بناری بنەڕەتی لەگەڵ یەکێک لە قوتابییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی. ئەو مامۆستا ئافرەتە لە سناپەکە لەگەڵ قوتابییەکی پۆلی سێی بنەڕەتی دەردەکەوێ، مامۆستا داوای لێدەکات دەرسەکەی بخوێنێ، بەڵام قوتابییەکە نازانێ دەرسەکەی بخوێنێ، مامۆستاکەش دەڵێت بە دایک و باوکت دەڵێم، قوتابییەکە کە ترسێکی زۆری پێوە دیارە، دەست بە گریان دەکات. ڤیدیۆکە کاردانەوەی توندی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتەوە و هێرشیان کردە سەر مامۆستاکە.

کەسێکی نزیکی ئەو مامۆستایە چیرۆکی بڵاوبوونەوەی ئەو گرتەیەی مامۆستا (ش.ح)ی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی: "ئەو وانەبێژ بووە لە قوتابخانەی بناری بنەڕەتی لە سەنتەری شاری دێرەلووک (سەر بە قەزای ئامێدی). ئەو قوتابییە (د.ن) لە وانەکانی خراپ بووە، مامۆستاکەش ڤیدیۆی کاتی خوێندنەکەی تۆمار کردووە بۆ ئەوەی پێشانی دایک و باوکی قوتابییەکەی بدات، بەڵام بە هەڵە دەستی کەوتووەتە سەر سناپەکەی و بڵاوی کردووەتەوە. دواتر ڤیدیۆکە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە".

کەسە نزیکەکەی ئەو مامۆستایە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "ئەو مامۆستایە قەت لەو باوەڕەدا نەبووە کە ڤیدیۆکەی بەو جۆرە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبێتەوە و بە هەزاران قسەی پێ بگوترێ. بۆیە هەر زوو پەیوەندی بە دایک و باوکی ئەو قوتابییەوە کرد و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەی بۆ گێڕانەوە، بەڵام مەسەلەکە گەیشتە وەزیری پەروەردە، ئەویش داوای کرد بەدواداچوون بکرێ".

مامۆستا تەحسین نێروەیی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بناری بنەڕەتی لە ناحیەی دێرەلووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەر دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکە، بانگی دایک و باوکی ئەو قوتابییە و مامۆستا کچەکەمان کرد، مامۆستاکە چیرۆکی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەی بۆ دایک و باوکی قوتابییەکە گێڕایەوە، ئەوانیش هەر لەوێ لە مامۆستاکە خۆش بوون، بەڵام هەمان ڕۆژ لێژنەیەکی تایبەت لە پەروەردەی ئامێدی هاتنە لامان و بڕیاریان دا مامۆستاکە فەسڵ بکەن کە ئەمساڵ وەکو وانەبێژ هاتبووە قوتابخانەکەمان".

مامۆستا تەحسین ڕەخنەی لەو کەسانە گرت کە لە سۆشیالمیدیادا قسەیان بەو مامۆستایە گوتووە: "ئەو مامۆستایە بەهۆی ئەو هێرشەی کرایە سەری باری دەروونی تێکچوو، چونکە یەکەم ساڵی بوو دەستی بە وانەگوتنەوە کردبوو". گوتیشی: "ئەو مامۆستایە دەرچووی بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بوو، زۆر پێویستمان پێی بوو، بەڵام بەداخەوە فەسڵیان کرد".

### ئەمڕۆ ئینجلێک بە بادینی بڵاودەکرێتەوە

# "لە کوردستان 400 کەس بوونەتە مەسیحی"

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

دوای 10 ساڵ کارکردن لەسەر وەرگێڕانی ئینجیلێک بۆ کوردی، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە ئینجیلەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی ئاینیی کریستیان بڵاوبکرێتەوە. موسوڵمانێکیش کە بووەتە مەسیحی، لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەی لە کوردستان ئاینی خۆیان گۆڕیوە دەڵێت: نزیکەی 400 کەس دەبن.

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 25ی تشرینی دووەمی 2019 بە ئامادەبوونی ژمارەیەک کەسایەتی کە 80 لەوانە لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوون، مەراسیمێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئینجیل بە زمانی کوردی (بادینی) لە شاری دهۆک بەڕێوەبچێ.

د.مایکڵ مالیچ، بەرپرسی ڕێکخراوی بیبلیکا ئای بی سی لە شاری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە نەوەتەکانەوە بیرۆکەیەک هەبوو کە ئینجیل بە زمانی کوردی (بادینی) چاپ بکەین، بەڵام لە ساڵی 2010 دەستمان بە پرۆژەکە کرد، ئێستا وەرگێڕانی ئینجیلەکە تەواو بووە و بڕیارە لە دهۆک مەراسیمێک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێکبخەین". بە گوتەی د.مایکڵ 5000 دانەیان لە پەرتووکەکە چاپ کردووە و دوای مەراسیمەکە دابەشی دەکەن.

> **گەنجێک کە بووەتە مەسیحی:**
> **هەموو یەکشەممەیەک دەچمە کەنیسە**

د.مایکڵ کە خەڵکی ئەمریکایە و نزیکەی 15 ساڵە لە کوردستانە و فێری زمانی کوردی بووە، دەڵێت: "خەڵکی کوردستان خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئاینی مەسیحی هەیە، سەرەتا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە هەڵە لە ئێمە دەگەیشتن، بەڵام خەڵکانێکیش هەبوون لەگەڵ پرۆژەکەی ئێمەدا بوون، بە تایبەتی لە شاری دهۆک".




سەبارەت بەو کەسانەی لە ڕێگەی ئەوانەوە بوونەتە مەسیحی، د.مایکڵ دەڵێت: "کاری ڕێکخراوەکەی ئێمە لە هەموو جیهان تەنیا وەرگێڕانی پەرتووکی پیرۆزە، ئێمە کاری تەبشیری ناکەین، ڕاستە دەزانین لە کوردستان خەڵک بوونەتە کریستیان و کەنیسەی خۆیان هەیە، بەڵام زیاتر ئەو کارە کاری کەنیسەیە و کەنیسە پشتگیرییان دەکات".

ڕێکخراوی بیبلیکا ئای بی سی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئۆفیسی هەیە، لە هەرێمی کوردستانیش لە شارەکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی ئۆفیسیان هەیە، بەپێ ئاماری ئەو ڕێکخراوە، هەتا ئێستا ئینجیل بۆ نزیکەی 1500 زمان وەرگێڕدراوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی شێوەزاری بادینی بۆ وەرگێڕانی ئینجیل، د.مایکڵ دەڵێت: "سەرەتا لێکۆڵینەوەمان کرد کە چەند کورد بەشێوەزاری بادینی و چەندیش بە شێوەزاری سۆرانی قسە دەکەن، دەرکەوت ئەوانەی بە کرمانجی قسە دەکەن زیاترن، بۆیە بڕیارمان دا بەو شێوەزارە وەریبگێڕین، بۆ ئەوەی زۆرترین کورد سوودی لێ ببینن".

عەبدولقادر حەسەن، ئەندامی ڕێکخراوی بیبلیکا ئای بی سی کە دانیشتووی دهۆکە، زیاتر لە حەوت ساڵە بووەتە کریستیان و دەڵێت: "دوای ئەوەی بەدواداچوونم بۆ ئاینی مەسیحی کرد، بڕیارم دا ببمە مەسیحی".

گوتیشی: "هەر من نا، نزیکەی 200 کەسی دیکە لە دهۆک بوونەتە مەسیحی. کەنیسەی خۆمان هەیە و هەموو ڕۆژانی یەکشەممە دەچینە کەنیسە".

عەبدولقادر ژمارەی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە لە هەرێمی کوردستان بوونەتە مەسیحی و دەڵێت: "تا ئێستا نزیکەی 400 کەس بوونەتە مەسیحی".

ئەگەرچی هەندێک ڕایان وایە کە هەر موسوڵمانێک ئاینەکەی گۆڕی دەبێ بکوژرێ، بەڵام عەبدولڕەحیم بەربوهاری، بانگخوازی ناسراوی شاری دهۆک دەڵێت: "هەر کەسێک لە ئاینی ئیسلامەوە بچێتە سەر ئاینێکی دیکە ناکوژرێ، هەر کەس ئازادە پەیڕەوی لە چ بیروباوەڕێک دەکات".

> **بانگخوازێکی ئیسلامی:**
> **ئەوەی ئاینی خۆی بگۆڕێ ناکوژرێ**

# نۆ کۆچبەری کورد شوێنبزرن

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو 16 کۆچبەری کورد لە بارهەڵگرێکدا دۆزرانەوە کە بەنیاز بوون لە فەرەنساوە خۆیان بگەیەننە وێکسفۆرد لە کۆماری ئێرلەندا. بەڵام هێزە ئەمنییەکانی ئێرلەندا دەڵێن نۆ لەو کۆچبەرانە لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینییەوە دیار نەماون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (ساندەی تایمز)ی بەریتانی، ئەو کۆچبەرانە دەبووایە لەگەڵ ئۆفیسی پاراستنی نێودەوڵەتیی پەنابەرانی حکومەتی کۆماری ئێرلەندا چاوپێکەوتن بکەن. هێزی پۆلیسی کۆماری ئێرلەندا، ناسراو بە گاردە، پێیوایە ئەو کۆچبەرانە کە لە دبلن ڕایانکردووە، دەبێ بە ڕێگای بەریتانیاوە بن.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، بارهەڵگرێک کە لە کەشتییەکی بازرگانیدا بوو، لە بەندەری ڕۆسلێ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرلەندا دەستی بەسەردا گیرا. بارهەڵگرەکە 16 کەسی تێدا بوو کە 15یان کەسانی پێگەیشتوو بوون و یەکێکیان منداڵ بوو. پۆلیسی ئێرلەندا ڕایگەیاندبوو کە خەڵکانی ناو بارهەڵگرکە لە "دۆخێکی تەندروستیی باشدان". بارهەڵگرەکە سەر بە کۆمپانیایەکی ئێرلەندی بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکانی ئێرلەندا، هەموو کۆچبەرەکان سەرەتا داوای پاراستنی نێودەوڵەتییان کردبوو، بەو پێیەش دەبووایە ناویان بۆ کەیسی پەناخوازی تۆمار بکرێ. سەرەتا گومان دەکرا دوو لە سەرنشینەکانی بارهەڵگرەکە منداڵ بن، بەڵام دواتر تەنیا یەکێک لەوان بە منداڵ لە قەڵەم درا و ڕەوانەی ئاژانسی پاراستنی منداڵ و خێزانەکانی ئێرلەندا کرا کە بە توسلا ناسراوە.

هێزە ئەمنییەکانی ئێرلەندا پێیانوایە کۆچبەرە شوێنبزرەکان بە هاوڕێکانیان گوتووە کە نایانەوێ لە ئێرلەندا بمێننەوە و دەیانەوێ بەرەو بەریتانیا کۆچ بکەن، چونکە لەوێ کەسوکار و ناسیاویان هەیە. هێزی گاردە نازانێ ئەو کۆچبەرانە پێکەوە بەرەو بەریتانیا دەچن یان لە یەکدی دابڕاون، بەڵام گومان دەکرێ بەرەو سنوورەکانی نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندا چووبن.

ئێرلەندای باکوور بەشێکە لە بەریتانیا و پۆلیسەکەی لە ئەگەری هاتنی ئەو نۆ کۆچبەرە ئاگادارکراوەتەوە. لە ساڵی 2005ـەوە، ڕێوشوێنە ئەمنییە توندەکان لەسەر سنووری هەردوو ئێرلەنداکە هەڵگیراوە. سنووری نێوان ئێرلەنداکان یەکێک لە پرسە گەرمەکانی دانوستاندنی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپایە. لە حاڵەتی ڕێککەوتنی بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا، چاوەڕێ دەکرێ هاتوچۆی نێوان ئەو دوو ناوچەیە سەختتر بکرێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)ی بەریتانی، لێکۆڵینەوە لە چۆنیێتی گواستنەوەی 16 کۆچبەرەکە بۆ ناو کەشتییەکە بەردەوامە. کۆچبەرەکان بە بەرپرسانی فەرمانگەی کۆچبەرانی ئێرلەندایان گوتووە کە پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی بگەنە بەندەرەکە، لەلایەن کۆمەڵێک قاچاخچییەوە لە بەلجیکا سواری بارهەڵگرەکە کراون.

پۆلیسی ئێرلەندا گومانی لەو قسەیە هەیە، لەبەرئەوەی لە کاتی دۆزینەوەیاندا، کۆچبەرەکان پاک و خاوێن و تەندروست بوون و ڕیش و سمێڵیان پاک تاشرابوو. هێزی گاردە پێیوایە ڕێک پێش ئەوەی بارهەڵگرەکە سواری کەشتییەکە بکرێ، کۆچبەرەکان خۆیان تێخزاندووە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کۆماری ئێرلەندا بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "ڕەنگە ئەوانە کۆمەڵێک کەس بووبن کە خۆیان شاردووەتەوە و دواتر دەستیان بەو بارهەڵگرە ڕاگەیشتووە. ئەوان لە ناو (بارهەڵگرەکەی ناو کەشتییەکە) دەستیان بە تەپەتەپ کرد. ڕەنگە وایانزانیبێ کەشتییەکە بەرەو بەریتانیا چووە، نەیانزانیوە کەشتییەکە بەرەو ئێرلەندا هاتووە".

حەوت کۆچبەرەکەی دیکە ڕایانگەیاندووە کە دەیانەوێ لە ئێرلەندا داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی بکەن. لە سەرەتای دۆزینەوەی بارهەڵگرەکەدا، دیار نەبوو ئەو 16 کوردە سەر بە کام پارچەی کوردستانن، بەڵام ڕاپۆرتەکەی (تایمز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو کۆچبەرانە خەڵکی هەرێمی کوردستانن.

## سکرتێر نامێنێ و دەبێتە کۆنسەی سەرۆکایەتی

# یەکێتی لە کۆنگرە سێ ئەنجوومەن دادەمەزرێنێ

**زریان حاجی**
**ڕووداو – هەولێر**

ئامادەکارییەکانی حیزبە تەمەن 44 ساڵییەکە بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرەی خۆی بەردەوامن، بەڵام هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە بازی سکرتێری حیزب کە بۆ ماوەی 42 ساڵ لەسەر شانی مام جەلال بوو، لەسەر شانی کەسێکی دیکە دەنیشێتەوە یان نا؟

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە ساڵی 1975 دامەزراوە، تاوەکو ئێستا سێ کۆنگرە و دوو کۆنفرانس و پێنج پلینیۆمی بەستووە. دوایین کۆنگرەی یەکێتی لە 2010/6/1 بوو. دەبووایە لە مانگی ئاداری 2013 چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام لەبری کۆنگرە لە 2013/10/10 پلینیۆمی بەست و دواتر بڕیار بوو لە 2018/3/7 کۆنگرە ببەستێ، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی کۆنگرەکە نەکرا. دواجار لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ڕۆژی 2019/9/7 لە سلێمانی، بڕیار درا ڕۆژی 2019/12/7 چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ.

هەفتەی ڕابردوو کۆنفرانسی کۆمیتەکان کۆتاییان هات و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرە دیاری کران. ڕۆژی 23ی ئەم مانگەش کۆنفرانسی مەکتەبەکانی یەکێتی کۆتاییان هات و تەنیا کۆنفرانسی مەڵبەندەکان ماوە بەڕێوەبچێ.

زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی لە لێدوانەکانیاندا جەخت لە بەستنی کۆنگرە لە وادەی دیاریکراوی خۆی دەکەنەوە و دەڵێن هیچ پاساوێک نییە بۆ دواخستنی.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "کۆنگرە لە ڕۆژی 2019/12/7 دەبەسترێ، هەنگاوە هونەرییەکانی وردە وردە بەرەو کۆتایی دەڕۆن. هەفتەی ڕابردوو کۆنفرانسی کۆمیتەکان کران. ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممەش هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان دەستپێدەکات".

سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە، سەعدی ئەحمەد پیرە گوتی: "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لە کۆنگرەی پێشوو دانراوە، ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە 1000 کەس دەبن".

بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی یەکێتی، زیاتر لە 500 کەس لە ئەندامانی کۆنگرە وەک ئەندامانی مسۆگەرن. ئەوانیش: ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، ئەنجوومەنی ناوەند و پەرلەمانتارانی یەکێتی، تێکۆشەرە دێرینەکان و ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتین.

لە کۆنگرەکانی ڕابردوودا جەلال تاڵەبانی، سکرتێری بێ چەند و چوونی یەکێتی بووە و تەنانەت ڕکابەریشی نەبووە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا سەرکردەکانی یەکێتی خۆی لێ بەدووردەگرن، قسەکردنە لەسەر سکرتێری داهاتووی یەکێتی.

دەگوترێ هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی و بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێر چاویان لەو پۆستەیە، ئەگەر سیستمی بەڕێوەبردنی یەکێتی نەگۆڕدرێ بۆ هاوسەرۆکی یان ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردن.

محەممەد وەتمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە نزیکە لە کۆسرەت ڕەسوڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا کاک کۆسرەت بەرپرسی یەکێتییە، تەمەنێکی زۆری لەپێناو حیزبەکەی بەڕێکردووە، ئەوە لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە وەک سکرتێر دەستنیشانی بکەن، بەڵام من لەلای خۆمەوە کاک کۆسرەت بۆ ئەو پۆستە بە شیاو دەزانم".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی بە دووری زانی هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەخت لەسەر پۆستی سکرتێر و جێگرانی سکرتێری یەکێتی کرابێ و پێیوایە هەر ڕێککەوتنێک بکرێ، کاریگەری لەسەر کۆنگرە دەبێ.

کۆنفرانسی کۆمیتەکان بەبێ کێشە بەڕێوەنەچوو، تەنانەت لە هەندێک ناوچە تەقەشی تێکەوت. ئەحمەد قەدەفەری، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی شارەزوور و ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "هەموو ئەو تێکچوونانە زیان بە یەکێتی دەگەیەنن. لێت نەشارمەوە برادەرێکی سەرکردایەتی پێیگوتم بۆچی لیست بۆ ئەندامەکان دروست ناکەن، واتە خۆمان کەسەکان دیاری بکەین. منیش پێمگوت با یەکێتی نەکەوێتە ناو لیست و لیستکارییەوە، ئەوەی دەردەچێت با دەنگی پێبدەین و لەناو کۆنگرە موناقەشە بۆ چاککردنی پەیڕەو و پرۆگرام بکات، نەک کەسانێک ببەینە پێش لە پێناوی ئەوەی دەنگ

> کۆنگرەی ئەمجارە جیاواز دەبێت و شتێکی هاوشێوەی کۆنسە دروست دەکرێ
>
> سەرچاوەیەک

بە کۆمەڵێک کاک بدەن، هەنگاوەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامان زۆر باش نییە، بەڵام خراپیش نییە، پێموایە دەستی خێر زیاترە وەک لەو دەستانەی دەیانەوێ کۆنگرە تێکبدەن".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی ئاماژە بەوە دەدات کە دەبێ لەو کۆنگرەیە ڕاشکاوانە قسە لەسەر هەندێک بابەت بکرێ، بۆ نموونە ئەوانەی واز لە یەکێتی دێنن و دواتر دەگەڕێنەوە: "پێویستە لە کۆنگرەدا بڕیارێک بدرێت ئەو کەسانەی لە یەکێتی جیادەبنەوە جارێکی دیکە وەرنەگیرێنەوە، یان نەهێنرێنەوە پێشەوە، بۆ نموونە مەلا بەختیار، بەرهەم ساڵح و قادر عەزیز جیابوونەوە و دواتر هاتنەوە، ئەم جیابوونەوانە یەکێتی پێ لاواز بووە. هەموو ئەوانەشی وازیان لە یەکێتی هێنا لە پێناوی جێگە و پێگە ڕۆیشتن نەک بەرنامە و سیاسەت".

هەر لەبارەی کۆنگرەکە بڵێسە جەبار فەرمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "تا ڕۆژی پێنجشەممە 2019/11/28 هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان کۆتاییان دێت و ئامادەکارییەکان تەواو دەبن، تەنیا هەنگاوی کۆتایی دەمێنێتەوە کە بەستنی کۆنگرەیە، بەدڵنیاییەوە لە مانگی داهاتوودا کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی دەبەسترێ، هەڤاڵانی کۆنگرەش بڕیار لەسەر دانانی سکرتێر دەدەن، ئێمە کەسمان ناتوانین لە ئێستاوە هیچ لەسەر ئەوە بڵێین".




کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 2010/6/1 (فۆتۆ: ڕووداو)

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی تاڵەبانی دەڵێت: "ئەمجارە کۆنگرەی یەکێتی جیاواز دەبێت و تێیدا شتێکی هاوشێوەی کۆنسە دروست دەکرێ، هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ و مەلا بەختیار و بەرهەم ساڵح وەک بەتەمەنترین و بە ئەزموونترین کەس لە پێگەی یەکەم دادەنرێن کە کاریان ڕاوێژکارییە و دەبنە مەرجەعی یەکێتی، هەروەها سێ کەسی دیکەش لەناو کۆنسەکە دادەنرێن کە کاریان تەنفیزی دەبێت، بۆ ئەوەش لاهور شێخ جەنگی و پاڤڵ تاڵەبانی ململانێیانە کە یەکێک بن لەو سێ کەسە، چونکە ناکرێت دوو کەس لە بنەماڵەی تاڵەبانی لە ئاستی سەرەوەبن، بەڵام لاهور شێخ جەنگی هەموو شتێکی بۆ ئەوە کردووە تا ببێتە یەکێک لە بڕیاربەدەستەکانی یەکێتی و بۆ ئەوەش جەماعەتی کەرکووکییەکان و چەمچەماڵییەکانی لەگەڵدایە".

هەر بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، جگە لە کۆنسە سێ ئەنجوومەنی دیکەش دادەنرێت: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن کە ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی تازە سەرکەوتووی گەنج لەخۆدەگرێ. ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن و هەروەها ئەنجوومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی کە ئەمەیان زۆرتر سەرکردە کۆنەکانی یەکێتی لەخۆدەگرێ.

ئەو سەرچاوە ئاگادارە هەروەها گوتی: "بۆ دەڤەری بادینان و شنگالیش ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتی دادەنرێت کە یەکێک لە ئەندامانی کۆنسە سەرپەرشتی دەکات".

سەرچاوە نزیکەکەی ماڵی تاڵەبانی جەختی لەوە کردەوە کە سکرتێر بۆ یەکێتی هەڵنابژێردرێ و شێوازە کۆنەکە جارێکی دیکە کاری پێ ناکرێت. بە دووریشی نازانێ لەو کۆنگرەیە ململانێیەکی توند لە نێوان لاهور تاڵەبانی و باڤڵ تاڵەبانی هەبێ. ئەو پێیوایە لاهور تاڵەبانی کاری زۆری بۆ کۆنگرە کردووە و دەنگێکی زۆری کۆنگرەش دەهێنێ.

سەبارەت بە پێگەی قوباد تاڵەبانیش، گوتی: "ڕەنگە لەنێو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن دابنرێ".

## مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# سەردەمەکە هی ئەوە نییە خۆم کاندید نەکەمەوە



مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی چوارەی حیزبەکەی دەکات کە بڕیارە لە 7ی کانوونی یەکەمی داهاتوو ببەسترێ و دەڵێت ئەو سەرەتا بڕیاری دابوو خۆی بۆ سەرکردایەتی کاندید نەکاتەوە و ڕێگە بۆ گەنجانی یەکێتی خۆش بکات، بەڵام دەڵێت سەردەمەکە هی ئەوە نییە جێیبهێڵێت و خۆی کاندید نەکاتەوە.

هەڤپەیڤین: زریان حاجی
ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: ئامادەکارییەکانی یەکێتی بۆ بەستنی کۆنگرە چۆن بەڕێوەدەچن؟**

**مەحموود سەنگاوی:** من هەموو جارێک گوتوومە، هەر کاتێک یەکێتی بکەوێتە مەترسییەوە خۆمانی بۆ دەکەین بە قوربانی. ئێستاش کۆنگرەمان لە پێشە. پێموایە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەبێت و قۆناغەکانی ئامادەکاری بەستنی کۆنگرەش بە باشی دەچنە پێش. هەڵبژاردن لە کۆمیتە و مەکتەبەکان کراوە، ماوەتەوە لەناو مەڵبەندەکان هەڵبژاردن بکرێت و ئەندامانی کۆنگرە دیاری بکرێن. ئومێد دەکەین کۆنگرە لە کاتی خۆیدا ببەسترێ. ئەگەر چەند ڕۆژێکیش پێش بکەوێ یان دوابکەوێت لەو وادەیەی بۆی دیاری کراوە، ڕەنگە نەبێتە کێشە.

**ڕووداو: هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە لە کۆمیتەکانی سنووری قەزای کفری و چەمچەماڵ توندوتیژیی لێکەوتەوە و خەڵک کوژرا، ئەمە بۆ ڕوویدا؟**

**مەحموود سەنگاوی:** لە کفری لە نێوان دوو خزم کێشەیەک هەبووە کە یەکێکیان پێشمەرگەی کۆنە و بە تەبیعەت پیاوێکی توورەیە و ئێستا پەیوەندییان باشە، بەداخەوە دوو کەسیش کوژران، بەڵام ئەمە کێشەی کۆمەڵایەتی کۆن بوو، ڕووداوەکە لەو ڕۆژە ڕوویدا.

**ڕووداو: کەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە لە مەڵبەندەکان دەستپێدەکات؟**

**مەحموود سەنگاوی:** لەم دوو ڕۆژەدا هەڵبژاردنی مەکتەبەکانی یەکێتی کۆتاییان دێت، دوای ئەوەش هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان دێت.

**ڕووداو: لەو ئۆرگانانەی هەڵبژاردنیان تێدا کراوە، پرۆسەکە شەفاف بووە؟ هیچ تێبینییەکتان هەبووە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** تا ئەمڕۆ کەس تەدەخولی تێدا نەکردووە و خەڵک بە ئازادی دەڕوات دەنگ دەدات بە نوێنەری خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ململانێی سیاسییە لەناو هەموو حیزبێکی سیاسیدا لە کاتی کۆنگرەدا هەیە، خەڵک کۆببێتەوە و دەنگەکەی بگۆڕێ بیدا بە کەسێکی دیکە.

**ڕووداو: وەک مەحموود سەنگاوی بەنیازی جارێکی دیکە خۆت بۆ سەرکردایەتی کاندید بکەیت؟**

**مەحموود سەنگاوی:** لەم سەردەمەدا یەکێتی بەجێناهێڵم. پێشتر بە حوکمی تەمەنەکەم بڕیارم دابوو بەهیچ جۆرێک خۆم هەڵنەبژێرم، بۆ ئەوەی خەڵکی گەنج بێنە پێشەوە، بەڵام ئەم سەردەمە هی ئەوە نییە حیزبەکەمان بەجێبهێڵم، خۆم کاندید دەکەمەوە ئەگەر خەڵک دەنگم پێ بدەن سوپاسیان دەکەم، ئەگەر دەنگیشم پێ نەدەن دیارە لە ئاستێکی دیکەی بەرپرسیارێتییەوە بیر دەکەنەوە.

> ڕەنگە کۆنگرە چەند ڕۆژێک دوابکەوێ

**ڕووداو: دەنگۆی دواخستنی کۆنگرە هەیە، پێتوایە دوابخرێت؟**

**مەحموود سەنگاوی:** زۆربەی ئەندامانی یەکێتی پێموایە داوایان ئەوەیە لە کاتی خۆیدا کۆنگرە بکرێت، هەموو کارەکانیش کۆتاییان هاتووە، مەگەر چەند ڕۆژێک پاش و پێش بێ، ئەگەرنا دەکرێ.

**ڕووداو: شاناز ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕۆژانی ڕابردوودا پەیامێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا باسی هەوڵێک بۆ دواخستنی کۆنگرە دەکات، ئەم قسانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**مەحموود سەنگاوی:** من پەیامەکەیم نەخوێندووەتەوە، بەڵام ئەوە ڕای خۆیەتی و قسەکردنیش ئاسانە.

**ڕووداو: باسی ڕێککەوتنێک لەنێوان باڵەکان دەکرێت کە کۆسرەت ڕەسوڵ ببێ بە سکرتێری گشتی و هەریەک لە مەلا بەختیار، پاڤڵ تاڵەبانی و بەرهەم ساڵح بکرێن بە جێگری، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** شتی وام نەبیستووە و ئاگاداری ئەوە نیم.

> نەمزانیوە هیچ ڕێککەوتنێک بۆ دانانی سکرتێر و جێگرەکانی کرابێ

> تا ئێستا قسە لەسەر دانانی سکرتێری یەکێتی نەکراوە

**ڕووداو: بڕیارتانداوە سکرتێر دابنرێتەوە یان سیستەمی سەرۆکایەتی حیزب دەگۆڕن؟**

**مەحموود سەنگاوی:** لەناو کۆنگرە ئەندامانی کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدەن، چونکە ئەو کارە بە دەست کەس نییە و پرۆژەیە، ڕەنگە دەیان پرۆژەی دیکەش هەبێت تەقدیم بکرێت، بۆیە زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە دەنگ لەسەر کام پرۆژە بدەن ئەوە دەچێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆوە، واتە تا ئێستا قسەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەوە نەکراوە سکرتێر دابنرێت یان سیستەمەکە بگۆڕێت.

**ڕووداو: کەسی دیاریکراو لەناو یەکێتیدا هەیە بۆ پۆستی سکرتێر خۆی کاندید بکات، یان هاتبێتە پێش بۆ ئەو پۆستە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** خەڵک لەناو کۆنگرە خۆی کاندید دەکات، بەخەیاڵ هەموو کەسێک بۆ ئەو پۆستە خۆی کاندید دەکات، بەڵام ئایا لەناو کۆنگرە کێ خۆی کاندید دەکات و کێ دەردەچێت؟

نزیکن لە ڕێککەوتن

# هەولێر 250 هەزار بەرمیل نەوت رادەست دەکات و بەغداش 900 ملیۆن دۆلاری دەداتێ

**زریان حاجی**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا زانیاری لەبارەی کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و ڕێککەوتنی نێوانیان ئاشکرا دەکات و دەڵێت پشکی کورد لە بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 جێگیر دەکرێ. پەرلەمانتارێکیش دەڵێت بەغدا و هەولێر نزیکن لە ڕێککەوتن.

ڕۆژی 2019/11/23 شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد کە پێکهاتبوون لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی، ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، خالید شوانی وەزیری هەرێم و ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران.

فارس عیسا کە سەرۆکایەتی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەکات، لەگەڵ شاندەکە بووە و دەڵێت شاندەکە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و وەزیرانی دارایی، پلاندانان و نەوتی و عێراق و دوو بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکانی دارایی و نەوت کۆبوونەوە. فارس عیسا کۆبوونەوەکە بە "ئەرێنی و زۆرباش" وەسف دەکات.

ئاماژەی بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەش کرد و گوتی: "کۆبوونەوەکە سەبارەت بە بەشە بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2020ی عێراق بوو، هەروەها ئەو نەوتەی پێویستە ڕادەستی عێراق بکرێ. بۆ ئەوەش مەبدەئیەن لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، لەوانەش حکومەتی هەرێم 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لە بەرامبەریشدا حکومەتی عێراق گەرەنتی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بکات".

وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 25ی تشرینی دووەم، شاندەکەی هەرێمی کوردستان دووبارە سەردانی بەغدا بکات، بە گوتەی فارس عیسا، شاندەکە لەگەڵ لیژنەی ئابووری لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی 2020 کە "پشکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەدا دەبێت و جێگیر دەکرێت".

کورد هەموو ساڵێک لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق پێداگیری لەسەر 17%ی پشکی خۆی لەو بودجەیە دەکات، بەڵام عێراق پێیوایە مافی کورد لەوە کەمترە.

فارس عیسا دەڵێت: " تا ئێستا پرۆژە یاسای بودجە ئامادە نەکراوە تا بزانین پشکی کورد لەو بودجەیە چەند دەبێ، بودجەی ساڵی ڕابردوو بە 123 تریلیۆن دینار خەملێنرابوو، بەڵام ڕەنگە ئەمجارە 150 ترلیۆن دینار بێت، پێشبینیش دەکرێت 50 ترلیۆن دینار کورتهێنان هەبێت، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەمانە نەخراونەتە دووتوێی کاغەز و ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە، بۆیە نازانین بەشی کورد چەند دەبێ".

ڕۆژی 2019/11/24 شاندی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا تایبەت بە پرسی نەوت و بودجەی 2020 لەگەڵ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوە.

جووتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند: "شاندەکە ئاماژەی بەوەدا کە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا قۆناغێکی گرنگ و پێشکەوتووی بڕیوە و لە کەشێکی ئەرێنی بەڕێوە دەچن. شاندەکە ئەو پرەنسیپانەشی خستەڕوو کە لە ئەنجامی سەردانەکە گەڵاڵە بوون و دەبنە بنەمایەک بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بابەتەکانی پرۆژەیاسای بودجەی فیدراڵی ساڵی 2020، بە جۆرێک کە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا لەبەرچاو بگیرێت و مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت". گوتیشی: "ڕۆژی دووشەممە 2019/11/25 بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان شاندەکە دەچێتەوە بەغدا".

نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەغدا:
ڕێککەوتن لەسەر ڕادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت بە بەغدا کراوە

هێڤیدار ئەحمەد پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "بەغدا و هەولێر ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لە بەرامبەریشدا بەغدا مانگانە 900 ملیۆن دۆلار بداتە هەرێمی کوردستان. ئەو 200 هەزار بەرمیل نەوتەشی دەمێنێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێ و دەستحەقی کۆمپانیاکانی پێدەدات".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ئاماژەی بەوەشدا کە لە پرۆژە یاسای بودجەدا ئەو بڕە پارەیە بە چەند بڕگەیەک و بەناوی جۆراوجۆر جێگەی دەکرێتەوە. سەبارەت بە قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستانیش هێڤیدار ئەحمەد دەڵێت "قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخرێنە چوارچێوەی قەرزە سیادییەکانی عێراق".

سەبارەت بە خەرجی پرۆژەکانیش هێڤیدار ئەحمەد گوتی "لەگەڵ بەغدا ڕێکەوتن دەکرێ کە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان کە مانگانە 200 ملیار دینارە نەچێتەوە بەغدا و لێرە بۆ پرۆژەکان خەرج بکرێ". هێڤیدار ئەحمەد پێیوایە بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا "ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 دەگەڕێتەوە بۆ ئابووریی سەردەمی پێش ساڵی 2014".

بە گوتەی فارس عیسا، لە کۆبوونەوەی یەکەمی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، هیچ خاڵێکی "ناکۆک" نەبووە و دەڵێت: "بابەتەکانی ڕۆژی 2019/11/23 کە لەنێوان شاندەکەی هەرێم و بەغدا گفتوگۆی لەسەر کرا هیچ خاڵێکی ناکۆکی تێدا نەبوو، بەڵام بۆچوونی جیاواز هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو خاڵەدا کۆک بوون کە 250 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکرێ".

کورد هیچ نوێنەرێکی لە کۆمپانیای سۆمۆ نییە، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەت لە بەغدا دەڵێت لە کۆبوونەوەکە قسە لەسەر ئەو بابەتە نەکراوە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە لیژنەی تەوازن هەیە و لە چوارچێوەی ئەو لیژنەیە باسی ئەو بابەتە دەکرێ.

سەبارەت بە ئەندامانی ئەو شاندەی ئەمڕۆ سەردانی بەغدا دەکەن، فارس عیسا دەڵێت: "هەمان ئەندامانی پێشوون و لەوانەیە وەزیری پلاندانیشیان لەگەڵ بێت".

فارس عیسا گەشبینە بە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی دووشەممە و دەڵێت: "ئەو شاندەی ڕۆژی دووشەممە دێنە بەغدا لە تیمێکی وزاری و تیمێکی تەکنیکی پێکدێن، سەعات نۆی بەیانی لەگەڵ وەزیری دارایی و لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتیی عێراق کۆدەبنەوە و کۆبوونەوەکە تاوەکو چواری ئێوارە بەردەوام دەبێ". گوتیشی: "دوای کۆبوونەوەکە هەواڵی خۆش دەبیستین لەبارەی دیاریکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا".

مالی لە هەولێرە

# فەرماندەیەکی سەربازی بووە پارێزگاری نەینەوا

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

تەنیا شەش مانگ بوو وەکو پارێزگاری نەینەوا دەستبەکار بووبوو، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کۆمەڵێک بەرنامەی خۆی کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ، بەڵام هەفتەی ڕابردوو نووسراوی دەستلەکارکێشانەوەی گەیشتە ئەنجوومەنی پارێزگا و هەر زوو پەسەند کرا. دوای هەڵبژاردنی پارێزگارێکی نوێ، مەنسوور مەرعید لە دەستلەکارکێشانەوەکەی پەشیمان بووەتەوە و دەڵێت: "ئێستاش هەر من پارێزگارم".

دوای ئەوەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو مەنسوور مەرعید، پارێزگاری پێشووی مووسڵ دەستی لەکارکێشایەوە، ڕۆژی 2019/11/24 پارێزگارێکی تازە بۆ پارێزگاکە دانرا، ئەویش نەجم جبوورییە کە فەرماندەیەکی سەربازییە و پێشتر فەرماندەی ژووری عەمەلیاتی نەینەوا بووە.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی مەنسوور مەرعید، ڕۆژی 2019/11/20 ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی پارێزگاری نەینەوا کردەوە. تاوەکو 23ی مانگ هەریەک لە عەبدولحەکیم محەممەد، نەجم جبووری و عەلی خزەیر خۆیان کاندید کرد.



ڕۆژی 24ی مانگ نەجم جبووری بە دەنگی 23 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژێردرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت لایەنی ئەمریکی و عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە گۆڕینی پارێزگاری نەینەوا ئاگادار کرابوونەوە، بۆچوونی ئەمریکا و سەرۆکوەزیرانیش لەسەر دانانی نەجم جبووری ئەرێنی بووە.

ئەو سەرچاوە ئاگادارە باسی نهێنیی دانانی پارێزگاری پێشوو دەکات و دەڵێت: "لە دانانی مەنسوور مەرعید نهێنییەک هەبووە، ڕێککەوتنێک لە نێوان 13 ئەندامی ئەنجوومەن لە چوار کوتلەی جیاواز هەبوو، ئەوان پشتگیرییان دەکرد، نووسراوی دەستلەکارکێشانەوەکەشی کە پێدەچێ پێشتر ئامادە کرابێ، مێژووی لەسەر نەبوو".

دوای پەسەندکردنی نووسراوی دەستلەکارکێشانەوەی مەنسوور مەرعید، ناوبراو پەشیمان بووەوە و ئێستاش خۆی بە پارێزگاری نەینەوا دەزانێ. بەڵا ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "نارازیبوونەکەی تەنیا قسەیە، ناتوانێت هیچ بکات، چونکە خۆی ئەو نووسراوەی واژۆ کردووە، لەوانەیە کۆن بێت، بەڵام بە دەستی خۆی واژۆی کردووە".

سەبارەت بە دانانی فەریقی خانەنشین نەجم جبووری، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "نەجم هەم نزیکە لە ئەمریکا و هەمیش ڕەزامەندی سەرۆکوەزیرانی عێراقی لەسەرە. ماڵیشی لە هەولێرە و پەیوەندی باشی لەگەڵ کورد هەیە، بۆیە ڕەزامەندی هەموویانی لەسەر بوو ببێ بە پارێزگار".

تا ئێستاش خۆم بە پارێزگای نەینەوا دەزانم
مەنسوور مەرعید

نەجم جبووری لای کورد کەسێکی قبوڵکراوە
سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا

هاشم بریفکانی، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی گوت: "نەجم جبووری بەلای کوردیشەوە کەسێکی قبوڵکراوە، چونکە پەیوەندی لەگەڵ کورد زۆر باشە".

سەیدۆ چەتۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بەشداری کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی پارێزگاری نەینەوای نەکرد، بەڵام ڕەتیکردەوە کە هۆکاری سیاسی لە پشت بەشدارینەکردنەکە هەبێ و گوتی "لەبەر قەرەباڵغی ڕێگا نەمتوانی بگەمە کۆبوونەوە، بەڵام بەپێی یاسا، نورەدین یونس، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کۆبوونەوەکەی بەڕێوەبرد، لە کۆی 39 ئەندام، 23 ئەندام ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون و هەر 23یان دەنگیان بە نەجم جبووری دا".

سەیدۆ چەتۆ زیاتر باسی ڕێکارە یاساییەکانی دانانی پارێزگاری کرد و گوتی: "بڕیاری ئەنجوومەن دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، پێویستی بە دەرکردنی مەرسومی سەرۆکایەتی کۆمارە، دواتر وەکو پارێزگاری نەینەوا دەستبەکار دەبێت".

سەرەڕای پەسەندکردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی، بەڵام مەنسوور مەرعید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو دەستی لەکارنەکێشاوەتەوە. مەرعید دەڵێت: "بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بۆ پەسەندکردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەم نایاساییە، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سڕکراون، بۆیە تا ئێستاش من هەر پارێزگارم و دەبێت بە بڕیاری سەرۆک کۆمار لەسەر کارم لابدەن، نەک ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا".

# (DNO)ی نەرویجی لە باشیک کێڵگەیەکی نەوت و غاز دەدۆزێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 15ی تشرینی دووەم، کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئاگادار کردەوە کە لە باشیک بڕێکی زۆر نەوت و غازیان دۆزیوەتەوە. هەرچەندە خەملاندنی کێڵگەکە لە قۆناغی بەراییدایە، بەڵام نەوتی ئەو کێڵگەیە کە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان هەڵکەوتووە، دەتوانێ هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە.

کۆمپانیا نەرویجییەکە لە ساڵی 2017 نیوەی پشکەکانی ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی لەو ناوچەیە هەڵگرتەوە. ئەوکات کۆمپانیا ئەمریکییەکە 64%ی پشکەکانی ئەو کێڵگەیەی هەبوو. ئێستا کۆمپانیا نەرویجییەکە 32% و ئێکسۆن مۆبیل 32% و کۆمپانیای وزەی تورکیا 16% و هەرێمی کوردستان 20%ی پشکەکانی ئەو کێڵگەیەیان هەیە.

کارکردن لە بیرەکانی ئەو ناوچەیە لە 2014 ڕاوەستان، کاتێک چەکدارانی داعش بوونە هەڕەشە لەسەر ناوچەکە. پێش ئەو ڕووداوانە، ئێکسۆن مۆبیل و کۆمپانیای وزەی تورکیا مەزندەیان کردبوو لەو ناوچەیە 580 ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە. بەڵام کۆمپانیا نەرویجییەکە لە ڕاگەیەندراوەکەی 15ی تشرینی دووەمی خۆیدا ئاماژە بۆ بڕی نەوتی ئەو کێڵگەیە ناکات.




کۆمپانیای (DNO) لە ساڵی 1971 دامەزراوە و فۆکەسی کارەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقایە، بەڵام لە ژمارەیەک پرۆژەی گەڕان و پەرەپێدان و و بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی وزە لە نەرویج، بەریتانیا، هۆڵەندا، ئێرلەندا و یەمەنیش وەبەرهێنانی هەیە. ئەو کۆمپانیایە لە 2004 ـەوە هاتووەتە کوردستان و لە نێو یەکەمین کۆمپانیا بیانییەکاندا بوو کە هەوڵی پەرەپێدانی کەرتی نەوتی کوردستانی داوە.

کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل لە 2011 لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوت لەسەر کارکردن لە کێڵگەی باشیک، ڕێککەوتنەکە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، لەبەر ئەوەی ناوچەی باشیک دەکەوێتە پارێزگای نەینەوا و بەشێکە لەو ناوچانەی کە دەبێ چارەنووسیان لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقدا یەکلایی بکرێتەوە. ئەوکات حکومەتی بەغدا داوای لە کۆمپانیا ئەمریکییەکە کردبوو لە نێوان ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ هەولێر و کێڵگەی قورنەی یەک لە باشووری عێراق یەکێکیان هەڵبژێرێ.

کێشەی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەتا ئێستاش بەردەوامە، بەشێکی سەرەکی لە کێشەکە پەیوەندی بە مافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی ناو هەرێمی کوردستان و چۆنێتی دابەشکردنی داهاتەکەی لەگەڵ بەغدا هەیە. دوایین چارەسەر کە ئێستا بەغدا و هەولێر تاوتوێی دەکەن، ئەوەیە هەولێر مانگانە داهاتی 250 هەزار بەرمیل نەوت بە بەغدا بدات و حکومەتی فیدراڵیش لە بەرامبەردا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێ.

ئێکسۆن مۆبیل دواتر کۆمپانیای وزەی تورکیا (TEC)ی هێنایە ناو پرۆژەکەی باشیک. تورکیا لە 2015 و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەغدا بنکەیەکی سەربازی لە باشیک دانا. ئەو ناوچەیەی کاری گەڕانی تێدا کراوە 60 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەولێر و 20 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵەوە دوورە.

هەتا ئێستا دیار نییە ئەو کێڵگانە لەڕووی داراییەوە چەندە قازانجیان هەیە، بەڵام گۆڤاری (میس) بۆ کاروباری نەوت و غاز پێیوایە هەر هەوڵێک بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لەو ناوچەیە ململانێیەکی سیاسی لە نێوان بەغدا و هەولێر هەڵدەگیرسێنێ، هەرچەندە وجوودی ئێکسۆن مۆبیلی ئەمریکی دەتوانێ ئاگری ململانێکان کزتر بکاتەوە.

کۆمپانیا نەرویجییەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لەو ناوچەیە "ڕێژەیەکی گۆڕاو لە نەوتی سووک و غازی ترش دەرچووە". ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە تاقیکردنەوەکان لە ناوچەیە بەردەوامن و لە داهاتوودا هەنگاوەکانی دواتر و خەملاندنی نوێ لەبارەی ڕێژەی قازانجی دارایی ئەو کێڵگانە دەخرێنەڕوو.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لێدانی بیری باشیک-2 لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە دەستپێکردووە و قووڵایی بیرەکە 3204 مەترە.

ڕاپۆرتەکەی (میس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (DNO) بە چاوێکی ئەرێنییەوە لە قازانجی کێڵگەکەی باشیک دەڕوانێ، لە کاتێکدا ئەو کۆمپانیایە لە هاوینی 2018 وە پلانێکی گەورەی بۆ ئەو کێڵگەیە ئامادە کردووە کە پرۆگرامێک بۆ گەڕانێکی بەرفراوان لە سێ کێڵگەی نەوتی لەخۆدەگرێ.

بارانی زۆری سەرەتای ئەمساڵ تاقیکردنەوەی کێڵگەی باشیک-1ی بۆ ناوەڕاستی 2019 دواخست.

## فایلەکانی ئیتلاعات بڵاودەبنەوە

# سیاسییەکی کورد لە فایلەکانی ئیتڵاعاتی ئێراندا

**ڕووداو- هەولێر**

لە هاوینی 2014 ـەوە، ئێران و ئەمریکا بە جیا شەڕی دوژمنێکی هاوبەشیان دەکرد کە دەستی بەسەر ناوچەیەکی زۆری عێراق و سووریادا گرتبوو. ئەمریکا بە هێرشی ئاسمانی و ئێران لە ڕێگەی چەک و تەقەمەنی، ڕاوێژ و ڕاهێنانی سەربازی و هەڵمەتی هەواڵگری، هەوڵی بەرگرتن بە پێشڕەوییەکانی داعشیان دەدا. نزیکبوونەوە لە کورد و عەرەبە سوننەکان بەشێک بووە لە هەوڵەکانی ئێران.

### ئێران و کاکە حەمە

هەفتەی ڕابردوو، ماڵپەڕی (ئینتەرسێپت) و ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی هەواڵی دەستخستنی ژمارەیەکی زۆر فایلی وەزارەتی ئیتڵاعاتی ئێرانیان ڕاگەیاند. بەشێک لە فایلەکان پەیوەندییان بە هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعشەوە هەیە. لەو بەشەشدا باسی پەیوەندییەکانی ئێران و محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دەکرێ.

لە کۆتایی تشرینی دووەمی 2014، عەتای کوڕی کاکە حەمە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش لە کەرکووک شەهید بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (ئینتەرسێپت)، بەرەبەیانی ڕۆژی حەوتی کانوونی یەکەمی 2014 ، شاندێکی هەواڵگریی ئێران، بۆ سەرەخۆشی سەردانی بارەگای حیزبەکەی کاکە حەمەیان کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنیی هەواڵگریی ئێران کە دەست ماڵپەڕەکە کەوتووە "شاندێکی هاوکارانی کۆنسوڵخانە سەردانی ئۆفیسی پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانیان کرد، فاتیحەیان خوێند و

> ئێران مەشقی بە 30 پێشمەرگەی کاکە حەمە کردووە

سەرخۆشی و ڕێزی ئێمەیان بە محەممەد حاجی مەحموود ڕاگەیاند....".

شەش هەفتە دوای ئەو سەردانە و لە مانگی کانوونی دووەم، بەرپرسانی وەزارەتی ئیتڵاعات جارێکی دیکە لەگەڵ کاکە حەمە کۆبوونەتەوە. بەپێی ئەو فایلانەی دەست ماڵپەڕەکە کەوتوون، سەرکردە کوردەکە سوپاسی ئێرانییەکانی کردووە کە "ڕاهێنانی تایبەتی سەربازی و ئەمنی"یان پێشکەش بە 30 پێشمەرگەی حیزبەکەی لە سلێمانی کردووە. مەشقەکان لەسەر شەرەفی عەتای کوڕی کاکە حەمە بووە و کاکە حەمە بە ئێرانییەکانی گوتووە: "ئەوان ڕۆڵێکی باشیان لە تێکشکاندنی تەکفیرییەکاندا گێڕاوە و ئەو وانانەی فێری بوون بەکاریان هێناوە".

ئەو ئۆفیسەرەی ئیتڵاعات کە ڕاپۆرتەکەی نووسیوە، بە قسەکانی کاکە حەمە دڵخۆش بووە و نووسیویەتی: "خوا یار بێ، لە داهاتوودا بۆ ڕاهێنان لە عێراق و بۆ شەڕی دژی داعش سوود لەو برایانە دەبینین".

### کورد و ئێران

هاوینی 2014 ، چەکدارانی داعش بە گرتنی شارۆچکەی مەخموور هەرێمی کوردستانیان خستە مەترسییەوە، بەڵام مەخموور یەکەم شار بوو کە پێشمەرگە لە دەستی داعشی دەرکرد و یەکەم ناوچەش بوو کە تێیدا ئێران و ئەمریکا هەڵمەتی خۆیان لە دژی داعش دەستپێکرد.

لە کاتی هێرشەکەی مەخموورردا ئێران پێش ئەمریکا هاتە سەر هێڵ و پێشڕەوییەکانی داعشی ڕاگرت، بەڵام ئەوەی کە باڵانسی شەڕەکەی بە لای پێشمەرگەدا شکاندەوە هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا بوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەیلوولی 2014، ئیتڵاعاتی ئێران دڵگران بووە لەوەی ئەمریکا "پێداگری دەکات" لەسەر ئەوەی لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاریی ئێران نەکات، بەگوێرەی ڕاپۆرتە نهێنییەکە، ئێران

> لە کۆبوونەوەی سوننەکاندا لە هوتێلەکانی هەولێر سیخوڕی ئێرانی بەشداریی کردووە


کاکە حەمە و کوڕەکەی کە لە شەڕی دژی داعش لە سنووری کەرکووک شەهید بوو

پێیوابووە هەڵوێستی ئەمریکا، وڵاتانی ڕۆژئاوایی و عەرەبی لەبارەی ئێرانەوە "کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە".

سێ ساڵ دوای ڕزگارکردنی مەخموور لەدەست داعش، لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری 2017 دا سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە هاریکاریی ئێرانییەکان هێرشیان کردە سەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، یەکێک لەو ناوچانەش مەخموور بوو. هێرشەکە کەمتر لە مانگێک دوای گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان لە ئەیلوولی 2017 هات. ئەمریکا لە ئاست ئەو هێرشانە دەستەوەستان بوو.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەیلوولی 2014دا، وەزارەتی ئیتڵاعات پێشبینی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کوردی کردبوو، بەڵام هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندبوووەوە کە بەو پێیەی ئێران تووشی گۆشەگیریی نێودەوڵەتی بووە، لە حاڵەتی تەواوبوونی شەڕی دژی داعش "کورد خۆی لە ئێران بەدووردەگرێ". ئەوکات ئێران هێشتا لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ڕێکنەکەوتبوو، بۆیە سزای ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپای لەسەر بوو.

### سیخوڕی بەسەر داعش و سوننەکانەوە

هەواڵگریی کوردستان و ئێران هەر لە سەرەتاکانی هێرشی داعشەوە دزەیان کردبووە ڕیزەکانی داعشەوە. یەکێک لە حاڵەتەکان کە لە

> ئێران لەناو سەرکردایەتی داعشدا سیخوڕی هەبووە

ڕاپۆرتەکانی ئیتڵاعاتدا هاتووە بۆ 18ی ئەیلوولی 2014 دەگەڕێتەوە، کاتێک کەسێکی ئیتڵاعات لە هەولێر چاوی بە کەسێک لە هەولێر کەوتووە، ئامانج لە کۆبوونەوە نهێنییەکە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بۆچوونی سەرکردە سوننەکان لەبارەی داعش و کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر ژیاننامەی ئەبوبەکر بەغدادی بووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئینتەرسێپت)، لە کانوونی یەکەمی 2014 کەسێکی دیکەی ئیتڵاعات لە سلێمانی چاوی بە "جێگری بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی عێراق" کەوتووە و فلاش میمۆرییەکی لێوەرگرتووە کە زانیاری لەسەر داعش تێدا بووە.

بەڵام ئێران لەناو سەرکردایەتی داعشدا سیخوڕی هەبووە. سەرچاوەیەک لە مووسڵەوە زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەیەکی کانوونی یەکەمی 2014ی سەرکردەکانی داعش بە ئیتڵاعات داوە، ئەوکات داعش خۆی چاوەڕێی کردووە هێزە کوردییەکان، میلیشیا شیعەکان و سوپای عێراق بە هاوکاریی ئێران و ئەمریکا هێرشیان بکەنە سەر.

ئەو هێرشە هەمەلایەنەیە ترسی لەناو بەشێکی زۆری ئەمیرەکانی داعشدا دروستکردبوو. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ئیتڵاعاتدا کە دەست ماڵپەڕە ئەمریکییەکە کەوتووە، هاتووە: "هەندێک لە ئەمیرەکانی داعش کە پێشینەی بەعسیبوونیان هەیە، پەیوەندییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروستکردووە بۆ ئەوەی ڕابکەنە هەرێمی کوردستان و نەکەونە دەست سوپای شیعەی عێراق".

لە هەمان ڕاپۆرتدا باس لەوە دەکرێ کە فەرماندەکانی داعش لە دوو ناوچەی باکووری مووسڵ پەیوەندییان بە ئەمریکییەکان و هێزە کوردییەکانەوە کردووە و بە جی پی ئێس شوێنی چەکدارانی داعش و پلانی هێرشەکانی داعشیان بۆ ئاشکرا کردوون. هەر ئەوەش دواتر وایکرد داعش پەیوەندیی نێوان فەرماندەکانی یەکجار سنووردار بکات.

ئێران دەیزانی داعش هاوشێوەی قاعیدە پشتی

> فەرماندەی داعش زانیارییان بە پێشمەرگە و ئەمریکییەکان داوە

بە هۆزە عەرەبە سوننەکانی ناوەڕاستی عێراق قایمە کە لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق ناڕازین، بەڵام مەرج نییە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سەر بە بیرکردنەوەی تەکفیری بن. تاران دەیویست ئەو درزە بۆ لاوازکردنی ڕیزەکانی داعش بەکاربهێنێ، هەڵبەت بێ ئەوەی متمانەی تەواوی پێیان هەبێ.

بەڵام ئێران چاودێرییەکی وردی سیاسەتڤانە سوننەکانیشی کردووە، لەوانەش کۆبوونەوەکانیان کە لە هۆتێلەکانی شیراتۆن و ڕۆتانا لە هەولێر کراون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ماڵپەڕە ئەمریکییەکە، سیخوڕێکی ئێرانی کە بەشداری کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژەی لە هۆتێل شیراتۆن کردووە، ڕاپۆرتی بۆ تاران نووسیوە کە ئەندامێکی پێشووی حیزبی بەعس و نیشتەجێی واشنتن بە پەیامێکەوە هاتووەتە کۆبوونەوەکە: "ئەمریکا ئامادەیە لەگەڵ تەواوبوونی شەڕ، پشتگیری لە ئۆتۆنۆمیی سیاسیی ناوچە زۆرینە سوننەکانی عێراق بکات". ئێران بە نیگەرانییەوە لەو پەیامەی ڕوانیوە.

> هەندێک لە ئەمیرەکانی داعش پەیوەندیان بە پارتییەوە کردووە بۆ ئەوەی نەکەونە دەست شیعە

---

## بەناوی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە مۆڵەتێکی درێژخایەنی وەرگرتووە

# سکانداڵەکەی وەزیری بەرگریی عێراق لە میدیای سوێدیدا دەنگدەداتەوە

> کارمەندێکی فەرمانگەی باجی سوێد بۆ (ڕووداو)
>
> شممەری مووچەی نەخۆشی و بێکاری وەرگرتووە





وەزیری بەرگریی عێراق و پاسپۆرتە سوێدییەکەی

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

لە سوێد بەناوی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە مۆڵەتی وەرگرتووە، لە عێراقیش پۆستی یەکێک لە وەزارەتە هەستیار و سیادییەکانی وەرگرتووە کە وەزارەتی بەرگرییە. دۆسیەی "وەزیرە نەخۆشەکە" وەکو سکانداڵی سەدە لە سوێد تەقیوەتەوە و ڕۆژنامە بەنێوبانگەکانی ئەو وڵاتە هێشتا لەسەری دەنووسن.

نەجاح حەسەن عەلی، ناسراو بە نەجاح ئەلعادلی لە سوێد و نەجاح شممەری لە عێراق، بەپێی تۆمارەکانی لە فەرمانگەی باجی سوێد کە بە تایبەتی دەست (ڕووداو) کەوتووە، ڕۆژی 1967/1/20 لەدایکبووە. ساڵی 2009 چووەتە سوێد و لەوێ وەکو پەناخوازێکی سیاسی خۆی ناساندووە، لە ساڵی 2015 وڵاتینامەی سوێدی وەرگرتووە.

لەکاتی وەرگرتنی وڵاتینامە، دەتوانی داوا بکەی ناوی وڵاتی یەکەمت لەسەر پاسپۆرتەکەت هەبێت، بەڵام شممەری ئەوەی ڕەتکردووەتەوە. وەزیرەکە حەوت ساڵ لەگەڵ هاوژین و کوڕە گەنجەکەی لە شوقەیەکی سێ ژووری لە گەڕەکی ڤۆربی ناوچەی هودینگە لە باکووری ڕۆژئاوای شاری ستۆکهۆڵم نیشتەجێ بووە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە مێدیاکانی سوێد بڵاوکراونەتەوە، شممەری وەک "نەخۆش" مۆڵەتی درێژخایەنی هەبووە و بەوجۆرەش لە کارکردن بەخشراوە. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانەی پێشکەشی کردوون، ناوبراو بە پاساوی "نەخۆشیی درێژخایەنی لەبیرچوونەوە" کە بە نەخۆشییەکی عەقڵی دادەنرێ، بۆی نییە کار بکات. لەو حاڵەتەدا خەرجی خۆی و نەخۆشییەکەی و کرێی خانووەکەی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، هێشتا مۆڵەتەکەی تەواو نەبووە کە سوێدی جێهێشتووە و گەڕاوەتەوە عێراق، تەنانەت ئەو کاتەی بووەتە وەزیر، مانگانە 8400 کرۆنی سوێدی (850 دۆلار) چووەتە سەر هەژماری بانکەکەی. 550 دۆلاریش کرێی خانووی بۆ دراوە.

### ڕاپۆرتی پزیشکیی ساختە

لوئەی شممەری، ناوی خوازراوی یەکێک لەو پزیشکە سوێدیانەیە کە ڕاپۆرتی نەخۆشییەکەی بۆ کردووە، ئەگەری هەیە ئەویش دادگایی بکرێت. دکتۆرەکە وەڵامی پەیوەندییەکانی (ڕووداو)ی نەدایەوە، کارمەندێکی نۆڕینگەی شممەریش گوتی نەخۆشێک بەو ناوە لای ئێمە نییە.

بەڵام سەمەر، سکرتێری پێشووی ئەو پزیشکە عەرەبە دەڵێت: "چەندین جار نەجاح شممەری بینیوە هاتووەتە نۆڕینگەکە و ڕاپۆرتە پزیشکەکەی بۆ ئامادە کردووە. سەمەر کە ناوی خوازراوی سکرتێرەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "شممەری زۆر دەهاتە لای لوئەی، هاوڕێ بوون. دوای سەردانی ڕۆژانە و هەفتانەی پزیشک (وەک سەردان)، زۆربەی کات لە نێرگەلەخانەکەی مەیدانی شارهۆڵمن، کاتی بەسەر دەبرد. من شۆک بووم کە زانیم بووەتە وەزیر، هیچ نا وەزیری بەرگری!".

کارمەندێکی کوردی دامەزراوەی (باج) کە دامەزراوەی سەرەکی تۆماری هاووڵاتییانی سوێدە، بە (ڕووداو)ی گوت: "نەجاح سوێدییەکی باشی نەدەزانی. خوێندنی زمان و کاری تەواو نەکردووە کە پێویستە هەموو کۆچبەرێک بیکات، هیچ تۆمارێکی کاری نییە".

ئەو کارمەندەی باج کە لەبەر هەستاریی دۆسیەکە و لەبەر ئەوەش کە بۆی نییە زانیاری بدات نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "ماوەیەکی زۆر مووچەی بێکاری و نەخۆشی وەرگرتووە، جگە لەوەی کرێی بۆ دراوە. لەو ماوەیە زیاتر لە 80 هەزار دۆلاری لە حکومەتی سوێد وەرگرتووە. ئاگاداربووم لەوەی بە شێوەی ڕەش (نایاسایی) بەشێکی خانووەکەشی بە کرێ داوەتەوە".

هەر بەپێی زانیارییەکان شممەری چەندین دۆسیەی داواکاری هاوکاری و دەرماڵەی نەخۆشی و دڵنیایی (تامین)ی هەبووە کە زۆرینەی ڕەتکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی "نەخۆش" بووە، چەندین هاوکاری دیکەی وەرگرتووە کە هەمووی دەچنە خانەی هاوکاریی (سۆسیال)ـەوە و شمولی تەنیا کەسانی هەژار دەکات.

پارێزەرێکی شارەزا لە تاوانە ئابوورییەکان دەڵێت تەنیا بە کارە نایاساییە ئابوورییەکان و فێڵکردن، چەندین سزای قورسی ماڵی و کەسی چاوەڕێی شممەری دەکات.

هێژا مەنگوڕی بە (ڕووداو)ی گوت :"جگە لە سزا ئابوورییەکان بەهۆی فێڵ و ساختەکارییەوە، ئەو کەسە خاوەنی دۆسیەیەکی هەستیاریشە، ئەویش کارکردنە لەگەڵ دامەزراوەیەکی ئەمنی و سەربازی لە دەرەوەی سوێد".

بەپێی یاساکانی سوێد، هاووڵاتیی سوێدی دەکرێ وڵاتینامەی دیکەشی هەبێ، بەڵام کاتێک ئەو وڵاتە بەجێدێڵێت، دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە کە وەک سوێدییەک دەیەوێ لە دەرەوەی سوێد بژی. لە کاتی کارکردنیش لە دەرەوەی سوێد، دەبێ باج بداتە حکومەتی سوێد. لەو کاتانەی لە دەرەوە دەژی، یان کار دەکات، بۆی نییە لە هیچ دەرماڵە و هاوکارییەکی سوێد سوودمەند بێت. هەروەها کارکردن لە دامەزراوەی سەربازی و ئەمنیی دەرەکی قەدەغەیە.

هێژا دەڵێت: "هاوشێوەی ئەو سوێدیانەی هاوکاری و مامەڵەیان لەگەڵ داعش کردووە، یان تەنانەت دژی داعش شەڕیان کردووە، لێپێچینەوە و دادگایی چاوەڕێی شممەری دەکات".

ئەو دۆسیانەی کە دەکرێ بخرێنە پاڵ شممەری بریتین لە درۆ و هەڵخەڵەتاندنی کارمەند و دامەزراوەکانی دەوڵەت، تەزویر و ساختەکاری، بەهەدەردانی سامانی گشتی، جێهێشتنی وڵات لەکاتی مۆڵەتی نەخۆشی و وەرگرتنی هاوکاریی حکومی. کارکردن لە دەرەوەی وڵات بێ ئاگاداری و تۆمار، هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەی ئەمنی و سەربازیی دەرەکی....

### عێراقییەکان چی دەڵێن؟

هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراقی، ئەو کاتەی دۆسیەی شممەری بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری بەرگری پێشکەش کردووە، ئاماژەی بە ڕەگەزنامەی دووەمی شممەری نەداوە. لە کاتێکدا کەسانی خاوەن دوو ڕەگەزنامە بۆیان نییە پۆستی ئەمنی و سەربازی وەربگرن.

لەیس زیائەدین، چالاکڤانی عێراقیی نیشتەجێ سوێد دەڵێت، دەبێت لە عێراقیش هاوشێوەی سوێد بەدواداچوون بکرێت و سزا بدرێت. گوتیشی: "کەسانی لەم شێوەیە نەک پێشێلکاری بەرامبەر بە سوێد دەکەن، بگرە ئابڕووی ئێمەشیان وەک عێراقی و ڕۆژهەڵاتی و موسوڵمان و پەنابەر لەکەدار کردووە".

لەیس دەڵێت واز لەو دۆسیەیە ناهێنن تا شممەری ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەکەنەوە.

بەڵام سەفا ڕەعد کە عێراقییەکی دیکەی نیشتەجێی سوێدە، پێیوایە دەستێکی سیاسی لە پشت بابەتەکەیە و دەڵێت: "هەموو کۆچبەرێک بەهۆی ڕۆتینی سەختی ئەم وڵاتە ناچارە هەندێک شت بکات، بەڵام هی ئەم کەسە گەورە کرا".

گوتیشی: "خەڵکانێک کەیفیان بە سوننەکان و خودی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق نایەت، دەیانەوێ کەسایەتییە بەهێزەکانی لەکەدار بکەن. زانیاریم هەیە سەتان هەزار یۆرۆیان بۆ کەیسی لەم شێوەیە خەرج کردووە و بە پارە لە مێدیاکانی ئەورووپا بڵاوی دەکەنەوە".

### لە ساختەوە بۆ سزای توند

دۆسیەی شممەری یەکەم حاڵەت نییە لە سوێد ڕوویدابێ، بەڵکو پێشتریش دۆسیەی لەو شێوەیە هەبووە. لەوانە دادگایی سوێدییەکی بەڕەچەڵەک ڕواندایی و سزادانی بە بەندکردنی هەتاهەتایی بەهۆی ئەوەی دەستی لە کۆمەڵکوژی لە وڵاتی یەکەمیدا هەبووە. هەروەها دادگایی چەند کەسێکی دیکە بەهۆی شەڕ و تاوانکاری و سیخوڕی کە دوایینیان دەستگیرکردنی ئیرەج موسەدەقی بوو. موسەدەقی تۆمەتبارە بە کوشتنی دەیان گەنج لە ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

ئیگنیتا یۆهانسن، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ و ئەندام لە کەمپینی (دادگایی سوێدییەکانی تاوانبار بە تاوانەکانی جەنگ لە جیهان)، دەڵێت: "ڕۆژانی داهاتوو کار لەسەر دۆسیەی نەجاح دەکەین و زانیاری لەو بارەیەوە بڵاودەکەینەوە، بەتایبەت ئەگەر ڕۆڵی لە کوشتن، یان گرتندا هەبووبێت. ئەگەر تاوانەکانیشی تەنیا ساختەکاری و شتی دیکە بن، ئەوە کاری ئێمە نابێ، دەزگاکانی حکومەت کاری لەسەر دەکەن".

گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ...

# ڕێی تێدەچێت داعش لە داهاوودا هێرش بکاتە سەر گرتووخانەکان



گرتووخانەیەکی چەکدارانی داعش لە حەسەکە

(فۆتۆ: AFP)

بەشی دەیەم و کۆتایی

پشتگیریی ئەمریکا هەسەدەی تا ئێستا بە یەکگرتوویی هێشتووەتەوە

ئەمریکا دەبێ بە مەرج پشتگیریی هەسەدە بکات

ئەمریکا دەبێ فۆکەسی لەسەر زیادکردنی هێز و توانای عەرەبەکانی ناو هەسەدە بێت

دەستێوەردانی سنووردار بەس نییە بۆ بنبڕکردنی داعش

ڕووداو- هەولێر

**دوایین بەشی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ لەبارەی گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ مەیدانی شەڕ کە (ڕووداو) بە زنجیرە بڵاوی کردووە، هۆشداری دەداتە ئەمریکا و دەوڵێت ئەگەر ستراتیژێک بۆ کۆتاییهێنان بە داعش دانەنێ، ئەوە ئەگەری گەڕانەوەی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ بەهێزتر دەبێ. چەند پەلامارێکی داعش بە نموونە دەهێنێتەوە کە ڕێکخراوەکە وەکو تێست کردوونی بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند دەتوانێ ئەزموونی گرتنی مووسڵ دووبارە بکاتەوە و پارێزگاری لێ بکات.**

## شکاندنی گرتووخانەکان

لە کۆتایی 2018ـەوە داعش بەشێوەیەکی سنووردار دەستی بە شکاندنی گرتووخانەکان کردووە. ڕۆژی 29ی ئەیلوولی 2018 بەلانیکەمەوە 10 چەکداری داعش لە گرتووخانەیەکی ژێر چاودێریی ئۆپۆزیسیۆن لە ئەلباب لە باکووری سووریا ڕایانکرد. ڕۆژی 11ی کانوونی یەکەمیش، 21 دەستبەسەری داعش لە گرتووخانەی سووسێ لە هەرێمی کوردستان ڕایانکرد. ڕۆژی 12ی ئاداری 2019 و دوای هێرشێکی ئاسمانیی ڕووسیا، نزیکەی هەشت بەندکراو، لە نێویشیاندا ژمارەیەک چەکداری داعش، لە گرتووخانەیەکی ژێر چاودێریی هەیئەی تەحریری شام لە شاری ئیدلب ڕایانکرد. دواتر ژمارەیەک چەکداری دەستبەسەری داعش هەوڵیاندا بنکەیەکی دەستبەسەرکردن لە دێرک لە باکووری پارێزگای حەسەکە بشکێنن کە نزیکەی 400 چەکداری بیانیی داعشی تێدایە. بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی بەردەستن، ڕوون نییە ئایا ڕاکردن لە گرتووخانەکان بە هاوئاهەنگیی داعش کراون یان هەر کۆمەڵێک دەستپێشخەری کادیرە دەستبەسەرەکانی داعش بووە. ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارە ڕاکردووەکان دواتر دستگیرکرانەوە، بەڵام ڕێی تێدەچێت داعش لە چەند مانگی داهاتوودا هێرشی دیکە ڕێکبخات بۆ سەر گرتووخانەکان.

ئەگەری ئەوەش هەیە هێرش بکاتە سەر کەمپی ئاوارەکان بۆ ئەوەی خەڵکی هاوسۆزی خۆی لەو کەمپانە ڕزگار بکات کە بە کردەوە بوونەتە کەمپی دەستبەسەری. پێشتر لە ڕۆژی 11 و 12ی تشرینی یەکەمی 2018، هێرشێکی لەو چەشنەی کردە سەر کەمپێکی ئاوارەکان لە دۆڵی نێوەڕاستی ڕووباری فورات و 130 خێزانی ئازاد کرد. ڕەنگە داعش بیەوێ دانیشتووانی پێشتری خەلافەت وەربگرێتەوە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە هێرش بکاتە سەر کەمپەکانی دیکەی ئاوارەکان لە عێراق و سووریا.

## قۆناغی دووەمی دروێنەی سەرباز

سەرکەوتنی داعش لە بنیاتنانەوەی خۆی وەک هێزێکی هێرشکار گۆڕانکارییەکە هێندەی ڕاگەیاندنی خەلافەت گرنگە. لە ڕۆژی 29ی نیسانی 2019، بەغدادی بە بڵاوکردنەوەی دووەم پەیامی ڤیدیۆیی خۆیدا لەکاتی دامەزراندنی خەلافەتەوە، تیشکی خستە سەر ئەو گۆڕانکارییە. سەرکردەکەی داعش بە ئەنقەست لاسایی ڤیدیۆ بەنێوبانگەکەی ئەبو موسعەب زەرقاوی، ئەمیری ڕێکخراوی قاعیدەی عێراقی کردەوە، بەوەش جەختی لەسەر ڕۆڵی خۆی وەک فەرماندەی سەربازیی داعش کردەوە. بەغدادی وێنەی خۆی وەک سەرکردەیەکی ئایینی بەهێز کرد، لەکاتێکدا ڕیشەکەی بە خەنە سوور کردبوو کە وەک نەریت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام. گوتارەکەی بەغدادی بە شێوەیەکی سەرەکی فۆکەسی خستە سەر ئۆپەراسیۆنەکانی داعش لە دەرەوەی سووریا و عێراق، لەو ڕێگەیەشەوە دەیویست هەست و سۆزی چەکداران و لایەنگرانی داعش لە سەرتاسەری جیهان بجوڵێنێ.

ڤیدیۆکەی بەغدادی سەرەتای قۆناغێکی نوێی داعش بوو. ڕێکخراوەکەی بەغدادی لە مانگی ڕەمەزانی 2019دا، هەڵمەتێکی لەسەر ئاستی جیهان دەستپێکرد، بۆ نموونە هێرشێکی وێرانکەری لە ماوەی جەژنی هەڵسانەوە لە سریلانکا کرد، سێ ویلایەتی نوێی لە کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، هیندستان و پاکستان دامەزراند. لە ڤیدیۆکەی بەغدادیدا بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ویلایەتی داعش لە تورکیا کرا (کە دوور نییە پێشتریش هەبووبێت). فراوانبوونەوەی بەردەوامی داعش لە جیهاندا توانای ئەوە دەداتە ڕێکخراوەکە کە هەڵمەتی دەستوەشاندن لە عێراق و سووریا بەهێزتر بکات، لە ڕێگەی دابینکردنی پشتگیری دارایی و کەرەستە و هێزی جوڵە و دەنگدانەوەی جیهانییەوە.

لە حوزەیرانی 2019ـەوە، داعش هەڵمەتێکی توندتری هێرشی لە عێراق و سووریا دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی هەلومەرجی پێویست بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی داهاتووی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی زەوی بڕەخسێنێ. داعش لە ڕۆژی 31ی ئایار هەڵمەتی جیهانیی "شەڕی پەرتکردن"ی دەستپێکرد. ڕاگەیاندنی ئەو هەڵمەتە ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی نوێی ئۆپەراسیۆن و کۆتایی قۆناغی دروێنەی سەرباز (کە هەڵمەتێک بوو بۆ کۆکردنەوەی شەڕکەر). لە هەفتەی یەکەمی ڕاگەیاندنی "شەڕی پەرتکردن"دا، داعش بەرپرسیارێتی ژمارەیەک هێرشی لە سووریا، عێراق، ئەفغانستان، ئەفریقای ڕۆژئاوا، لیبیا، سۆماڵ، نێوەڕاستی ئەفریقا، پاکستان و نیمچە دوورگەی سینا گرتە ئەستۆ.

داعش لە داهاتووشدا هێرشی ئاڵۆز و فرەلایەنی دیکە لە چوارچێوەی ئەم قۆناغەدا دەکات. ڕۆژی 18ی نیسانی 2019، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ئەلنەبا) ڕێنمایی دایە هێزەکانی داعش کە هێزە دژبەرەکان لاواز بکەن، تاوەکو بتوانن زەوی کۆنترۆڵ بکەن. لە بەیاننامەکەی دەستەی نووسەراندا هاتبوو: "موجاهیدین لە عێراق، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەس و لایەن، بە یەک شەو دەستیان بەسەر ناوچەکاندا نەگرت و کۆنترۆڵی ناوچەکانیان نەکرد. هەروەها بەوشێوەیەش نەبوو کە بڵێی سوپای خەلافەتیان دامەزراند و یەکسەر چوونە بەرەکانی شەڕی دژی موشریکین. بەڵکو ئەوان بۆ چەندین ساڵ لە شەڕێکی تاقەتکوژی پەرتکردندا بەردەوامبوون. ئەگەر خوا بیەوێ، سەربازانی یەکەکانی شەڕی پارتیزانیی خەلافەت

هەڵمەتی داهاتووی داعش دەکرێ وێرانکارتر بێ لە هەڵمەتەکەی 2014

ئەگەری هەیە داعش هێرش بکاتە سەر کەمپی ئاوارەکان

لە وڵاتە جیاجیاکان دەتوانن جارێکی دیکە وانەی "گرتنی مووسڵ" دووبارە بکەنەوە و (تۆوی) ئەو ئەزموونە پیرۆزە لە هەموو خاکێکدا بچێنن".

بڵاوکراوەکانی دیکەی داعش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەوانەیە دووبارە بیر لە کۆنترۆڵکردنی خاک بکەنەوە، تاوەکو توانا سەربازییە نوێیەکەی لە عێراق و سووریا تاقیبکاتەوە و هێزەکانی دژی ناچار بکات لەسەر ئاستێکی بەرینتر بڵاوە بە هێزەکانیان بکەن. لە نیسان تاوەکو ئایاری 2019، ڕۆژنامەکەی داعش زنجیرەیەکی چوار بەشی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی "کەوتنی کاتیی شارەکان وەک میتۆدی کارکردنی موجاهیدین". لەو زنجیرە بابەتەدا، ڕێنمایی تایبەت بە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کاتیی شارە بچووکەکان خراوەتەڕوو کە ئامانج لێیان سەلماندنی توانا، پەرتکردنی هێزە ڕکابەرەکان، بەدەستهێنانی سەرچاوە و دروستکردنی هێزی جوڵە مەیدانییەکانی شەڕە. ئەلنەبا نموونەی هێرشێکی داعش لە ناوچەیەکی گوندنشینی لیبیا لە نیسانی 2018 دەهێنێتەوە کە تێیدا داعش بۆ چەندین کاژێر شارۆچکەیەکی گرت و دواتر هێزەکانی لێ کشاندەوە.

فۆکەسی داعش لەسەر شەڕی پەرتکردن نەک هەر نیشانەی لاوازیی ئەو ڕێکخراوە نییە، بەڵکو نیشانەیەکی مەترسیدارە بۆ ئاڵۆزی و فرەلایەنبوونی هەڵمەتی ڕێکخراوەکە. پێدەچێ داعش لە حوزەیرانی 2019ەوە توانای گرتنی شارێکی گەورەی لە سووریا و عێراق هەبێت، بەڵام بڕیاری داوە هەوڵی ڕەخساندنی هەلومەرجە سیاسی و ئەمنییەکانی گرتن و ڕاگرتنی ناوچەیەکی گەورەتر بدات کە شیانی ئەوەی تێدابێ بۆ ماوەیەکی زیاتر لەژێر دەستی خۆیدا بیهێڵێتەوە.

دوور نییە لە عێراق و سووریا یەکەمجار ئەو تەکتیکە دژی ئەو هێزانە بەکاربێنێ کە هاوبەشی ئەمریکا نین، لەوانەش حەشدی شەعبی، ڕژێمی ئەسەد و قاعیدە. دەشێ لەو هەڵمەتەدا سوود لە هێرشی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان وەربگرێت بۆ شێواندنی ئاسایشی ئەو شارانە کە دەیەوێ بۆ ماوەیەکی کاتی لە داهاتوودا بیانگرێ، یان بۆ ئەوەی کەلێنی ئەمنیی هێزە دژبەرەکانی بقۆزێتەوە بۆ ناردنەوەی هێز بۆ شارەکان. لە ڕۆژی 30ی ئایاری 2019، شەش بۆمبی چێنراوی لە کەرکووک تەقاندەوە. ئەم گۆڕانکارییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە دەتوانێ یەکەم هێرشی لەو جۆرە بۆ سەر کەرکووک بکات.

لە عێراق، داعش درێژە بە فراوانکردنی هەوڵەکانی بۆ وەرگرتنی سەرانە و کۆنترۆڵکردنی گوندەکان دەدات. دەشێت لە داهاتوودا دەستبکات بە ئازادکردنی چەکداران و هاوسۆزانی لە گرتووخانەکان و کەمپی ئاوارەکان و دووریش نییە هەڵمەتەکەی لە پارێزگای ئەنبار بەهێزتر بێت، لەکاتێکدا ئەو ڕێکخراوە هەر ئێستا سەرچاوەکانی خۆراگری و بەرگریی ناوچەکەی بنبڕ کردووە. لە ڕۆژی 2ی حوزەیرانی 2019، لە عێراق ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هێرشێکی شەوی 12ی تشرینی دووەمی 2018 نیشاندەدرێت، لەو هێرشەدا نۆ سەرکردەی میلیشیای هۆزەکانی باکووری ڕۆژئاوای فەللوجە دەکرێنە ئامانج. لە نیسانی 2017ـەوە، ئەوە یەکەمجار بوو ڤیدیۆیەک لە فەللوجەوە بڵاوبکاتەوە.

لە سووریاش، درێژە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هەڵمەتەکەی لە دژی هەسەدە دەدات، بۆ ئەوەی ناکۆکی لەنێوان کورد و عەرەبەکانی باکووری سووریا دروستبکات. ئەگەر داعش لەو هەوڵەیدا سەرکەوێت، ئەوا جارێکی دیکە چانسی ئەوەی لەبەردەست دەبێ لە دۆڵی ڕووباری فورات ناوچە کۆنترۆڵ بکات. دوور نییە داعش درێژە بە هێرشەکانی بدات بۆ قووڵایی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە لە باکووری سووریا و هەوڵی ئەوە بدات کە ئەوەندە زیان بە هێزەکانی یەپەگە بگەیێنێ، ئەو هێزە ناچار بکات لە نێوەڕاستی دۆڵی ڕووباری فورات لە پارێزگای دێرەزوور بکشێتەوە.

داعش لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هێرشەکانی بۆ سەر ڕژێمی ئەسەد لە سووریا. لە داهاتوودا هێرشی ئاڵۆز و فرەلایەن لە نێوەڕاستی سووریا دەکات، بۆ ئەوەی کێشە بۆ هێڵی گواستنەوەی نێو بیابانی ناوەندی سووریا دروستبکات و ئازادییەکی زیاتری مانۆڕی هەبێت لە ڕۆژئاوای سووریا. دەشێ داعش دەست بە هێرشە ئاڵۆز و فرەلایەنەکانی بکات دژی هێزەکانی لایەنگری ڕژێمی ئەسەد لە دۆڵی ڕووباری فورات، بۆ ئەوەی هەلومەرج بۆ گرتنی ناوچە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بڕەخسێ.

داعش جموجوڵەکانی لە دیوی ڕۆژئاوای سووریاش زیاتر کردووە. لە ڕۆژی چواری حوزەیرانی 2019، بەرپرسیارێتی هێرشێکی بۆ سەر هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە پارێزگای درعا لەئەستۆ گرت. لەکاتی کشانەوەی لە ناوچەکانی نزیک بەرزاییەکانی جۆلان لە تشرینی دووەمی 2018ەوە، ئەوە یەکەمجار بوو بەرپرسیارێتی هێرشێک لە پارێزگای درعا بگرێتە ئەستۆ. دوور

ئەمریکا دەبێ ستراتیژێکی درێژخایەن بۆ تێشکاندنی داعش دابنێ

داعشی ئێستا بەهێزترە لە قاعیدەی عێراقی پاش دروستکردنی سەحوە

نییە لە چەند مانگی داهاوودا هێرشی دیکە بکات بۆ ئەوەی ناسەقامگیریی نوێ لە باشووری سووریا دروستبکات و بیقۆزێتەوە.

## ئەنجام

ئەمریکا خەریکە جارێکی دیکە ئەو هەڵەیە دووبارە بکاتەوە و لە ساتەوەختێکی گرنگدا ئەولەویەت لە دوژمن بستێنێتەوە، لەکاتێکدا دەستکەوتەکان لە لاوازترین ئاستی خۆیاندان، هەر ئەو هەڵەیەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی داعش بتوانێ لە 2012 بۆ 2014 سەرهەڵبدات. داعشی ئێستا لە ڕێکخراوی قاعیدەی عێراقی پاش دروستکردنی سەحوە بەهێزترە. هەڵمەتی داعش لە عێراق و سووریا بۆ سەر کۆمەڵگە بە ڕواڵەت ڕزگارکراوەکان ئەوەی سەلماندووە کە ئەوان پارێزراو نین، ئەوەش دۆخی ترس و بێ متمانەیی درێژ دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی دامەزراندنی ستروکتوری ئەمنی و سیاسی درێژخایەن و مەشرووع لە سەرتاسەری عێراق و سووریا کارێکی سەخت بێ. هەڵمەتی داهاتووی داعش دەکرێ خێراتر و تەنانەت وێرانکارتر بێ لە هەڵمەتەکەی 2014 .

دەستێوەردانێکی سنووردارى دیکە بەس نییە بۆ بنبڕکردنی داعش، بەڵکو ئەمریکا دەبێ ستراتیژێکی درێژخایەن بۆ تێکشکاندنی داعش دابنێت و هەلومەرجەکانی ڕووخانی دەوڵەت بنبڕ بکات، چونکە ئەو دۆخە وادەکات داعش بتوانێ لە عێراق و سووریا لەدایک ببێتەوە. لە مانگی شوباتی 2019 فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا CENTCOM هۆشداری دا کە ئەگەر "حکومەتە ناوەندی و خۆجێییەکان چارەسەری گونجاو بۆ نەهامەتیی کۆمەڵایەتی - ئابووری، سیاسی و تایفی"ی عەرەبی سوننە نەدۆزنەوە، ئەوە دوور نییە داعش هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێ لە داهاتوودا بێتەوە مەیدان. ئەمریکا دەبێ دان بەوەدا بنێ کە هاوبەشە خۆجێییەکانی ناتوانن بەبێ هاوکاری دەرەکی ئەو نەهامەتییانە چارەسەر بکەن، لەکاتێکدا لایەنەکانی دیکەی وەک ئەسەد و ڕووسیا و ئێران نەهامەتییەکان سەختتر دەکەن.

ئەمریکا دەبێ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا ڕابگرێت کە دۆناڵد ترەمپ لە مانگی کانوونی یەکەمی 2018 ڕایگەیاند. لە مانگی شوباتی 2019، ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش مەزندەی ئەوەی کرد کە بەبێ پشتیوانی هێزی ئاسمانی، هەسەدە "ناتوانێ هیچ ئۆپەراسیۆنێکی بەرچاوی هێرشکردن ئەنجامبدات"، لەکاتێکدا ڕەنگە ئەنجوومەنی عەرەبیی سووریاش نەتوانێ ئەو کارە بکات ئەگەر هێزەکانی یەپەگەی لەگەڵ نەبێت. تا ئێستا پشتگیرییەکانی ئەمریکا، هەسەدەی بە یەکگرتوویی هێشتووەتەوە، لەکاتێکدا دەکرێ بەهۆی گوشارە جۆراجۆرەکانی داعش و تورکیا و کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە پارچەپارچە ببێت. ئەگەر ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بکشێتەوە، دەکرێ بگوترێت گەڕانەوەی داعش دەبێتە حەتمی.

تورکیا دژی زیادکردنی پشتگیریی ئەمریکایە بۆ هێزەکانی هەسەدە. بۆیە ئەمریکا دەبێ فۆکەسی هەوڵەکانی لەسەر زیادکردنی هێز و توانای عەرەبەکانی ناو هەسەدە بێت کە هێندەی هێزە کوردییەکان هەڕەشە نین بۆ سەر تورکیا. هاوکاری و پشتگیریی ئەو گرووپە عەرەبانە وادەکات ئەمریکا باشتر بتوانێ بەرەنگاری داعش ببێتەوە، لەکاتێکدا ناوچە عەرەبییەکان ئەو ناوچانەن کە داعش زۆرترین هێزی تێیاندا هەیە. ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وابەستەیی عەرەبەکانی هەسەدە بە لایەنی کوردی کە تورکیا دژایەتییان دەکات. ئەمریکا دەبێ هاوکاری و پشتگیریی خۆی بۆ هەسەدە مەرجدار بکات بەوەی کە چاکسازی لە هەڵسوکەوتی خۆیدا بکات، بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکرێت کە ئەو هێزانە نوێنەرایەتی عەرەب و کورد دەکەن، لەو هەوڵەشدا نابێ بایەخ بەوە بدرێت ئاخۆ ئەو گرووپانە لایەنگری لە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی هەسەدە دەکەن یان نا. ئەم هەنگاوانە بە تەنیا بەس نین بۆ هێورکردنەوەی تورکیا، بەڵام هەر ئەو هەنگاوانە ئەگەری ئەوە کەمدەکەنەوە کە هەوڵە بەردەوامەکانی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی درێژماوە بۆ کێشەی داعش لە عێراق و سووریا ململانێیەکان زیاتر بکات و مەترسی شەڕ و پێکدادان بێنێتە ئاراوە.

ئەمریکا دەبێ زۆر بە توندی دۆخی وێرانکاریی مرۆیی لە سەرتاسەری عێراق و سووریا بخاتە سەرەوەی لیستی کارەکانیەوە. لە چوارچێوەی ئەم هەوڵەدا دەبێ کار لەگەڵ هاوبەشە خۆجێییەکاندا بکرێ بۆ ئەوەی دۆخی سەختی ژیانی کەمپی ئاوارەکان لە هەردوو وڵات چارەسەر بکرێ. لەلایەکی دیکەوە دەبێ گوشاری دیپلۆماسی بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە هێزە ئەمنییەکان لەسەر پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان. هاریکارییە داراییەکان بۆ بنیاتنانەوەی شارە وێرانکراوەکان زیاتر بکرێن، هاریکاری زیاتری ئەو ڕێکخراوانە بکرێت کە کەرەستەی بنەڕەتیی ژیان پێشکەشی دانیشتووە تۆقیوەکان دەکەن. هاوبەش و هاوپەیمانانی ئەمریکا دەبێ لەو هەوڵەدا بەشداربن، بەڵام ئەمریکا دەبێ ئەوە بزانێ کە تاکە وڵاتە لەڕووی توانا و ویژدانییەوە بتوانێ سەرکردایەتی ئەو هەڵمەتە بکات لە عێراق و سووریا.

پاش دوایین دەرکەوتنی بەغدادی داعش سێ ویلایەتی نوێی دامەزراند

## عەزیز محەممەد، لە هەڤپەیڤینێکدا بەر لە کۆچی دوایی:

# سوێد مافی پەنابەری سیاسی نەدامێ



عەزیز محەممەد، کەسایەتی دیاری سیاسیی عێراق و کوردستان و سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعی عێراق، لەم بەشەی ئەم هەڤپەیڤینە درێژەی کە هاوکارمان سیروان ڕەحیم لە ساڵی 2000 لەگەڵی کردووە، باسی سەردەمی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی دەکات کە ئەو چەندینجار وەکو نێوبژیوانێک کەوتە نێوانیان. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە چۆن سوێد مافی پەنابەریی بە خێزانەکەی داوە، کەچی بەوی نەداوە.

هەڤپەیڤین: سیروان ڕەحیم
ڕووداو- ستۆکهۆڵم

### بەشی چوارەم

**ڕووداو: لە ژیانی سیاسیتدا چەند ساڵ لە چیا بوونە و سەرکردایەتی حیزبی شیوعیتان کردووە؟**

**عەزیـــز محەممەد:** مادام پێشـمەرگەمان لە چیا بووبێ، ئێمەش لە چیا بووین. من ئەگەر لە وڵات بووبم هاتوچۆم کردووە. تەنانەت لەو ماوەیەی کە لە بەغداش بووم سەری ئەوێمان دەدا. کاتێک لە بەغدا بووم وتووێژیشمان هەبوو لەگەڵ بەغدا و پێشمەرگەشمان هەبوو. لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول چەندینجار چوومەتە کوردستان و ماومەتەوە، ئەوسا زۆربەی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی هەر لە کوردستان بوون، چونکە قاعیدەمان هەبوو.

**ڕووداو: ئەی چەند ساڵ لە دەرەوەی وڵات بوون؟**

**عەزیـــز محەممەد:** ئەویش نازانم، من لە سەرەتای نیسانی 1978 چوومە دەرەوە بۆ کۆنگرەی حیزبی شیوعی یۆنانی، لەوێ هەواڵی ئەوەیان پێدام لەلایەن حیزبەوە کە لەسێدارەدان دەستپێکردووە، باشترە نەگەڕێمەوە. تاوەکو ئەو ڕۆژەی ئێمە چووینەوە کوردستان هەر لە دەرەوە بووم. ئەوسا کە دەچووینە کوردستانیش زۆربەی جاران لە ڕێی ئێرانەوە دەچووینەوە کوردستان، ڕێگاکە ئاسانتر بوو، لە شامەوە دەچووینە تاران و لەوێشەوە بە پاس دەچووینە ورمێ و لەوێشەوە دەڕۆیشتینە کوردستان.

**ڕووداو: ئەی چەند ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت بوون؟**

**عەزیـــز محەممەد:** زۆرجار چووم، بەڵام ماوەی چەند لەوێ بووم ئەوە زۆر زەحمەتە دەستنیشان بکرێت، جاری وا هەبووە بۆ ئەرکێکی دیاریکراو چووم و چەند ڕۆژێک ماومەتەوە، جاری وا هەبووە بۆ ماوەی مانگێک لەوێ بووم، جاری واش هەبووە زیاتر لە مانگێک لەوێ ماومەتەوە.

**ڕووداو: ئێوە یەکێکن لەو کەسانەی کە خەڵاتی (لینین)تان وەرگرتووە، ئەو خەڵاتە چییە؟ دەکرێت باسی وەرگرتن و بەدەستخستنی ئەو خەڵاتەمان بۆ بکەی؟**

**عەزیـــز محەممەد:** من لە کێ بزانم چۆن ئەو خەڵاتەیان بە من دا، خۆ پرسیان بە من نەکردووە.

**ڕووداو: ئەو خەڵاتە بۆ کێیە؟**

**عەزیـــز محەممەد:** ئەوان بە خەملاندنی خۆیان ئەو خەڵاتە بۆ یەکێک دەستنیشان دەکەن. من لە تەمەنی 50 ساڵیدا خەڵاتی (الاخداقە بین الشعوب)یان پێدام، ئەویش خەڵاتێکی بەناوبانگە. لە ساڵی 1960 خەڵاتی لینینیان پێدام. هەر لەو ساڵە خەڵاتی (جۆرجی دیمیترۆڤ)یان پێبەخشیم لە بولگاریا، بەخشینی ئەو خەڵاتانە بەمن هیچ ڕۆژێک لەو ڕوانگەیەوە سەیرم نەکردووە کە ئەو خەڵاتانە بۆ خودی منە، بەڵکو هەمیشە بۆ حیزب و چالاکییەکانی ئەو حیزبە بووە. لە جیهانی عەرەبیدا ڕەنگە من و خالید بەگداش ئەو خەڵاتەمان وەرگرتبێت. خالید بەگداش جار جارە دەیگوت من لە 1970 ئەو خەڵاتەم وەرگرت تۆ لە 1960 وەرتگرت.

> ئەوەی لە کوردستان ڕوویدا شەڕی براکوژی نەبوو، شەڕی خۆکوژی بوو

**ڕووداو: ئەوکاتەی دەچوون بۆ سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی، کە لەگەڵ سەرکردە و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە کۆدەبوونەوە باسی پرسی کورد و کوردستان دەکرا؟**

**عەزیـــز محەممەد:** باس دەکرا، چۆن باس نەدەکرا. تەنانەت لە هەندێک بۆنەدا کە گوتارم پێشکەش دەکرد، بەشێوەیەکی ئاشکرا بەناوی گەلی کوردەوە پێشکەشم دەکرد، لە ئەرمینیا کوردەکانی ئەرمینیا و لایەنی دیکە دەیانگوت خۆشحاڵین کە باسی کوردت کردووە، بەڵێ باسی دۆزی کورد دەکرا، چونکە دۆزی کورد بووە بەشێک لە بزووتنەوەی گشتیی عێراق، ئەگەر هەر لە بەر هیچ نەبێت لەبەر ئەوە دەبوو باسی بکەین.

**ڕووداو: یەکێک لە گرێ کوێرەکانی کێشەی کورد، شەڕی براکوژی بوو، دیارە شەڕی براکوژی ئێوەشی گرتەوە. دیارترینیشیان لە مێژووی نوێدا شەڕی یەکێتی و حیزبی شیوعی بوو. ئەو شەڕە بۆچی کرا؟**

**عەزیر محەممەد:** لەڕاستیدا ئەو شەڕەی کە لەنێوان ئێمە و یەکێتی ڕوویدا لە کاتی خۆی لە پشتئاشان، یان ئەو شەڕەی لەنێوان پارتی و یەکێتی، لەنێوان پارتی و پەکەکە، لە نێوان پەکەکە و یەکێتی، بە بڕوای من ئەمە کارەساتێکی میللەتی کوردە، ناویشی لێنانێم برا کوژی، بەڵکو ناوی دەنێم خۆکوژی.

من لەگەڵ کاک مەسعود و مام جەلالیش ئەوەم گوتووە، کە هەر چییەک هەبێت دەبێت شەڕ نەبێت. من لەکاتی خۆیدا گوتوومە تاوانێکی زۆر گەورەیە ئەو کوردستانەی لەبەردەستی ئێمەیە دابەشی بکەین، بەڵام لەو تاوانەش گەورەتر شەڕە. بە بۆچوونی من ئەو خوێنە لە لاشەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانی دەڕوا، هێز و توانای ئێمەیە لەبەرمان دەڕوات، لەبری ئەوەی شەڕی دوژمنانی میللەتی کورد بکەین. دژایەتی خۆمان دەکەین... تاد.

دوژمنانی ئێمە دەیانەوێت لە دۆخێکی ئەوتۆدا بین خەڵکەکە بڵێ هەزار ڕەحمەت لە کفندز. واتە ئەوەی دوێنێ و پێرێ سەدامی لا ناشرین بوو، بڵێ بەڵکو خوا بکات بگەڕێتەوە. ئەمە مانای وایە ئەگەر خەڵک ئەو قسەیەی کرد، کەواتە جەنگەکەمان دۆڕاندووە.

> هێندە دوور بووم لە خێزانەکەم، کچێکم منی نەدەناسی و دەیگوت نابێ ئەو پیاوە بێتە ماڵمان

ئێمە دژی شەڕی نێون پارتی و یەکێتی و پەکەکە، پەکەکە و یەکێتی، پەکەکە و پارتی بووین. دەبێت ئەو پرسانە بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، دابنیشین و دوو قسەی گونجاو بکەین، بۆ نەتوانین دوو قسە لەگەڵ یەکدی بکەین، ئیلا و بیلا دەبێت دەمانچە لەیەک هەڵکێشین؟

شتێکم خوێندەوە دەڵێ میری بابان دوو برا بوون، چەندینجار سلێمانییان ئەودەست و ئەودەست کردووە، یەکێکیان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ئێران، ئەوەی دیکە بە هاوکاری لەگەڵ والیی تورک لە بەغدا. گەلۆ ئەو کارەساتەمان بە میرات بۆ ماوەتەوە؟ ناکرێت بە جۆرێکی دیکە دیالۆگ لەگەڵ یەکدی بکەین؟ من لەگەڵ جەنابت قسان بکەم هەرچەندی ڕەخنەشت لێ بگرم، بەڵام سبەی کە هاتم لەگەڵت دانیشم شەرم لەخۆم نەکەم کە قسەی وام بەتۆ گوتووە. من پێت بڵێم خیانەتکار و واو وا... ئێ بەیانی بێم لەگەڵت دابنیشم چۆن تەماشای چاوت بکەم؟

پاشان شتێکی دیکە هەیە، ئەگەر من تۆ بە دوژمنی سەرەکی خۆم دابنێم، تۆش من بە دوژمنی سەرەکی خۆت دابنێی، هەرگیز دەست بۆ دوژمنی ڕاستەقینەت نابەی، من و تۆش لە خۆمان حەرام ناکەین دەست بۆ دوژمنی ڕاستەقینەی کورد درێژ بکەین تاوەکو یارمەتی من بدات دژی تۆ یان یارمەتی تۆ بدات دژی من.

ئێران یارمەتی من نادات کە کوردم، ئەگەر یارمەتی من دەدات، دەبێت یارمەتی ئەو کوردە بدات کە لە دیوی ئێرانە، ئەوسا دەڵێم تۆ ڕاست دەکەی. هەروەها تورکیا لەکاتێکدا دان بە بوونی کورددا نانێ، بێت و یارمەتی من بدات! نەخێر ئەو شەڕە سوودی کەسی تێدا نییە. جارێکیان لەگەڵ برادەرانی پەکەکەش دانیشتم، گوتم بابە ئەو شەڕەتان لەچییە؟ ئەوسا ڕێککەوتن کرابوو، خەڵکیان دەگواستەوە بۆ ناوچەی زەڵێ و ئەو شوێنانە، گوتم نەدەکرا ئەو ڕێککەوتنە بکەن پێش ئەوەی شەڕ بکەن؟ گوتیان با.

**ڕووداو: تۆ زۆر لەگەڵ ئەو دوو لایەنە دانیشتووی و هاتوچۆت لە نێوانیاندا کردووە، ئومێدت هەیە پێکبێن؟**

**عەزیـــر محەممەد:** مەسەلەیەک هەیە زۆرجار دەڵێم "پیاو کردە پەشیمان بێت، نەکردە پەشیمان نەبێت". واتە تۆ ئەگەر کارێک بکەی کە تێیدا سەرکەوتوو نەبی، دەڵێی کردم و سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام کە نەیکەی دیار نییە کە تێیدا سەرکەوتوو نەدەبووی ئەگەر بتکردبایە. دووەمینیان ڕەنگە هەندێک زەرف و زەمان هەڵکەوێت ڕەگەزی گوشاربێت لەسەر ئەو لایەن یان ئەو لایەن، دەبێت ئێمە دەست لە هیوا بەرنەدەین، وای بۆدەچم ئێمە لەو بابەتە کەمتەرخەمیمان هەیە، بۆ نموونە زۆرجار تەسەور دەکەی باشە ئەو هەموو شەڕە دوورودرێژەی نێوان پەکەکە و پارتی بۆ؟ ئیمکانیەت هەیە هاوکاری بکرێت، برادەرانی پارتی و پەکەکە یارمەتی یەکدییان دەدا و ڕێککەوتنیان لەنێواندا هەبوو، بۆ دەبێت سەربکێشێت بۆ ئەو مەدایە؟ هەر لەبەر ئەوەی چونکە قاعیدەیەک پەیدابوو لە کوردستانی باشوور! لە کوردستانی باشوور ئەگەر قاعیدەیەک پەیدابووبێت ئەگەر دەستکەوتێک بێت ئەوە دەستکەوتێکی لۆکاڵی نییە، بەڵکو دەستکەوتێکی نەتەوایەتییە.

گەلێکجار دەڵێم کوردستان یەک کوردستانە، شک و گومانم لەوەدا نییە، بەڵام بەهۆی ئەو دابەشکردنەی کە دەمێکە کراوە، کوردی ڕۆژهەڵات خانەخوێی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، کوردی باشوور خانەخوێی کوردستانی باشوورە، کوردی باکوور خانەخوێی کوردستانی باکوورە. ئێمە براین بەڵام ئەمە ماڵی منە و ئەوەش ماڵی تۆیە.. دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامە، چونکە ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەین، زۆر شت چارەسەر دەبێت.

تەعبیرێکی دەوروبەری هەولێر هەیە دەڵێ: "دەبێت بزانی کوێ نیسکان دێنێ". ڕەنگە تەرکیز لەسەر ئەو شوێنە (هەرێمی کوردستان) بکەین، تاوەکو شتێکی لەسەر شین بێت و ببێتە قاعیدەیەک بۆ هەموو دۆزەکە، بە بۆچوونی من ئەو پرسانە حیسابێکی زۆر جددیی دەوێت، هەر چۆنێک بێت نەیگەیێنینە شەڕ. ئەمە بەنسبەت دۆخەکە لە کوردستان.

ئێستا دابەشکردنێک ڕوویداوە، هەر هیچ نەبێ هەماهەنگی بکەن، هەماهەنگی لەبواری پەروەردە، دەرەوە، تەندروستی، بازرگانی و بوارەکانی دیکە. کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش هەیە ئەوانە بکەن و دەستەی بۆ پێکبهێنن، کێ دەڵێ ئەوە لە ئامانجەکانمان نزیک ناکاتەوە. "یان هەموو شتێک یان هیچ" بۆ دەبێت؟ سیاسەت وانییە، یان هەموویم بدەرێ یان هیچیم ناوێ.

تەعبیرێکی کوردی هەیە دەڵێ "ئەگەر دز و ماخۆ یەک بن، گا لە کولانکە دەبەنە دەر". من ناڵێم کامە دزن و کامە ماخۆ، هەردووکیان ماخۆن، بەڵام کامەیان خاوەنی ئەو بەشەی کوردستانە و کامەی خاوەنی بەشەکەی دیکەی کوردستانە؟ ئێمە ئەگەر هاوکاری لەگەڵ یەکدی بکەین و زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە گا لە کولانکەی دەبەینە دەر. ئێستا ئەو هێزەی کە هەمانە، بەشی زۆری بۆ ناوخۆ ئامادەکراوە. گەلێک جار هەیە قسە دەکرێت، دەڵێن ئەمریکا وا و فڵان وا، من دەڵێم کاکە دوو قسە لەسەر خۆمان بکەین، ئێمە چیمان کردووە؟ چی دەبوو بیکەین و نەمانکردووە؟ چی دەبوو نەیکەین و کردوومانە؟ بەڵام ها ئەوە ئەمریکا تەگەرەیە، ها ئەوە تورکیا تەگەرەیە، با دەستنیشانی بکەین بزانین دەردەکە، کۆسپەکە لەکوێیە چارەسەری بکەین.. ئەمریکا بانگمان دەکات دەڵێ تەفاهوم بکەن، ئەی کەواتە بۆ باسی دەرەوە بکەین؟ کاک عەبدوڵڵا (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بۆ دەبێت بچێت لە کینیا بگیرێت؟ ئێمە ئەگەر زەلامێکمان پێ نەشاردرێتەوە، چۆن شتی وا ناکرێت؟ ئەو هەموو هەرایە لە کوردستان کرا و پێشمەرگەری تێدا بوو سەرکردایەتیشی تێدابوو. دەبێت لەخۆمان بپرسین خەلەلەکە لە کوێیە؟ من بە جددی پێت دەڵێم جەرگم دێشێ.. ئێستاش بەناوی مەسئولیەت و ئەو شتانە قسە ناکەم.

> مەعقول نییە کوردستان جێی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی تێدا نەبێتەوە و لە کینیا دەستگیر بکرێ

لەگەڵ مام جەلال دانیشتووم، هەزار جار تەئکیدی کردووەتەوە کە شەڕی پەکەکە ناکەین، ئێستا تەماشا دەکەم لە قەرەداخ برادەرانی پەکەکە لەوێ، یەکێتی چیت دەوێ لەوان؟ شاندێک بنێرن بڵێن بوونتان لێرە کێشەی ئەوە و ئەوەمان بۆ دروست دەکات، ئێوە دۆستی ئێمەن و برای ئێمەن، ئەو خاکەش خاکی ئێوەیە، بەڵام ئەو دابەشکردنەش هەیە، ئێستا ئێوە دەتوانن بچنە فڵانە شوێن هەتا پێشمان بکرێت یارمەتیتان دەدەین، بەڵام بوونتان لێرە کێشەیەکی گەورە بۆ ئێمە دروست دەکات.

وا دانێ یەکێتی نایەوێت ڕاستەوخۆ لەبەر تورکیا گفتوگۆیان لەگەڵ بکات با بێن بڵێن قادر، بەکر، فڵان ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەین، بەڵام ئێوە ناوی ئێمە مەهێنن بڕۆن دانوستاندنیان لەگەڵ بکەن. جا مەبەست لە دز و ماخۆیەکە ئەوەیە.

بەهۆی ئەو شەڕەوە، خزمەتی سەدامیان کردووە لەو چەند ساڵەدا، ڕەنگە بە ملیۆنانی خەرج بکردایە ئەو خزمەتەی بۆ نەکرێت. ئێستا خەڵکێک هەیە بە ئاشکرا لە مەجلیسێک ڕەنگە بڵێت خۆ زەمانی سەدام وانەدەکرا، ئەی کەواتە ئێمە چیمان کرد؟ پاشان ئێمە خۆمان سووتەمەنی سیاسەتی سەدامین، چۆن دەبێت هەمان شت دووبارە بکەینەوە؟

زیاتر لە 100 تاوەکو 200 ئەندامی دیموکرات لە دیوی ئێمە کوژراون کە ناوی سیانییان بە لیست بڵاوکراوەتەوە، ڕەنگە یەک ئێرانی ئەوانەی نەکوشتبێت. بەس منیان کەسب کردووە بۆ ئەوەی ئەوان بکوژم، بەڵام ئەوە جەنگی ئەوانە جەنگی من نییە، من بۆ خەباتکارێکی ئێرانی بکوژم؟ تاکەی دەبێت ئێمە وابین؟ تەسەور ناکەم عەقڵێکی سەلیم بێت، ڕەنگە جار جارە عەقڵ لە ئیجازە بێت، ئیجازەیەکی دوور و درێژیش.. بە نیسبەت ئەو شەڕە هیچ ئەولاو ئەولای ناوێت بۆ ئیدانەکردنی، نابێت شەڕ ببێت، چۆن دەبێت کورد کورد بکوژێت؟ بۆچی بیکوژێت؟

**ڕووداو: حەزدەکەم دوور لەو بابەتانە دەربارەی دۆخی ئێوە، دۆخی پەنابەری بدوێین.. ئایا ڕاستە وڵاتی سوید مافی پەنابەری سیاسی بە ئێوە نەداوە؟**

**عەزیـــر محەممـەد:** بێگومان، هەر ئەوە بۆ ماوەی درێژ هەر یەکدیمان نەبینیوە. سێ منداڵم هەیە یەکێکیان لە لەندەنە، کچێکی دیکەم لە بەرلینە، کوڕەکەشم لە هۆڵەندایە، گوتم ئەگەر ئەوە مۆرکێکی سیاسی بدەنێ یارمەتی ئەوەم دەدا بتوانم هاتوچۆی منداڵەکانم بکەم، ئێستا لە هۆڵەندا ڤیزام نادەنێ، لە ئەڵمانیاش، بەڵام ئینگلیزەکان دەیدەن. پێمگوتن جگە لە سیاسەت مومارەسەی شتێکی دیکەم نەکردووە. جا لەوە گەڕێ چۆنم مومارەسە کردووە، لە لاپەڕەی چوارەم نووسراوە بەڵگەی ئەوتۆی پێ نییە کە هاووڵاتیبوونی بسەلمێنێ، بێگومان نووسراوە لەدایکبووی هەولێر و عێراق و فڵان و ئەوانە، پاسپۆرتی بەدیلی دیپلۆماسی عێراقیم پێبوو کەس ئاوڕی لێنەدامەوە، چونکە کافیە هاتبوو هی ئەویان وا لێکردبوو، منیشیان هاوتای ئەو کرد. بەڵام من گوێم لێ نییە، گرنگ ئەوەیە کێشەی ئەو چارەسەر بوو.

> بۆ کۆنگرەیەکی شیوعییەکانی یۆنان چوومە دەرەوە و لە ترسی لەسێدارەدان نەگەڕامەوە عێراق

**ڕووداو: بۆخۆت چۆنی لێکدەدەیتەوە کە مافی پەنابەرییان پێنەدای؟**

**عەزیـــر محەممـەد:** نازانم، پێشـمگوتن. چوومە لای پارێزەر و خاڵەکانم نووسی و گوتم دوو جاری دیکەش هاتوومەتە ئێرە، بە ئیستیعانە لەگەڵ خێزانم نەهاتووم، ڤیزام هەیە، چوون گەڕان ڤیزایان دۆزییەوە گوتیان ڕاست دەکەی، تەنانەت گوتم ڤیزای دیپلۆماسیم هەیە، هاتوومەتە ئێرە دیدارم کردووە و کۆڕ و کۆبوونەوەم کردووە، گوتیان دەزانین و ئاگامان لێیە، بەڵام هەر وایە.

**ڕووداو: ڕاستە گوایە داوای پشتگیرییان لێکردووی، کە تەئید لە حیزبێکەوە بێنی؟**

**عەزیـــر محەممـەد:** نەخێر، برادەرانی خۆمان یەک دوو جار گوتیان ئەگەر 20 بۆ 25 کەسێک کە عێراقی بن و ڕەگەزنامەی سوێدییان پێدراوە شتێک بڵێن، ڕەنگە کاریگەری هەبێت، نازانم وازمان لێهێنا، ئێستا کافیە بووە بە سوێدی، هەشت ساڵی تەواو کرد و بووە سوێدی، ئێستا کەشخە بەسەر ئێمەدا لێدەدا.

> سوێد مافی مانەوەی دایە خێزانەکەم و نەیدا بە من

> لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا من و عەرەبێک خەڵاتی لینینمان وەرگرتووە

> کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستان دەکران

> لە زۆربەی کۆبوونەوەکانم لە یەکێتیی سۆڤیەت باسی دۆزی کوردم دەکرد

رووداو
ژمارە (580) - دووشەممە 2019/11/25





## پارەی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران دابەشدەکرێت

**رووداو ـ هەولێر**

گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند دەست بە دابەشکردنی پارەی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران کراوە.

فەتحی محەممەد، گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای گەیشتنی چەکی پارەی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران، ئێستا جووتیاران دەتوانن بۆ وەرگرتنی پارەکانیان سەردانی بانکەکان بکەن. بڕی تەواوی پارەکەش 27 ملیار و 500 ملیۆن دینارە". گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان گوتیشی زۆربەی پارەکە بۆ سنووری سلێمانی دەبێت کە 19 ملیار و 500 ملیۆن دینارە و پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکیش هەریەکەیان 4 ملیار دیناریان بەردەکەوێت.

## 135 جۆر ترێ لە کوردستان تۆمارکراون

# بازرگانێک هەشت جۆری نایابی ترێ دێنێتە کوردستان

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

چاندن و بەدەستهێنانی جۆری تازەی ترێ بووەتە حەزی بازرگانێکی سلێمانی. بەهۆی ئەو هەوڵ و کۆششەی لەم بوارە داویەتی لە کێڵگەکەی، بووەتە خاوەنی 8 تەرزی نایابی ترێ کە هەندێ جۆریان لەسەر ئاستی جیهان دەگمەنن، بۆیە لە ئوردن، سووریا، ئێران، سعودیە، جەزائیر، مەغریب، یەمەن و ئۆکرایناوە داوای نەمامی لێکراوە.

چاندنی داری مێو لە کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە. لە کۆنەوە هەندێ تەرز بەشێوەی خۆڕسک رواون، بۆیە بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە چیاکانی کوردستان نیشتمانی رەسەنی 70 تەرزی نایابی ترێیە.

شێخ سدیق باراوی، هەرچەندە کاری سەرەکیی خۆی بازرگانیی قوماشە، بەڵام بەهۆی خولیای زۆری بۆ بەدەستهێنانی تەرزە نایابەکانی ترێ و چاندنی، ماوەی چەند ساڵێکە بووەتە ناوێکی دیاری بەرهەمهێنانی ترێ لە کوردستان، بەجۆرێک نەمامی تەرزە نایابەکانی کێڵگەکەی، لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی عەرەبی خواستێکی زۆری لەسەرە.

شێخ سدیق بە (رووداو)ی گوت: "حەز و خولیام ئەوەبوو جۆرێک لە تازەگەری لە چاندنی مێودا بکەم و هەندێ تەرزی نایابی تازەی ترێ لە دەرەوە بهێنم کە لە رەنگ و تام و شێوە لە تەرزە باشەکانی ترێ لە کوردستان جیاواز بن و تاقیکردنەوەیان لەسەر بکەم".

بۆ بەجێهێنانی خولیاکەی، ئەم بازرگانە 11 ساڵ بەر لە ئێستا پارچە زەوییەک لە ناوچەی سیتەکی سلێمانی دەکڕێ. لە چین بەدوای نایابترین تەرزەکانی ترێدا دەگەڕێت، 25 تەرزی نایاب لەوێوە دەهێنێ، بەڵام دوای تاقیکردنەوە دەرکەوت تەنیا هەشتیان بۆ کەشوهەوا و خاکی کوردستان دەگونجێن.

ئەو تەرزانەی شێخ سدیق پەسەندی کردوون بریتین لە بخور، سوبریار، شیری، مکیاج، مۆن دروپی رەش و سوور، گوڵاوی و پەنجەی سیحراوی.

شێخ سدیق باراوی دەڵێت: "تازەترین تەرز کە هێناومە، تەرزی مۆن دروپە کە ئوستراڵییە و لە کەنەدا و ئەمەریکا گەشەی پێدراوە، تەرزێکی زۆر نایاب و دەگمەنە و ناوکی نییە. لە چین کیلۆیەکی بە 56 دۆلارە. تەرزی شیری کە بە رەسەن ژاپۆنییە، لە چین کیلۆی بە 113 دۆلارە، تەرزی گوڵاوی نیشتمانی رەسەنی چینە، تامی زۆر خۆشە و بۆنی گوڵاوی لێدێ، بخورەکەش زوو پێدەگات و جۆر و تامەکەی زۆر نایاب و دەگمەنە".

شێخ سدیق دەڵێت کێبڕکێیەکی زۆر لە نێوان کۆمپانیاکاندا هەیە بۆ بەدەستهێنانی تازەترین تەرزی ترێ، نموونە بە تەرزێکی خۆی دێنێتەوە و دەڵێت: "هەتا تەرزی مۆن دروپم دەستکەوت پارەیەکی زۆرم خەرج کرد، 5 جار نەمامیان بەتەرزی مۆن دروپ پێ فرۆشتم و هیچیان ئەو نەبوون. دواتر لە کێڵگەیەکی چین، پاش ئەوەی چەندینجار تەلەفۆنم بۆ کردن و ئیمەیڵم بۆ کردن و دیارییم پێدان، ئینجا رازی بوون سەردانی کێڵگەکەیان بکەم و پەنجا نەمامم لێکڕین، چونکە ئەو کێڵگەیە نایەوێ تاوەکو 2031 نەمامەکانی بە جیهاندا بڵاوببنەوە".

شێخ سدیق گوتیشی: "تەرزی مۆن دروپ بەهۆی نایابی و دەگمەنییەکەی خواستێکی زۆری لەسەرە، بۆیە لە ئوردن، سووریا، ئێران، سعودیە، یەمەن، جەزائیر، مەغریب و ئوکراینا داوای نەمامیان لێکردووم، بەڵام تا ئێستا پێم نەفرۆشتوون".

شێخ سدیق ساڵی رابردوو 1000 نەمامی بە 12 هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر نەمامێک بە جووتیارانی کوردستان فرۆشتووە. بۆ وەڵامدانەوەی خواستی جووتیارانیش ئەمساڵ لە چین پارچە زەوییەکی بە کرێ گرتووە و 10 هەزار نەمامی تێدا چاندووە.

بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانی لە بنکەکانی توێژینەوە خاوەنی 37 تەرزی ترێیە کە هەندێکیان خۆماڵین و هەندێکی دیکەشیان ئەورووپی و ئەمەریکین.

زانا محەممەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی سلێمانی دەڵێت: "زۆربەی ئەو تەرزانەی لە باخەکەی شێخ سدیق هەن لە جۆری نایابن و تازەن لە کوردستان. تەنیا توێژینەوەمان لەسەر جۆری گوڵاوییەکەی کردووە، دەرکەوتووە ترێیەکی نموونەییە، بۆیە لای خۆمان پەسەندمان کردووە".

دوو جۆر دار مێوی سەرەکی هەن (ئەورووپی و ئەمریکی). 90%ی تەرزە چێنراوەکانی جیهان لە جۆری ئەورووپین. ئێستا نزیکەی 2000 تەرزی ترێ لەجیهاندا هەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنیا 135 تەرز تۆمارکراون.

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ گەشەپێدانی تەرزە کلاسیکە خۆماڵییەکان و هێنانی تەرزی نوێ لە ساڵی 2001 لەرێگەی شارەزایەکی بواری مێو بەناوی زوهێر ئەلعاملی، بە هاوکاری کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی لە پارێزگاکان، جۆرەکانی مێویان لە باخێکدا کۆکردووەتەوە.

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر دەڵێت: "لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوون لەگەڵ ئەم پسپۆڕە، توانیمان 128 تەرزی ترێ بەدەست بهێنین کە بەشێکیان هی کوردستان بوون و بەشێکیشیان تەرزی ئەورووپی و ئەمەریکی بوون، ئامانجیشمان لە کۆکردنەوەیان ئەوە بوو باخەکە بکەینە بانکی ترێ لە کوردستان".

ئازوز ئەحمەد گوتیشی: "هەرچەندە لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی کەمیی بودجەوە نەمانتوانیوە تەرزی تازە بهێنین، بەڵام بە سوودوەرگرتن لەو تەرزانەی جووتیاران لەرێگەی تایبەت بەدەستیان هێناوە، دوای توێژینەوە لەسەر تەرزە هێنراوەکان توانیمان ژمارەی تەرزە پەسەندکراوەکانمان لە بنکەکانی توێژینەوە بگەیەنینە 135 تەرز".

سەلوان سەردار ساکە، جووتیارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، ماوەی 21 ساڵە لەگەڵ باوکی لە باخە 10 دۆنمییەکەی لە عەنکاوە مێو دەچێنن. سەرەتا بە حەوت تەرز دەستیپێکرد، ئێستا 54 تەرزی ترێی هەیە.

سەلوان ساکە دەڵێت: "ئەو 54 تەرزەی لە باخەکەم هەن بەشێکیان لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر وەرمگرتوون، بەشێکیشیان بە رێگەی تایبەت لە ئەمەریکاوە بۆم هاتووە، هەندێکیشم لە وڵاتانی دەوروبەر هێناوە، ساڵانە 50 تاوەکو 60 تۆن ترێ دەخەمە بازاڕ و بە هەزاران نەمامیش بە جووتیاران و نەمامگەکان دەفرۆشم".

گرفتی سەرەکیی سەلوان ئەوەیە لێرە زۆر گرنگی بە ترێی نایاب نادرێ و دەڵێت: "بۆ نموونە جۆرە ترێیەکم هەیە بە ناوی کریمسون، بێ دەنکە و زۆر نایابە و لە ئەورووپا کیلۆی بە حەوت یۆرۆیە، بەڵام لە کوردستان کیلۆی لە 1000 دینار زیاتر ناکات".

د.شەبەق حەوێزی، کە دکتۆرای لەسەر بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی تەرزەکانی ترێ هەیە، دەڵێت: "کوردستان نیشتمانی رەسەنی 70 تەرزی نایابی ترێی جیهانە کە لەکۆندا بەشێوەی خۆڕسک لە چیاکانی کوردستان رواون، بەڵام دواتر بۆ وڵاتانی ئەورووپی گوازراونەتەوە و ناویان گۆڕدراوە و بە تەرزی ئەورووپی تۆمارکراون".

گوتیشی: "خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی داری مێو، جووتیارانیش شارەزایی باشیان لە چاندن و پەروەردەکردنی مێودا هەیە، دەکرێت لە رێگەی توێژینەوە و هێنانی تەرزی نوێ و لێکدانیان لەگەڵ تەرزە خۆماڵییەکان کوردستانیش ببێتە خاوەنی دەیان تەرزی تازەی ترێ".



یەکێک لەو جۆرە ترێیانەی کە شێخ سدیق باراوی لەباخەکەی خۆیدا چاندوویەتی

### کوردستان زێدی رەسەنی 70 جۆر ترێیە

مامۆستایەکی زانکۆ

### تازەترین تەرزی ترێ کە هێناومە لە چین کیلۆیەکی بە 56 دۆلارە

### لە هەشت وڵاتەوە داوای نەمامی باخەکەمیان کردووە و پێم نەفرۆشتوون

# مریشکێکی نوێ لە هەولێر پەیدا دەبێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی توێژینەوەی پرۆفیسۆرێکی زانکۆی سەلاحەددین، ئەو مریشکەی لە ئەنجامی لێکدانی سێ جۆر مریشک پەیدابووە، وەک جۆرێکی تازەی مریشک بە ناوی کوردستان دەناسرێ.



ئەو تایبەتمەندیانەی مریشکەکە لە مریشکەکانی دیکەی جیادەکاتەوە بریتییە لە کڵاوێکی گەورە، گوپ، ردێن و سێ جۆر پۆپیتە، هەروەها شاپەڕ و پەڕی زیادە. جگە لەو تایبەتمەندیانە قەبارەی مریشکەکە گەورەیە و کێشی لە تەمەنی یەک ساڵیدا دەگاتە نزیکەی سێ کیلۆگرام و ساڵانەش 60 تاوەکو 100 هێلکە دەکات. کێشی کەڵەبابەکەشی دەگاتە سەرووی 4 کیلۆ، واتە دەتوانرێت بۆ مەبەستی گۆشت و هێلکە و جوانی بەخێوبکرێت.

بیرۆکەی بەرهەمهێنانی ئەم مریشکە سەرەتا بۆ پیاوێکی تەمەن 68 ساڵەی دانیشتووی ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێر بەناوی رەشید محەممەد قادر دەگەڕێتەوە، دواتر بەهۆی جوانییەکەیەوە لەلایەن بەخێوکەرێکی دیکە بەناوی مام یاسین گەشەی پێدراوە، ئێستا زۆر کەس بەخێوی دەکەن.

سێ ساڵ لەمەوبەر دوای راپۆرتێکی (رووداو) لەسەر ئەو مریشکە، فێستیڤاڵێک بۆ هەڵبژاردنی جوانترین جۆری ئەو مریشکە کرا. لەوێ شاجوانەکەیان نرخەکەی گەیشتە 5000 دۆلار.

رەشید محەممەد، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا کەڵەبابێکی ئەمریکی کڕیبوو، پاشان چەند مریشکێکی کوردی و چوار مریشکی بولگاری، لە ئەنجامی لێکدانی ئەوانە جۆرە مریشکێکی دەستکەوتبوو کە شاپەڕ و پەڕی ئانیشکی هەبووە. رەشید بەردەوام دەبێ لە لێکدانی نەوەی مریشکەکان، هەرجارە و تایبەتمەندییەکی بۆ زیاد دەبێ تا دواجار هەشت تایبەتمەندی لە مریشکێک کۆدەکاتەوە کە بریتین لە کڵاو، گوپ، ردێن، شاپەڕ و پەڕی ئەنیشک و 3 جۆر پۆپیتە.

ئێستا لە کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی خواستێکی زۆر لەسەر بەخێوکردنی ئەو جۆرە مریشکە هەیە، بۆیە بە سەتان کەس بوونەتە خاوەنی جۆری نایابی ئەو مریشکە و داهاتێکی باشیان دەستدەکەوێت.

ئیبراهیم حەداد، یەکێکە لەبەخێوکەرە دیارەکانی ئەم مریشکە، بەهۆی شارەزاییشی لە تایبەتمەندیەکانی مریشکەکە یەکێک بووە لە سەرپەرشتیارانی یەکەم فێستیڤاڵی هەڵبژاردنی شاجوانی مریشک.

ئیبراهیم حەداد دەڵێت: "بەخێوکردنی ئەو مریشکە زۆر ئابوورییانەیە، چونکە بە ماوەی ساڵێک کێشی دەبێتە سێ کیلۆ، ساڵانەش نزیکەی 100 هێلکە دەکات". سەبارەت بە نرخەکەشی، ئیبراهیم دەڵێت: "ئەگەر چەند تایبەتمەندییەکی تێدابێت لە 100 دۆلار کەمتر نییە، جۆرە نایابەکەشی بەپێی خواست نرخی لەنێوان 500 تاوەکو 750 دۆلاردایە، هەندێ جاریش دەگاتە 1000 دۆلار، نرخی جووتێک هێلکەشی 5 تاوەکو 10 هەزار دینار دەکات و جووجەڵەی تەمەن هەفتەی نرخی 10 هەزار دینارە".

ئەم مریشکە 6 رەنگی هەیە کە بریتین لە شینی جنجڕی تۆخ، شینی جنجڕی کاڵ، رەش، رەش و سپی، سپی، سووری تێکەڵ کە بەدەگمەن دەردەکەوێت، بەڵام رەنگی یەکەم و سێیەمیان زیاتر لە رەنگەکانی دیکە خواستی لەسەرە.

ئەو مریشکە سەرەتا بە هۆڵەندی و بەلجیکی ناسرابوو، بەڵام بەپێی ئەو توێژینەوەیەی لەبارەی مریشکەکە کراوە، دەرکەوتووە مریشکەکە جۆرێکی سەربەخۆیە و دەکرێ وەک مریشکێکی کوردی تۆمار بکرێ.

پرۆفیسۆر د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت: "لەڕووی زانستییەوە لێکدانی چەند جۆرێکی مریشک و هەڵبژاردنی وەچەی نوێ و دووبارە لێکدانیان تا ئەو کاتەی جۆرێکی تازەی مریشک دروست دەبێت کە هەڵگری تایبەتمەندییە باشەکانی سەرجەم جۆرە لێکدراوەکانە، بە یەکێک لە رێگا زانستییەکانی دروستکردنی جۆرێکی تازە لە مریشک دادەنرێ".

د.یوسف بەرزنجی کاتێک ئاگادار بووە لەوەی کۆمەڵێک بەخێوکەری مریشک گرنگی بەو جۆرە مریشکە دەدەن و جۆرە مریشکێکی نایابیان بەرهەم هێناوە، بڕیاری داوە بە هاوکاریی رێکخراوی داکۆکی لە ئاژەڵان و چەند بەخێوکەرێک، لە رێگەی پشکنینی DNA توێژینەوەی لەسەر بکەن.

ئەم پسپۆڕە سەرەتا لەرێگەی DNA جیاوازی و لێکچوونی لە نێوان رەنگی رەشی سادە، جنجڕی شین، رەش و سپیی ئەم مریشکە دیاری کردووە. دواتریش لە رێگەی وەرگرتنی خوێنی 5 جۆری مریشکی دیکەی هاوردەکراو کە لە بازاڕ بە مریشکی ئەمریکی، بەلجیکی، هۆڵەندی، فەرەنسی و ئەڵمانی ناسراون، لەگەڵ DNA ی مریشکە کوردییەکە بەراوردی کردوون.

بەرزنجی دەڵێت: "بۆ توێژینەوەکە لەرێگەی DNA کارمان لەسەر 12 جین لە مریشکە خۆماڵییەکان و جۆری لامبۆرک و سوڵتانەی بەلجیکی، فینکسی فەرەنسی و ئەڵمانی و جۆرێکی دیکەی هۆڵەندی کرد. بەپێی جینەکان مریشکەکان بوون بە دوو لق، لە لقی یەکەم بۆمان دەرکەوت رەشی سادەی مریشکە خۆماڵییەکە لەگەڵ جۆری رەش و سپیە خۆماڵییەکە تارادەی 75% لەڕووی فینۆتایپ لێکنزیکن، دواتر لە ئەنجامی لێکدان بەڕێژەی25% جیاوازی لەنێوانیان دروستبووە، ئەم دوو جۆرەش لەگەڵ جۆری هۆڵەندییەکە و فینێکسی ئەڵمانی بە رێژەی 35% جیاوازن".

سەبارەت بە لقی دووەمیش، دەڵێت: "لە هێڵی دووەم بۆمان دەرکەوت جنجڕی شینی خۆماڵی لەگەڵ جنجڕی هۆڵەندی 50% لێکچیاوازن، بەپێچەوانەی بۆچوونەکان دەرکەوت 83% لەگەڵ براهمای سپیی ئەمەریکی لێک نزیکن، بە گشتی هەر سێ رەنگی مریشکە کوردییەکە بەرێژی سەرووی 25% لەگەڵ مریشکەکانی دیکەی جوانی لێک جیاوازن، ئەم دەرئەنجامە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ ئەو مریشکە خۆماڵییە لە ئەنجامی لێکدان بوونەتە جۆرێکی سەربەخۆ و دەکرێت وەک جۆرێکی تازەی مریشک بناسرێن".

ئەو توێژینەوەیەی لەسەر ئەو مریشکە کراوە، بە گوتەی د.یوسف بەمنزیکانە لە گۆڤارێکی نێودەوڵەتیی زانستی بڵاودەکرێتەوە.

د.یوسف دەڵێت: "ئەگەر توێژینەوەی زیاتر لەبارەی مریشکەکە بکرێت، دواجار دەتوانین وەک جۆرێکی تازەی مریشک بەناوی مریشکی کوردی یان کوردستان لە جیهاندا بیناسێنین".

### ئێران و تورکیا دەیانەوێ مریشکەکە بکەنە موڵکی خۆیان

رێکخراوی داکۆکی لە ئاژەڵان

### دەتوانین وەک مریشکێکی کوردی بیناسێنین

پرۆفیسۆرێک



**تایبەتمەندییەکانی مریشکە نوێیەکە:**

- شەش رەنگی هەیە
- ساڵانە نزیکەی 100 هێلکە دەکات
- خاوەنی کڵاوێکی گەورە و ردێن و سێ پۆپیتەیە
- شاپەڕ و پەڕی زیادەی لە ئانیشکەکانی هەیە
- بەرگەی بۆ نەخۆشی بەهێزە
- بە ساڵێک کێشی دەبێتە سێ کیلۆ

# سایکس- پێترۆ

## دەکرێ دابەشکردنی ئەمجارە ناوبنێین (سایکس پێترۆ) لەبری (سایکس پیکۆ)

سعود هاشم*

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، شانشینەکان و وڵاتە گەورەکانی وەک (رووسیا، ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا و خەلافەتی عوسمانی ) هەڵوەشێنرانەوە و چەند دەوڵەتێکی تازە لەسەر بنەمای نەتەوە (جگە لە نەتەوەی کورد) دامەزران.

میراتی خەلافەتی عوسمانی "پیاوە نەخۆشەکە" لە نێوان زلهێزەکاندا بەشکرا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەیەک لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە بە (سایکس – پیکۆ) ناسراوە، لە 1916 دابەشکرا، دوای هەمواری دووەمی ئەو ڕێکەوتننامەیە، ئەم نەخشەیەی ئێستای وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلی لێ بەرهەم هات، لەگەڵ هەندێک شوێنی دیکە کە گرنگیی جیۆپۆلیتیک و ئابووریی تایبەتیان هەبوو.

### مانگی بە پیت

بۆ یەکەمجار شوێنەوارناسی ئەمریکی (جێمس هنری برستد) لە ساڵی 1900 ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێنا. مانگی بە پیت ئاماژەیەکە بۆ ئەو خاک و شوێنەی کە گرنگترین و بەپیتترین شوێنە لەسەر ئاستی جیهان لەڕووی (کشتوکاڵ، بازرگانی، سامانی سروشتی، ئاو، مێژوو، شارستانیەت و جیۆپۆلیتیک و...) سنووری ئەم مانگە بەپیتە لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، عێراقی ئێستا، سووریا، ئوردن، فەڵەستین و ئیسرائیل و لوبنان پێکدێت.

بەهۆی گرنگیی شوێنەکە، ئەم ناوچەیە لەلایەن زلهێزەکانەوە گرەوێکی زۆری لەسەر کراوە. لە سەروبەندی دابەشکردنی ناوچەکەش، بەریتانیا و فەرەنسا دانوستاندنی چڕیان لەسەر دابەشکردنەکە کرد تا گەیشتن بەو فۆرمەڵە و دیزاینەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستای لێ دروست بووە.

> ### سێگۆشەی سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیا و سووریا، ستراتیژیترین شوێنی ناوچەکەیە

بەهۆی ئەوەی کوردستانی گەورە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم مانگە و ویستی دابەشکردن لای زلهێزەکان بۆ میراتی عوسمان کاری لەپێشینەی زلهێزەکان بوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی خواستی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوە، کوردستان بۆ چوار پارچە بەشکرا، دابەشکردنەکەش بەهۆی پێگە ستراتیژییەکەی و دۆزینەوەی نەوت بوو تێیدا (لە کەرکووک).

> ### پێنج ساڵە ڕووسیا هەوڵدەدات بگاتە سێگۆشەی سنووری سووریا، تورکیا و هەرێمی کوردستان

بەهۆی نەوتی کەرکووک و گرنگی و دەوڵەمەندیی ویلایەتی مووسڵ (نەینەوا، کەرکووک، هەولێر و سلێمانی) بۆ جاری دووەم ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ) لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا هەموار کرایەوە و ویلایەتی مووسڵ لە فەرەنسا سەندرایەوە و کەوتە ژێر هەژموونی بەریتانیا، چونکە بەریتانیا لە ڕێگەی تیمێکی شارەزای جیۆلۆژی و وەبەرهێنەرێکی گەورەوە لێکۆڵینەوەی لەناوچەکە کردبوو، ئاگاداری دەوڵەمەندیی ناوچەکە بوو، درکی بە گرنگیی ناوچەکە و کەرکووک بەتایبەتی کردبوو لەڕووی نەوت و سامانی سرووشتییەوە.




مانگی بە پیت (هلال الخصيب)– (Fertile Crescent)

### ڕۆڵی نەوت لە دابەشکردنەوەی کوردستاندا

دوای سەرهەڵدانی داعش و دەستبەسەرداگرتنی خاکێکی زۆر و دەوڵەمەند بە نەوت و گاز لە (سووریا و عێراق)، داعش لە میدیای خۆیەوە وێنەی لادانی بەربەستی سنووری نێوان (سووریا و عێراق)ی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە "ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کۆتایی هات" و خەلافەت ڕاگەیەندرا، خەلافەتەکە بەو جوگرافیا و خاکەی بەردەستی ئەگەر مابایەوە، دەچووە ریزی وڵاتانی خاوەن یەدەگی گەورەی نەوتی وەک ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێک.

ڕۆژئاوا و ئەمریکا زوو درکیان بەو مەترسییە کرد و هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییان ڕاگەیاند بۆ دوورخستنەوەی داعش لە بیرە نەوتەکانی (سووریا و عێراق)، چونکە ئاستی بازرگانیی نەوت و پێگەی ئابووریی داعش بەشێوازێک گەشەی کردبوو، چەند وڵاتێک بووبوونە کڕیاری نەوتەکەی و وەک دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.

ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە لەبەرچاوگرتنی نەخشەی وزەی ناوچەکە، هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە دەبەن کە دیسان ناوچەکە لەسەر بنەمای نەخشەی وزە دابەشبکرێتەوە و ڕۆڵی ئەم فاکتەرە لە سەپاندنی هەژموونی وڵاتانی زلهێز بە ناوچەکانەوە دیارە.

لە دەستپێکی هەڵمەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیماناندا، هێڵی سوور کێشرا و بە (سووریا، ئێران، داعش و ئۆپۆزیسیۆنی سووری)یش ڕاگەیەندرا کە ڕووباری فورات (ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات) هێڵی سوورە، ئەمە یەکەم بڕیاری ئەمریکا بوو لەسەر بنەمای پاراستنی ناوچە نەوتییەکان.

### ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێککەوتنەکانی دابەشکردن

کۆتایی 2018 ڕۆژنامەی "وۆڵ ستریت جورناڵ"ی ئەمریکی ڕایگەیاند کە ئەمریکا نەخشەیەکی هاوشێوەی نەخشەکەی سایکس پیکۆی ئامادە کردووە بۆ سووریا و ناوچەکە. لە سەردانی جۆن بۆڵتن (ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا) بۆ تورکیا، تورکیای لە ناوەڕۆکی نەخشەکە ئاگادارکردووەتەوە و لە نەخشەکەدا ئەو شوێنانە دیاری کراوە کە تورکیا بۆی نییە بچێتە ناوی، بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە سەردانەکەی بۆڵتن و نەخشەکەی ئەمریکا نیگەران بوو.

ڕۆژنامە ئەمریکییەکە ئەوەشی ئاشکرا کردبوو کە ئامادەکار و دیزاینەری نەخشەکە جەیمز جێفری (نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا)یە.

### نەخشەی ئەمریکا و پلانی تورکیا

تورکیا بە داگیرکردنی پانتایی ڕۆژئاوا بە قووڵایی 32 کیلۆمەتر، دەست بەسەر 70%ی نەوتی ڕۆژاوای کوردستان و 50%ی نەوت و گازی سووریادا دەگرێ.

ناوچەی ئارام کە تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات، شوێنێکی دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی و خاوەن یەدەگێکی گەورەی نەوت و گازە. بەپێی ڕاپۆرتێکی "زە ناشناڵ ئینترێست" کە پشتی بە زانیارییەکانی زانکۆی دیمەشق بەستووە، یەدەکی نەوتی ئەو ناوچەیە بە 3.15 ملیار بەرمیل نەوت دەخەملێنرێت (یەدەکی پشتڕاستنەکراوە).

پلانەکەی تورکیا بۆ ناوچەی ئارام واتا دەستگرتنە بەسەر بیرە نەوتەکانی ڕمێلان و سوەیدا و مالیکیە کە کێڵگە نەوتەکانی ئەو ناوچەیە توانای بەرهەمهێنانی 200 هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێکدا هەیە. ناوچەکە 1322 بیرە نەوت و 25 بیری گاز لەخۆدەگرێ.

ئەگەر ئەو پلانەی تورکیا نەخشەی بۆ داناوە سەربگرێ، ئەوە کارتی وزە لەژێر دەستی ڕۆژاوای کوردستان دەردێت و هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ڕۆژاوا دادەبڕێ، بەڵام بەپێی گۆڕانکارییەکان و هەڵوێستی ئەمریکا کە ڕایگەیاندووە پارێزگاری لە ناوچەکە و کێڵگە نەوتییەکان دەکات، تورکیا تەنیا لە ناوچەکانی (سەرێکانی و گرێ سپی) و چەند شوێنێکی دیکەی سنووری دەتوانێ جێگیربێ. هێڵی گواستنەوەی M4 و M5 کە ترانزێتی نێودەوڵەتین، وەک هێڵی سوور بۆ تورکیا دیاری کراوە.

بەمەش لە دەروازەی سنووری سێمالکاوە (سێگۆشەی سنووری عێراق، تورکیا و سووریا) تاوەکو کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای ڕەققە دەکەونە ژێر هەژموونی ئەمریکا، بە واتایەکی دیکە تەواوی سەرچاوەی سروشتی بە نەوت و گازی سووریاوە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەمریکا.

### سێگۆشەی سنووری و نەوت

ناوچەی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان (عێراق) و تورکیا و سووریا، ستراتیژیترین شوێنی ناوچەکەیە، هەر یەک لە ئەمریکا و ڕووسیا هەوڵی نزیکبوونەوە لەو شوێنە دەدەن، مانگی ڕابردوو ڕژێمی ڕووسیا و وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بە فەرمی ڕایانگەیاند کە دەبێ هێزی سووری بگەڕێتەوە دەروازەی نافەرمیی سێمالکا.

بەپێی توێژینەوە جیۆلۆژییەکان، ناوچەی سێگۆشەی سنووری ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز لە دیوی سووریا و هەرێمی کوردستان، بە سەدان بیر لەم سنوورە لێدراون و تا ئێستا نەوتیان لێ دەردەهێنرێ.

دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017، بەهۆی گرنگیی ئەم ناوچەیە، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هەوڵێکی زۆریان دا دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرن، بەڵام شکست بە هەوڵەکانیان هێنرا، بەمەش هەرێمی کوردستان لە گەمارۆیەکی مەترسیدار ڕزگاری بوو کە وای دەکرد کارتی وزە و جیۆستراتیجی لەبەردەست بێتە دەرەوە.

ماوەی پێنج ساڵە ڕووسیا هەوڵدەدات بگاتە سێگۆشەی سنووری سووریا، تورکیا و هەرێمی کوردستان، چەند جارێکیش شارەزایانی جیۆلۆجی و نەوتی کۆمپانیای ڕووسنێفت سەردانی سێگۆشەی سنوورییان کردووە و گەڕانی مەیدانییان لە ناوچەکەدا هەبووە.

کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا بە تایبەتیش ڕووسنێفت داوای چەند کێڵگەیەکی نەوتی سنووری ناوچەکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام تا ئێستا لەسەر هیچ ڕێککەوتنێک بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سووریا و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عێراق ڕێکنەکەوتوون.

### دەروازە و ڕێڕەوە نەوتییەکان لە نەخشە تازەکەدا

تورکیا ئێستا ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی وزەی جیهانیدا هەیە، وەک شوێنێکی ترانزێتی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەروازەیەکی گرنگی وزەی جیهانە لە نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژانە نەوت و گاز بەناو خاکی تورکیادا بۆ ئەوروپا هەناردە دەکرێت.

تورکیا هەوڵێکی زۆر دەدات تاوەکو خۆی وەک دەروازەی گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی بهێڵێتەوە و پێگە ستراتیژییەکەی لەدەست نەدات، چونکە هەر ئەم پێگە ستراتیژییەیەتی کە وایکردووە بەرامبەر ئەوروپا و ئەمریکا سەقفی داواکارییەکانی بەرز بکاتەوە و پێداگرییەکانی توندتر بکات لەسەر پرسە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بەرامبەر ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە تایبەت.

ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا هەوڵدەدەن ڕێڕەوێکی دیکەی هەناردەکرنی نەوت و گاز بەدەر لە تورکیا بدۆزنەوە، بۆ ئەمەش تەنیا ئوردن دەتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێڕێ، چونکە سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە جێگیرە و خاوەن پێگەیەکی بەهێزی هەرێمییە و سیاسەتی دەرەوەی هاوسەنگە لەگەڵ ئەمریکا، بەریتانیا، ئیسرائیل و وڵاتانی ئەوروپی، بۆیە عێراق خەریکی زیندووکردنەوەی پڕۆژەیەکی لەوجۆرەیە،

> ### ئەمریکا و ئەوروپا هەوڵدەدەن ڕێڕەوێکی دیکەی هەناردەکردنی نەوت و گاز (لە جیاتی تورکیا) بدۆزنەوە

> ### ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناوچەکە لەسەر بنەمای نەخشەی وزە دابەش دەکەنەوە

> ### ڕووسیا و ئەمریکا، هاوشێوەی ڕۆژگاری دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، خەریکی ڕێکخستنەوەی ناوچەکەن

> ### ئەگەر پلانی "ناوچەی ئارام" سەربگرێ 70 %ی نەوت و گازی ڕۆژئاڤا دەکەوێتە بندەستی تورکیا

> ### گونجاوترین وڵات بۆ ڕێڕەوی نوێی گواستنەوەی نەوت و گازی عێراق و سووریا، ئوردنە

بەتایبەت دوای کێشەکانی گەرووی هورمز لە نێوان (ئێران، ئەمریکا و سعودیە) و دروستکردنی گرفت بۆ تانکەرەکانی نەوت.

پرۆژەی گواستنەوەی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە دابینکردنی وزەی جیهانی و دوورخستنەوەی هەژموونی تورکیا و سەربەخۆیی زیاتر لە هەنارده و فرۆشتنی نەوت و گاز.

لەلایەکی دیکەوە ڕووسیا هەوڵی جدی دەدات کە لە داهاتوودا هەژموونی بەسەر هەناردەی گازی سروشتیی عێراقدا هەبێ.

دوای نەمان و تێکشکاندنی داعش وێنەکە ڕوونتر بووەتەوە کە بۆچی ململانێکان فۆکەسیان خستبووە سەر شوێنە ستراتیژییەکان و ناوچە دەوڵەمەندەکان، ڕەنگە ئێستا تۆزێک وێنەکە ڕوونتر بووبێتەوە کە بەشێکی ململانێکان شەڕێکی ستراتیژی بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێڕەوەکانی هەناردەکردن و بە تایبەت هەناردەی گازی سرووشتی کە دەمێکە قەتەر هەوڵی گەیاندنی گازی سروشتی دەدات بۆ ئەوروپا بەڕێگەی بۆری، چونکە گواستنەوەی گاز بە ڕێگەی تانکەر خەرجی زۆرە و قازانجی کەمە.

ڕەنگە ئەم ویستەی قەتەر بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتی هەوێنی ئەو پلانە بێ کە لەنێوان (تورکیا و ئێران و قەتەر) هەیە، هەر ئەوەش وای کردووە لەڕووی سیاسیەوە نزیکبوونەوەیەکی زۆر لە نێوانیان هەبێت، بەڵام ئەم پرۆژەیە تا چەند دەچێتە بواری جێبەجێکردن؟ ئەوە پەیوەستە بە پێگەی ئێران و تورکیا لە ناوچەکە و گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکان.

دەکرێ بڵێین دوای نەمانی داعش، وڵاتانی وەکو ڕووسیا و ئەمریکا، هاوشێوەی ڕۆژگاری دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، دووبارە خەریکی ڕێکخستنەوەی نەخشەی ناوچەکەن، بەڵام ئەمجارە دابەشکرنەکە بەپێی نەخشەی وزەی ناوچەکەیە و بەپێی یەدەگی نەوتی و سامانی سرووشتیی ناوچەکانە و هەریەک لە وڵاتانی زلهێز پشکی خۆیان لە کێکەکە دەبەن و دەکرێ نەخشەی ئەمجارە ناو بنێین (سایکس پێترۆ) لە بری (سایکس پیکۆ).

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردستان بۆ وزە



نووسەری ئەم وتارە لە کێڵگەیەکی نەوتی لەسێگۆشەی سنووری عێراق، سووریا و تورکیا



## لە کوردستان مانگانە 10 ژن دەکوژرێن یان خۆیان دەکوژن

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، ئاماری نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵی، توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان بڵاوکردەوە، بەپێی ئامارەکەش لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 92 ژن کوژراون یان خۆیان کوشتووە. بەپێی ئامارەکە لە ماوەی ئەم نۆ مانگەدا، 35 ژن کوژراون و 57 ژنیش خۆیان کوشتووە، ئەو دوو حاڵەتەش بە بەراورد بە نۆ مانگی ساڵی رابردوو کوشتن کەمی کردووە و خۆکوشتن وەک خۆی ماوەتەوە، کە 38 کوژرابوون و 57 ژنی دیکەش خۆیان کوشتبوو. هەر بە گوێرەی ئەو ئامارانە، 125 ژن لە هەرێمی کوردستان سووتاون و 82 ژنیش خۆیان سووتاندووە.

## لە سۆرانەوە هاتووە بۆ هەولێر

# ئافرەتێک شەش مانگە شوێنبزرە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەمینە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا بە کچەکەی گوتبوو کە دێت بۆ لای بۆ هەولێر، بەڵام لەوکاتەوە ونبووە و کەسوکارەکەی نازانن لە کوێیە. کچەکەی دەڵێت دایکی کە لە ماڵ دەرچووە، پارەیەکی زۆری پێبووە و گومان دەکات بۆ پارەکەی کوشتبێتیان.

هەمینە عوسمان، تەمەن 44 ساڵ، دانیشتووی سۆرانە، دایکی چوار کوڕ و دوو کچە. ڕۆژی 2019/5/1 لە شارۆچکەی سۆران بەڕێکەوتووە بۆ لای کچەکەی کە لە هەولێر نیشتەجێیە، بەڵام کچەکەی دەڵێت دایکی نەهاتووە بۆ لای و لەو ڕۆژیشەوە هیچ لەبارەی چارەنووسی نازانێ.

تەنیا فاروق، تەمەن 25 ساڵ و کچی هەمین دەڵێت، باوکیان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2014 کۆچی دوایی کردووە، براکانی ژنیان هێناوە و خوشکەکەشی شووی کردووە، بۆیە ئەو بە تەنیا لەگەڵ دایکی بووە. کچە خاڵێکیشی کە لەگەڵ هاوژینەکەی خۆی کێشەی هەبووە و چاوەڕێ بووە جیابنەوە، لەگەڵ ئەوان ژیاوە.

هەمینە دوای مردنی مێردەکەی، حەزی نەکردووە کەس پەیوەندی بەسەر ژیانی ئەوەوە هەبێ، بەو هۆیەوە کوڕەکانی لێی دوورکەوتوونەتەوە و سەردانیان نەکردووە.

بە گوتەی کچەکەی، ئەوان خێزانێکی بێ کێشە بوون، تا ئەو ڕۆژەی کچە مامێکی خۆی لە هەولێرەوە پەیوەندییان پێوە دەکات و دەڵێت گوایە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک هەیە و کوڕەکە تووشی کێشە بووە و پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێ، داوایان لێدەکات بۆ ماوەیەک ئەو کوڕە داڵدە بدەن. تەنیا دەڵێت: "دایکم دڵی نەهات قسەی ئامۆزاکەم بشکێنێ و پێیگوت کێشە نییە با بێتە لای من، تا ئەو کاتەی کێشەکەی چارەسەر دەبێ".


هەمینە بەنیاز بوو لەگەڵ کچەکەی بچێتە ئەورووپا

ئەو کاتەی ئەو پیاوە لە ماڵی هەمینە بووە، لەگەڵ برازاکەی هەمینە کە ئەویش هەر لەو ماڵە ژیاوە، پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیان دروست بووە. تەنیا دەڵێت: "ئەو کوڕە لەگەڵ کچە خاڵەکەم خەوتبوون، کچە خاڵەکەم لەو کوڕە دووگیان بوو، لە کاتێکدا هێشتا دۆسیەکەی لە دادگا بوو. ئەو پیاوە ڕۆیشت بۆ ماڵی خاڵم، هەڕەشەی لە خاڵۆژنم کردبوو کە ئەگەر ئەو ئافرەتەی لێ مارە نەکەن، بەڵایەکتان بەسەردێنم".

(س) کە برازای هەمینەیە، هێشتا بە تەواوی لە مێردی یەکەمی جیانەبووەتەوە کە شووی بە (م) کردووە. تەنیا دەڵێت کاتێک کچە ئامۆزاکەی زانیویەتی (م) ژنی هێناوە، پەیوەندی بە ئامۆژنییەوە کردووە تا لە ماڵەکەی دەریانبکات، بەڵام ئەوان پاڕاونەتەوە و گوتوویانە هیچ شوێنێکیان نییە ڕووی تێبکەن، بۆیە تا ئەو ڕۆژەی هەمینە ونبووە، ئەوان هەر لە ماڵی ئەوان بوون.

> گومان دەکەم کچە خاڵەکەم و مێردەکەی دایکمیان بۆ پارە کوشتبێ
>
> **کچی هەمینە**

مانگێک بەر لە ونبوونی دایکی، تەنیا بڕیار دەدات بچێتە هەولێر کار بکات، لە کافتریایەکی شاری هەولێر کاری دەستدەکەوێ. تەنیا دەڵێت: "دوای سێ هەفتە دایکم پەیوەندی پێوەکردم و گوتی: منیش دێم بۆ هەولێر، حەز دەکەم بێمە لای تۆ".

بە گوتەی تەنیا، دایکی لەلای (م) ئەوەی درکاندبوو کە خۆی و دایکی بەنیازن بچنە دەرەوەی وڵات، (م) گوتبووی من پێشتر قاچاخچی بووم و دەتاننێرمە دەرەوە.

تەنیا دوایینجار لە سەعات 2:30 خولەکی ڕۆژی 2019/5/1 گوێی لە دەنگی دایکی بووە کە پێیگوتووە من وا لە گەراجی سۆران بەڕێدەکەوم. بەڵام هەمینە ناگاتە لای کچەکەی و لەو ڕۆژەوە بێسەروشوێنە.

تەنیا دەڵێت: "دایکم هەر نەگەیشت، منیش تەلەفۆنم بۆ کرد مۆبایلەکەی داخرابوو. پەیوەندیم بە (م)ەوە کرد، لێمپرسی دایکم بۆچی مۆبایلەکەی داخراوە، گوتی: مۆبایلی دایکت شەحنی نەماوە، کەمێکی دیکە دەگەینە هەولێر".

بەڵام دایکی هەر ناگات. تەنیا دووبارە پەیوەندی بە (م)ەوە دەکات. ئەو دەڵێت زۆرمان نەماوە و دەگەین. تەنیا داوای لە (م) کردووە مۆبایلەکەی بداتە دایکی، بەڵام ئەو پێیگوتووە دایکی خەوتووە.

تەنیا بۆ جاری سێیەم پەیوەندی دەکات، بەڵام ئەمجارەیان (م) تووشی شۆکی دەکات کاتێک پێیدەڵێت دایکت لەگەڵ ئێمە نییە و نازانین لە کوێیە.

ئەو کچە گومان دەکات دایکی لەلایەن (م) و کچە خاڵەکەیەوە کوژرابێ، چونکە بە گوتەی ئەو، ئەو ڕۆژەی دایکی هاتووە بۆ هەولێر 17 هەزار و 700 دۆلاری پێبووە. دوای ونبوونی هەمینەش ئەو ژن و مێردە نەگەڕاونەتەوە سۆران. تەنیا دەڵێت: "تەلەفۆنم بۆ کردن و هەڕەشەم لێکردن کە سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەم، لەدوای ئەوە یەکسەر مۆبایلەکانیان داخست".

ئێستا گومانەکانی تەنیا لەسەر تێوەگلانی ئەو ژن و پیاوە لە دیارنەمانی دایکی زیاتر بوون، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە مانگی هەشتی ئەمساڵ ئەو ژن و پیاوە بە تۆمەتی کوشتنی بەڕێوەبەری پێشووی ئاوی کۆمەڵگەی کانی قرژاڵەی سەر بە شاری هەولێر دەستگیرکران و دواتریش لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی پۆلیسدا دانیان بە تاوانەکەدا نا.

> ئەو ئافرەتە دانیشتووی سۆرانە و دەبێ کەسوکارەکەی لەوێ سکاڵا تۆمار بکەن
>
> **گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر**

تەنیا دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی کچە خاڵەکەم و مێردەکەیم لە تەلەفزیۆن بینی ئیعترافیان لەسەر کوشتنی بەڕێوەبەری پێشووی ئاوی کانی قرژاڵە کرد، گومانەکانم زیاتر بوون و لەو باوەڕەدام ئەوان دایکمیان بۆ پارە کوشتووە و تەرمەکەشیان لە شوێنێک فڕێداوە".

دوای شەش مانگ لە ونبوونی دایکی، تەنیا و براکانی تا ئێستا سکاڵایان تۆمار نەکردووە. تەنیا دەڵێت: "لەگەڵ مێردی خوشکەکەم چووینە بنکەی پۆلیسی تووڕەق، بەڵام لەوێ گوتیان دەبێ برایەکت بێ سکاڵا تۆمار بکات، براکانیشم لەبەر ئەوەی قسەیان لەگەڵ دایکم نییە، نەهاتن سکاڵا تۆمار بکەن، پێمگوتن لە سۆران سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام براکانم سکاڵا تۆمار ناکەن".

زانا فاروق، کوڕی گەورەی هەمین بە (ڕووداو)ی گوت: "لەسەر ئەوەی دایکم دەیگوت دەچم بۆ ئەورووپا، نێوانمان تێکچوو، دوای دیارنەمانی دایکم تەنیا زۆر گوتی سکاڵا تۆمار بکە، منیش لەبەر خاتری خوشکەکەم چووم بۆ بنکەی پۆلیسی تووڕەق، بەڵام لەوێ سکاڵاکەیان لێوەرنەگرتم و گوتیان دەبێ لە سۆران سکاڵا تۆمار بکەن".

زانا لەو باوەڕەدایە دایکی لەلایەن (س) و (م) بەڵایەکی بەسەر هێنراوە و دەڵێت: "دڵنیام ئەگەر دایکم لە ژیاندا بووایە، حەتمەن پەیوەندی بە تەنیاوە دەکرد، چونکە زۆر زۆری خۆشدەویست".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی دیارنەمانی ئەو ژنە بە (ڕووداو) گوت: "لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتە دانیشتووی سۆرانە، دەبێ کەسوکارەکەی لەوێ سکاڵا تۆمار بکەن".

# پیاوانی هاککەر بوونەتە هەڕەشە لەسەر ئافرەتانی عێراق

**ڕووداو- فرانس پرێس**

درەنگانی ئێوارە حەلا نامەیەکی لە ئینستاگرامەوە بۆ هات: "هەموو وێنە و تۆمارە دەنگییەکانی تۆم لایە، دەتەوێ بینێرم بۆ باوکت؟". ئافرەتە عێراقییەکە ژمارەیەکی زۆر نامە و پەیامی لەو جۆرەی لەلایەن ئەو هاککەرانەوە بۆ هاتووە کە دزەیان کردووەتەوە ناو هەژماری فەیسبووک، سناپچات و ئینستراگرامەکەی و ئەو وێنانەیان دزیوە کە حەلا بە نامەی تایبەت بۆ خەڵکی ناردووە.

حەلا، تەمەن 25 ساڵ کە بە ناوی خوازراو قسەی بۆ ئاژانسی (فرانس پرێس) کردووە، دەڵێ: "هەندێکیان پارەیان دەویست، هەندێکیان داوای پەیوەندیی سێکسیان دەکرد، ئەگەر پەیوەندییەکە هەر لەسەر تەلەفۆنیش بووایە، ئەوانی دی تەنیا دەیانویست کەڵەگاییم لێبکەن".

ئافرەتانی عێراقی باس لەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کەسانی نەناسراو بە ئۆنلاین هەڕەشەی ئابڕووبردن لە ئافرەتان دەکەن زیادی کردووە، ئەوەش بەشێکی لەلایەن هاککەرەکانەوەیە و بەشێکی دیکەی لەلایەن خۆشەویستە کۆنەکانی ئافرەتەکانەوەیە کە سەردەمانێک متمانەیان بە یەکدی هەبووە و وێنەی خۆیان بۆ ناردوون و ئێستا لە دژیان بەکاری دەهێننەوە.

قوربانیان، چالاکڤانان و پارێزەران هۆی تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر دەگەڕێننەوە، لەوانەش کۆمەڵگای داخراو، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی، پارێزراونەبوونی هەژماری قوربانیان و یاسای لاوازی وڵات.

> **فەرمانگەیەکی پۆلیس:**
>
> 70%ی حاڵەتەکانی هەڕەشەی ئۆنلاین بۆ وەرگرتنی پارە لە ئافرەتان

> **چالاکڤانێک:**
>
> ئافرەتانی عێراق بە دەگمەن ڕێگەچارەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە شک دەبەن

لە ژینگەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتیی وەک کۆمەڵگای عێراقدا، ئەو حاڵەتانە دەرئەنجامی کارەساتباری دەبێ، لە باشترین حاڵەتدا ئافرەتەکە بۆ ساڵانێکی زۆر پەڵەی شەرمەزاری دەکەوێتە سەر، لە خراپترین حاڵەتیشدا ڕووبەڕووی "کوشتن لەسەر شەرەف" دەبێتەوە.

ساڵی ڕابردوو، تارا فارس، مۆدێل و ئەستێرەی ئینستاگرامی عێراقی لە بەغدا کوژرا، زۆربەی گومانەکان بۆ ئەوە دەچوون تەقەکەرەکان بە چاوی سووک سەیری ستایلی کراوەی جلوبەرگ و ژیانی تارایان کردبێ.

حەلا چارەنووسی تاڵی تارای لە مێشکدا بوو، بەڵام نەیدەویست مل بۆ داوای ئەو کەسانە بدات کە دەیانویست بەکاری بهێنن. ئەمساڵ لە عێراق ڕایکرد، بەڵام وەک خۆی دەڵێ: "هەتا ئێستاش هەڕەشەم بۆ دێ. ئەو خەڵکە شتیان لەبیر ناچێ".

ڕوسول کەمال، شارەزای توندوتیژیی جێندەری پێیوایە دابڕانی زۆری نێوان ڕەگەزی نێر و مێ وایکردووە گەنجانی عێراقی بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی پەنا بۆ پێگەی وەک فەیسبووک و ئینستاگرام بەرن، لە وڵاتێکیشدا کە هیچ پەروەردەیەکی سێکسی لە قوتابخانەکاندا نییە، کچان دەچنە ناو کۆمەڵێک گرووپی نهێنیی ئافرەتانەوە بۆ ئەوەی باسی جەستەی خۆیان بکەن، یان ڕاوێژ وەربگرن.

ڕوسول کە لەگەڵ چەندین قوربانی قسەی کردووە، دەڵێ کوڕان و کچان زۆرجار وێنەی شەخسی بۆ یەکدی دەنێرن، لە عێراق ئەو وێنەیە دەکرێ ئافرەتێکی بێ لەچک بێ کە لە بەشی زۆری کۆمەڵگای عێراقیدا "وەک شوورەیی سەیر دەکرێ". ئەو وێنانەش لەلایەن کەسانێکەوە بەکاردەهێنرێن بۆ هەراسانکردن و بەکارهێنانی ئافرەتان.

هاوکاری قوربانییەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قوربانییەکە بۆ ماوەی چوار ساڵی ڕەبەق مانگانە 200 دۆلاری بە خۆشەویستێکی کۆنی خۆی داوە، تاوەکو ئەو وێنانەی لایەتی بڵاوی نەکاتەوە. ئافرەتێکی دیکە باس لەوە دەکات کە وێنەکانی لەلایەن هاککەرێکەوە دزرابوون و ئەو ناچار بووە مۆبایل و خشڵەکانی بفرۆشێ بۆ ئەوەی کابرا ڕازی بکات وێنەکانی بڵاونەکاتەوە.

ئافرەتێکی دیکە بەشێوەی ئۆنلاین سێکسی لەگەڵ پیاوێک کردبوو، دواتر پیاوەکە هەڕەشەی لێکردبوو ئەگەر لەگەڵی نەخەوێ وێنەکان و ڤیدیۆکانی بۆ مێردی ئافرەتەکە دەنێرێ.

ڕوسول ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو حاڵەتانە: "هەموو جۆرەکانی توندوتیژییان تێدایە، هەر لە توندوتیژیی سێکسییەوە بیگرە هەتا دەگاتە توندوتیژی سایکۆلۆژی و ئابووری" لە کاتێکدا: "قوربانیان بە دەگمەن ڕێگەچارەیەکی کۆمەڵایەتی یان یاسایی شک دەبەن".



## هیچ ڕێگرێک نییە

پارێزەر مەروا عەبدولڕەزا کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان کەیسی لەو جۆرەی هاتووەتە بەردەست، پێیوایە هۆکاری تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە ئەوەیە "هیچ ڕێگرێک نییە".

بەگوتەی مەروا، سەردانی بنکەکانی پۆلیس بۆ ئافرەتانی عێراقی وەک تابۆ وایە، قوربانیانیش لەوە دەترسن هەڕەشەکارەکە لەلایەن یەکێک لە هۆزە بەهێزەکانی عێراقەوە پشتگیری بکرێ، هەر بۆیە "زۆربەی قوربانیان تەنانەت سکاڵاش تۆمار ناکەن، چونکە چوونە دادگا لای ئەو ئافرەتانە وەک شتێکی ترسناک وایە".

بەرەنگاربوونەوەی کێشەیەکی لەو جۆرە کە دەرهاویشتەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، پێویستی بە ستافی شارەزای دادوەریش هەیە ئاگاداری مەترسییەکانی ئینتەرنێت و ئەو هەڕەشانە بن کە دەکرێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر هاووڵاتیان دروستبکرێ. بە گوتەی مەروا، ئەو قوربانیانەش کە کەیسەکەیان دەبەنە دادگا، زۆربەی جاران ڕێیان لە دادوەرێک دەکەوێ کە شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئینتەرنێتەوە نازانێ، یان تاوانەکە بە شێوەیەکی جیاواز تۆمار دەکات.

پارێزەرەکە دەڵێ: "من دادوەرم بینیوە پرسیویەتی ئەم فەیسبووکە چییە؟ ئەگەر دادوەرێکیش کەیسەکە وەک کەیسی پیاوێک ببینێ کە هەوڵی تۆقاندنی کچێک دەدات، ئەوە دەکرێ بڕگەی دژەتیرۆر بەکاربهێنێ و یەکسەر سزای لەسێدارەدان بەسەر کەسەکەدا بسەپێنێ. یان دەکرێ حاڵەتەکە وەک ناوزڕاندن ببینێ و تەنیا سزایەکی مادی بۆ ببڕێتەوە".

وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەڵێت لە یەک مانگی ڕابردوودا سێ کەیسیان لە بەغدا کردووەتەوە کە کەسەکان هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی سێکسییان لە قوربانیان کردووە، ژمارەیەکیان بە "هەڕەشەی تاوانکارانە" و ژمارەیەکی دیکەیان بە "ساختەکاری" تۆمەتبار کراون.

بەڵام فەرمانگەیەکی پۆلیسی عێراق کە ئەفسەری ئافرەتیشی هەن، هانی قوربانیان دەدات دەنگ هەڵبڕن. ئەو فەرمانگەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسانەدا دەکات کە توندوتیژیی دژی ئافرەتان لەخۆدەگرێ.

> **ئافرەتێک:**
>
> لە ترسی بڵاوکردنەوەی وێنەکانم عێراقم جێهێشت

غالیب عەتیە، بەڕێوەبەری ئەو بەشەی پۆلیسی عێراق، دەڵێ: "لای ئەفسەرەکانی ئێمە ئاشکرانەکردنی ناسنامەی قوربانی لە ئەولەویەتدایە، هەرچۆنێکیش قوربانییەکە پێی خۆش بێ ئاوها بەدوای کەیسەکەیدا دەچین، ئەگەر پێی خۆش بێ کەیسەکەی ڕەوانەی دادگا دەکەین و ئەگەر پێی خۆش نەبوو لە دەرەوەی دادگا مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەی دەکەین".

ئەو بەشەی پۆلیس بانگەشەی ئەوە دەکات کە یەکەکانی ئەوان لە دادگاکان کاریگەرترن. تەنیا لە مووسڵ و لە ماوەی یەک هەفتەدا سێ کەیسی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیان لە ڕێگەی پێکهێنانەوەی کەسەکان چارەسەر کردووە.

بە گوتەی غالیب، کێشەکە خەریکە بۆ ئاستێکی مەترسیدار پەرەدەستێنێ. لە کاتێکدا نزیکەی 70%ی حاڵەتەکانی هەڕەشەی ئۆنلاین بۆ وەرگرتنی پارە لە ئافرەتانە، زۆربەی حاڵەتەکانیش لە بەغدا و ناوچە عەشایرییەکانی باشوورن. غالیب دەڵێ: "بۆ دابەزاندنی ژمارەی ئەو حاڵەتانە پێویستمان بە یاسایە".

مەروا پێیوایە کەمکردنەوەی حاڵەتەکان پێویستی بە ڕێوشوێنی توندە، میدیا نابێ ئەو حاڵەتانە وەک سکاندال بڵاوبکاتەوە و گرووپە ناحکومییەکان دەبێ ڕاهێنانی ئاسایشی دیجیتاڵی بە خەڵک بکەن بۆ ئەوەی نەکەونە داوی هاککەرەکانەوە، ئەگینا "لە چاوتروکانێکدا کچێک دەکوژرێ".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (580) - دووشەممە 2019/11/25



## لە گەرمیان گەنجێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- کەلار**

ڕۆژی 2019/11/20 گەنجێکی دانیشتووی گوندی گردەگۆزینەی سەر بە قەزای کەلار لە نێو ماڵەکەیدا بە فیشەک خۆی کوشت. دوای ڕووداوەکەش باوکی گەنجەکە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە، مرد.

رائید جەمال قدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند "ئێوارەی ڕۆژی 2019/11/20 تەرمی گەنجێک بەناوی ئەحمەد ڕەشید عەزیز، لە دایکبووی 1997، هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار لەکەلار کە بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە گیانی لەدەستدابوو. بە گوتەی کەسوکاری ناوبراو نەخۆشیی دەروونی هەبووە و بە دەمانچە خۆی کوشتووە". بە گوتەی رائید جەمال هەر دوای ڕووداوەکە باوکی گەنجەکەش بەهۆی کاریگەری ڕووداوەکەوە جەڵتە لێیداوە و مردووە.

# خۆکوشتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەدەستێنێ

**جەبار دەستباز**
**ڕووداو- سنە**

> لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 191 کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان کوشتووە

بێدەنگی باڵی بەسەر گوندی قوچر لە ڕۆژئاوای دیواندەرەدا کێشاوە. لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک حاڵەتی خۆکوشتن لەم گوندەدا تۆمار کراوە.

هیوا قورەیشی کە لەو گوندە مامۆستایە، بە (ڕووداو)ی گوت: "مەخابن، بەهۆی نەخوێندەواری و نەبوونی هۆشیارییەوە، خۆکوشتن گەیشتووەتە ئاستێک کە چیدی خەڵک لە مردن ناترسن و ئەوەش کارەساتێکی لەم گوندەدا خوڵقاندووە".

تەنیا لەم گوندەدا، لە 10 ساڵی ڕابردوودا 10 ئافرەت خۆیان کوشتووە. دوایین حاڵەتی خۆکوشتن شەش مانگ لەمەوبەر بوو، کاتێک ئافرەتێک بە ناوی بەهار، تەمەن 35 ساڵ، لەسەر کێشەی خێزانی لەگەڵ مێردەکەی، ئاگری بەردایە گیانی خۆی.

مامۆستای گوندەکە هەوڵێکی زۆری داوە هۆشیاریی خوێندکارەکانی بەرزبکاتەوە و ڕێگە لە کارەساتی زیاتر بگرێ، هاوکات هانی ئافرەتانیش دەدات واز لە قوتابخانە نەهێنن، بەڵام خەڵکی گوندەکە بە نیگەرانییەوە باسی بابەتی خۆکوشتن و کێشە دەروونییەکان دەکەن، هەر بۆیە ئەستەمە لە دەرەوەی فاکتەرە ئابوورییەکان هۆکارێکی دیکە بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێ.

هیوا دەڵێ: "خەڵکی ئەم گوندە نایانەوێ هەواڵی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن بڵاو ببێتەوە، چونکە هەست بە شەرمەزاری دەکەن". (ڕووداو) لەبارەی ڕێژەی خۆکوشتن لەو گوندە پرسیاری لە فایەق بەگی، ئەندامی ئەنجوومەنی قوچر کرد، بەڵام فایەق بە تووڕەییەوە گوتی: "هەموو گەلی کورد بە تێکڕا بەدەست خۆکوشتنی ژنان و پیاوانەوە دەناڵێنێ، کەچی ئێوە هاتوون دەتانەوێ لەبارەی گوندێکەوە قسە بکەن!".

دەستکورتی بەهۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی خۆکوشتن لە ئێران لەقەڵەم دەدرێ، بە تایبەتیش لە ناوچە کوردییەکانی وەک بۆکان، ئیلام، سەقز، مەریوان و سنە.

پارێزگا کوردییەکان لە نێوان هەژارترین پارێزگاکانی ئێراندان. بەهرام نەسروڵڵاهیزادە، سەرۆکی فەرمانگەی بودجە و پلان لە پارێزگای سنە لە سەرەتای 2018 بە ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ڕاگەیاند، ڕێژەی بێکاری لەو پارێزگایە ٪16.3 یە، واتە سێیەم بەرزترین ڕێژەی بێکاری لە نێو هەموو پارێزگاکانی ئێراندا.

بەرپرسانی تەندروستیی سنە ئامادە نەبوون ژمارەی خۆکوشتن لە شاری سنە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا بکەن، بەڵام کاربەدەستێک، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی، وێنایەکی گشتی و ترسناکی لەبارەی ئەو دیاردەیە خستەڕوو.

لەسەر ئاستی ئێران، لە هەر 100 هەزار کەس شەش کەسیان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. بەڵام کاربەدەستەکە دەڵێ "ژمارەکان لە پارێزگا کوردییەکان بەرزترن، بە جۆرێک لە پارێزگای ئیلام لە هەر 100 هەزار کەس 13 کەسیان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، ئەوەش ژمارەیەکی ترسناکە".

بە گوتەی کاربەدەستەکە "56%ی حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە ناوچە شارییەکان ڕوودەدەن و 44%یش لە ناوچە گوندییەکان". ڕێژەکە بۆ پیاوان و ئافرەتان یەکسانە.

کاربەدەستەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەداخەوە، لە ناوچە پشتگوێخراو و هەژارنشینەکانی سنە، سەقز، دیواندەرە، کامیاران و دێگولان بەرزترین ڕێژە هەیە".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەرپرسانی باڵا ناهێڵن دەسەڵاتی خۆجێیی ئامارەکان بۆ میدیا ئاشکرا بکات "بۆ ئەوەی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ڕەشبینی و خەمۆکی لە کۆمەڵگادا بگرن".

### یەک مانگ، یەک گەڕەک، حەوت ئافرەت

بێدەنگیی بەرپرسان، ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی ناچار کردووە خۆیان داتاکانی پەیوەندیدار بە خۆکوشتن تۆمار بکەن و بڵاوی بکەنەوە. لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 190 کەس لە شارەکانی ورمێ، کرماشان، سنە و ئیلام خۆیان کوشتووە. لەو ژمارەیە 97 کەسیان پیاو و 93 کەسیان ئافرەت بوون.

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: "لەم ژمارەیە تەمەنی 44 کەسیان لە خوار 18 ساڵەوە بووە، لەوانەش 25یان کچ و 19یان کوڕ بوون".

ئەو خەڵکەی قسەیان بۆ (ڕووداو) کردووە، دەڵێن تەنیا لە مانگی تشرینی یەکەمی 2019 لە گەڕەکی نەیسەری سنە 7 ئافرەت خۆیان کوشتووە.

> خۆکوشتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەدەستێنێ

### باری ئابووری

ئیدارەی ئەمریکی لە ئایاری 2018 کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و کۆمەڵەی 5+1 و سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر حکومەتی تارانی ڕاگەیاند. سزاکانی ئەمریکا گوشارێکی زۆری لەسەر باری دارایی خەڵکی ئێران دروستکردووە.

موحسین شوجاعی، جێگری سەرۆکی لقی سنەی ڕێکخراوی خۆشبژێوی، هۆکاری زیادبوونی خۆکوشتن بۆ کێشە ئابوورییەکان دەگەڕێنێتەوە.

شوجاعی بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە کاری ئێمە لە ڕێکخراوی خۆشبژێوی زیاتر بەرەنگاربوونەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە مەترسیدارەکانە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی کێشەی خۆکوشتنیش دەدەین، بۆ ئەوەش هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە نێوان خوێندکاران، ئافرەتە خانەنشینەکان و گەنجان دەدەین".

شوجاعی بەردەوام بوو گوتی: "ئێمە فێریان دەکەین بە هیواوە بژین. هەرکاتێک بزانین کەسێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ڕاوێژکارانی دەروونی و پزیشکەکانمان دەچنە لای و هەوڵدەدەن بیگەڕێننەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی".

بەبۆچوونی کاربەدەستەکەی پارێزگای سنە "کێشە ئابوورییەکان" فاکتەری سەرەکین و "ڕەشبینی و خەمۆکی و تێکچوونی باری دەروونی" لەناو خەڵکدا دەهێننە ئاراوە، لە کاتێکدا ئەزموونی ئەوان لە ڕێکخراوەکە دەریخستووە "قەیرانی ئابووری و خۆکوشتن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە". هەرچەند جەختی لەوەش کردەوە کە "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەرییەکی نێگەتیڤیان لەسەر گەنجان هەیە".



لە ئێران دەستکورتی بە هۆکاری یەکەمی خۆکوشتن دادەنرێ

> لە پارێزگای ئیلام لە هەر 100 هەزار کەس 13 کەسیان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن

### پلانی خۆکوشتنی بەکۆمەڵ

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پارێزگای ئیلام بە 500 هەزار دانیشتووەوە ژمارەیەکی زۆر حاڵەتی خۆکوشتنی بە خۆوە بینیوە.

موسا ئومیدی، دەروونناس لە ئیلام دەڵێ: "مەینەتیی هەرە گەورەی شەڕی ئێران و عێراق بەر خەڵکی ئیلام کەوت". پارێزگای ئیلام لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراقە و ژمارەیەکی زۆری بێوەژنەکانی ئەو پارێزگایە خۆیان کوشتووە.

نەهامەتییەکانی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کێشە ئابوورییەکانیشی هاتووەتە سەر و ئەوەش ئافرەتە دەستکورتەکان هان دەدات پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن. موسا دەڵێ: "کاریگەریی جەنگ و نەبوونی پلانی ئابووری فاکتەری سەرەکین".

دوو ساڵ لەمەوبەر، 12 قوتابی کچی خوێندنگایەکی ئیلام بڕیاریان دا بە کۆمەڵ کۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش بە نیاز بوون خۆیان لە سەربانی قوتابخانەکەیانەوە بخەنە خوارەوە.

مووسا دەڵێ: "دووانیان مردن و ئەوانی دیکە خێزانەکانیان بە پلانەکەیانی زانیبوو و ڕزگاریان کردن. خۆکوشتن بووە بە قەیرانێکی مەترسیدار لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، بەرپرسانی پەیوەندیدار دەبێ بە جیدی بیر لە دۆزینەوەی چارەسەری کۆمەڵایەتی بکەنەوە و ئامانجی درێژخایەن دابنێن، بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە بگرن".

# بە بەرچاوی هاوژین و منداڵەکەیەوە، خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

لەگەڵ هاوژینەکەی و براژنەکەی و منداڵە تەمەن یەک مانگییەکەی لە ژووری میوان دانیشتبوون، لە ناکاو دەنگی گوللەیەک هات، کاتێک هاوژین و براژنەکەی ئاوڕیان دایەوە، بینییان خوێن لە کەللەسەری ئیدریس دەچۆڕێ، ئەوان جگە لە قیژە و هاوار شتێکی دیکەیان لە دەست نەهات بۆ ڕزگارکردنی.

شەوی 2019/11/18 گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی ئیدریس حەیدەر، دانیشتووی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووک، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشت. ئیدریس کە پێشمەرگە بوو لە یەکەکانی هەشتای سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، خێزاندارە و باوکی کوڕێک بوو کە تەمەنی تەنیا یەک مانگە.

عەقید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوا لەلایەن برایەکی ئیدریسەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کرایەوە. پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان گواستەوە بۆ پەیمانگای دادپزیشکی کەرکووک".

پۆلیس قسەی لەگەڵ کەسوکاری ئیدریس کردووە، ئەوان لە ئیفادەکەیاندا دەڵێن: "ئیدریس لە ژوورەوە لەگەڵ هاوژینەکەی و براژنەکەی دانیشتووە، لە ناکاو دەمانچەی دەرهێناوە و گوللەیەکی لە سەری خۆی داوە، بەڵام دەڵێن نازانن بۆچی خۆی کوشتووە".

هیوا حەیدەر کە برا گەورەی ئیدریسە، بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی ڕووداوەکە ماڵی براکەم میوانیان هەبوو، دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، براکەم لەگەڵ هاوژینەکەی و براژنەکەم بەیەکەوە لە ماڵەوە بوون. من کە دراوسێی ئەوانم لە ناکاو گوێم لە دەنگی تەقەیەک بوو، براژنەکەم بە هاوار کردن هاتە دەرەوە و گوتی فریام بکەون ئیدریس خۆی کوشت".

براژنەکەی گوتوویەتی "لە ژوورەوە دانیشتبووین. ئەو کەمێک دوور لە ئێمە دانیشتبوو، من خەریکی پاککردنەوەی منداڵەکەم بووم، هەر ئەوەندەمان زانی دەنگی گوللەیەک هات".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی ئیدریس، هیوا دەڵێت: "لەوانەیە براکەم ئەو کاتە چەکەکەی خاوێن کردبێتەوە و گوللەیەک لە دەستی دەرچووبێت، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی نەبوو".

بەڵام (ک.ر) کە هاوڕێیەکی نزیکی ئیدریسە و دەڵێت چەند ساڵێکە یەکتر دەناسین، باسی ئەوە دەکات کە چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە ئەوم زۆر بە بێتاقەتی بینیوە "سڵاوم لێکرد، بەڵام زۆر بە بێتاقەتی وەڵامی دایەوە. یەکەمجارم بوو ئیدریس بەو شێوەیە ببینم".

(ک) کە ئاگاداری ژیانی ئیدریسە، دەڵێت ئیدریس پێشمەرگە بوو، چەند ساڵێک لەمەوبەر باوکی مرد، ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکە کەوتە ئەستۆی ئەو. جگە لە بەخێوکردنی دایکی، یارمەتی براکەشی دەدا، چونکە باری دارایی براکەی باش نەبوو.

(ک) پێیوایە ئیدریس کێشەی هەبووە و دەڵێت: "چەند سەعاتێک پێش ڕووداوەکە لە کۆڵان وەستابووم، ئیدریس بە کۆڵانەکەدا تێپەڕی، سەلامێکی کرد، لە جاران کزتر دیار بوو، لێم پرسی چیتە؟ گوتی: هیچ نییە و کەمێک بێتاقەتم".

(ک) بە بیستنی هەواڵی مەرگی هاوڕێکەی شۆک بووە، کاتێکیش چووەتە پرسەکەی، لە خزم و کەسەکانی پرسیوە، بۆچی خۆی کوشتووە، ئەوان گوتوویانە پێش ڕووداوەکە تووڕە بووە و هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە.

سەبارەت بەوەی کە ئایا ئیدریس خۆی کوشتووە، یان گوللەی لەدەست دەرچووە. عەقید ئەفراسیاو دەڵێت: "گوللەی لە مێشکی خۆی داوە، بەپێی ئەزموونی ئێمە لە بارەی ڕووداوەکان، پێناچێ بە هەڵە گوللەی لە خۆی دابێ".

ئیدریس نهێنی مەرگەکەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گۆڕ، دوای خۆیشی منداڵێکی هەتیو کرد کە تەمەنی تەنیا یەک مانگە.



ئیدریس حەیدەر

# موقەدەمێکی زێرەڤانی خۆی دەکوژێت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

چەند پێشمەرگەیەک پەیوەندی بە موقەدەم دڵزارەوە دەکەن، بەڵام وەڵام ناداتەوە، کاتێک دەیانەوێ بچن بۆ لای، دەبینن دەرگای ژوورەکەی داخراوە، ئەوان دەرگای ژوورەکەی دەشکێنن و دەبینن لە نێو خوێنی خۆیدا کەوتووە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2019/11/18 موقەدەمێکی هێزەکانی زێرەڤانی بەناوی دڵزار ئەحمەد حەمەدئەمین، تەمەن 55 ساڵ، لە کاتی ئەرکدا لە فەرماندەیی زێرەڤانی، خۆی کوشت. موقەدەم دڵزار دانیشتووی گەڕەکی قەڵای نوێی شاری هەولێر و باوکی چوار منداڵ بوو.

عەقید دڵشاد مەولود، بەرپرسی ڕاگەیاندنی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بە (ڕووداوی)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی چەند پێشمەرگەیەک پەیوەندی بە موقەدەم دڵزارەوە دەکەن و وەڵام ناداتەوە. دەچن بۆ ژوورەکەی، دەبینن دەرگای ژوورەکەی داخراوە، پاشان دەرگاکە دەشکێنن و دەبینن خۆی کوشتووە".

بەرپرسی ڕاگەیاندنی زێرەڤانی، موقەدەم دڵزار بە "کەسێکی لێهاتوو" وەسف دەکات و دەڵێت کارەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست. هەروەها دەڵێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکدێنین بۆ ئەوەی بزانن هۆکاری خۆکوشتنەکەی چی بووە.

هەڵوێست دڵزار کە کوڕی گەورەی دڵزارە و لەگەڵ باوکی پێشمەرگە بووە، ڕۆژی ڕووداوەکە ئەو لە ماڵ بووە. هەڵوێست گوتی: "باوکم بەیانیی ڕۆژی 17ی مانگ چوو بوو بۆ دەوام. شەو نەگەڕایەوە، بەڵام ئێمە بەلامانەوە ئاسایی بوو، چونکە هەفتەی جارێک شەوێک لە بارەگا دەمایەوە".

هەڵوێست ڕەتیکردەوە باوکی هیچ کێشەیەکی هەبووبێ و گوتی: "ئەو ڕۆژە باوکم کە لە ماڵ چووەتە دەرەوە، هیچ کێشەیەکی نەبووە، لە دەوامیش ئاسایی بووە. ئێستا دایکم دەڵێت باوکت لەو ماوەیە کەمێک دڵی توند بووە، بەڵام باسی نەکردووە لەبەرچی".

هەڵوێست دەڵێت باوکی کەسێکی زۆر خەمخۆر بووە، بە بچووکترین شت خەمی دەخوارد، بەردەوام بیری لای ئەوە بووە کە دەوامەکەی بە ڕێکوپێکی بکات و گلەیی نەیەتە سەری.

هەڵوێست دەڵێت ڕۆژی پێشتر لەگەڵ باوکی بووە و وەکو ڕۆژانی پێشتر ئاسایی بینیویەتی، سەعات نۆی بەیانی ڕۆژی دواتر کەسێک پەیوەندی پێوە کردووە و هەواڵی مەرگی باوکی پێداوە. هەڵوێست دەڵێت کە هەواڵەکەم بیست خەریک بوو شێت بم، نەمزانی چۆن هەواڵەکەم بە دایکم دا. گوتیشی: "دایکم لەو ڕۆژەوە باری تەندروستی تێکچووە".

جەوهەر ئەحمەد کە برای موقەدەم دڵزارە، دەڵێت: "قەت نەمزانیوە دڵزار هیچ کێشەیەکی هەبووبێ، تەنیا نەخۆش بوو، نەخۆشییەکەشی لە ئەنجامی زۆر خەمخواردنەوە تووش بوو، گوشاری خوێنی بەرز دەبووەوە".

جەوهەر دوایینجار سێ ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە گوێی لە دەنگی براکەی بووە. ئەو دەڵێت: "سێ ڕۆژ پێش ئەوەی دڵزار خۆی بکوژێ، تەلەفۆنم بۆ کرد، هەستم کرد بێتاقەتە، بەڵام لێم نەپرسی بۆچی بێتاقەتی. پێیگوتم یەکشەممە دەچمە دەوام و شەو ناگەڕێمەوە".

جەوهەر کە دوای پرسەی براکەی قسەی لەگەڵ براژنەکەی کردووە، دەڵێت: "براژنەکەم گوتی ئەو ماوەیە دڵزار زۆر بێتاقەت دیار بوو، بەڵام باسی هیچ شتێکی لەلای ئێمە نەکردووە، ئێمەش لێمان نەپرسیوە بۆچی بێتاقەتە".

کەسوکاری موقەدەم دڵزار دەڵێن ئەوان هیچ شتێک لەبارەی خۆکوشتنەکەی نازانن، چاوەڕێن لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەبارەی ڕووداوەکە تەواو بن، بەڵکو ئەوکات بۆیان ڕوون ببێتەوە کە موقەدەم دڵزار بۆچی خۆی کوشت!



دڵزار ئەحمەد حەمەدئەمین

بەهۆی کورد

# هەستی دژە ئەمریکایی لە تورکیا لە هەڵکشاندایە!


(فۆتۆ: AFP)

ڕووداو- هەولێر

هەستی دژە ئەمریکایی لەناو خەڵکی تورکیا تادێت هەڵدەکشێ. جگە لە ڕەهەندی مێژوویی ئەم هەستە، چاودێران پێیانوایە سیاسەتی حیزبی دەسەڵاتدار و هاوکاریی ئەمریکا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، هۆکاری هەڵکشانی هەستی دژایەتی ئەمریکایە لەنێو تورکاندا.

مێژووی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی. دواتر ئەو پەیوەندییە لە ڕووی سەربازی، سیاسی و ئابوورییەوە بەرەوپێش چوو.

## هاوپەیمانێتییەکی پڕ لە کێشە!

هەستی دژە ئەمریکایی لەناو کۆمەڵگای تورکی لە دوای ساڵانی 1960 سەریهەڵداوە، بەهۆی هەندێک بارودۆخ ئەم هەستە لە هەندێ قۆناغدا هەڵکشاوە و هەندێ جاریش داکشاوە. بەر لە دەرکەوتنی ئەمریکا وەکو زلهێزێک لە جیهاندا، لەناو کۆمەڵگای تورکیدا هەستی دژە ئینگلیز هەبوو، دواتر دژە ئەمریکایی جێگای گرتەوە. لە چەپەوە بگرە تا ڕاست، لە ئیسلامییەکانەوە بگرە تا نەتەوەپەرستەکان، لە هەستی دژە ئەمریکاییدا هاوبەشن.

بەگوێرەی کۆمپانیای (پیورس)ی ئەمریکی بۆ ڕاپرسی و توێژینەوە، تورکیا لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی پێنجەمیندایە لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی کۆمەڵگاکانیان دژ بە ئەمریکایە. بە گوێرەی ڕاپرسییەکانی کۆمپانیاکە، نزیکەی 80%ی کۆمەڵگای تورکی دژی ئەمریکان.

هەر لەو ڕووەوە زانکۆی (قادر هاس) لە ئیستانبوڵ لە ڕۆژی چواری کانوونی دووەمی 2019 ڕاپرسییەکی کردووە، بەپێی ئەنجامەکەی 81.9%ی بەشداربووان ئەمریکا بە هەڕەشە دەزانن لەسەر یەکێتی خاکی تورکیا.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، پەیوەندیی نێوان ئەمریکا – تورکیا لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو وڵات ڕێکخرا. تورکیا وەکو ئەندامێکی ناتۆ بەشداری لە شەڕی کۆریادا کرد. هەرچەندە پەیوەندی هەردوولا لەڕووی سەربازی، سیاسی و ئابوورییەوە پێشکەوت، بەڵام پەیوەندییەکە بە شەپۆلی ڕووداوەکانی سەردەمی شەڕی سارد کاریگەر بووە.

نەسرین ناس، ژنە ئەکادیمی و نووسەری تورک پێیوایە نەبوونی پەیوەندیی هاوسەنگ و یەکسان لە نێوان هەردوولادا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی دوژمنایەتی لە بەرامبەر ئەمریکا. ناس بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی کێشەی تورکیا – یۆنان و مەسەلەی قوبرس، ناوبەناو پەیوەندیی دوو قۆڵی هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە. دوای سەپاندنی گەمارۆ بەسەر تورکیادا لە ساڵانی 1970 بەدواوە، ئەو پەیوەندییە نەگەڕایەوە ئاستی جارانی".

هەروەها دەڵێت: "بەهۆی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کوبا، ڤێتنام و وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ناوەندە سیاسییەکانی تورکیا و کۆمەڵگای تورکی زیاتر لە ئەمریکا نیگەران بوون، نەبوونی پەیوەندیی یەکسان بووە هۆی سەرهەڵدانی هەستی دوژمنایەتی لە بەرامبەر ئەمریکا".

ئەگەرچی لە سەردەمی سەرۆکایەتی (بیل کلینتن) پەیوەندیی هەردوولا باشتر بوو، ئەمریکا هاتە سەرخەت بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، بەڵام ئەمە زۆر درێژەی نەکێشا. نەسرین ناس دەڵێت: "بەهۆی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، دوژمنایەتیی تورک بۆ ئەمریکا زیاتر بوو. سەرەڕای هەوڵەکانی ئەردۆغان بەڵام پەرلەمانی تورکیا ڕێگای نەدا سەربازانی ئەمریکا خاکی تورکیا بۆ لێدانی عێراق بەکاربێنن. بە دەستگیرکردنی سەربازانی تورک لە سلێمانی لە ساڵی 2003 و گونیە لەسەر کردنیان دوژمنایەتی تورک بۆ ئەمریکا گەیشتە لوتکە".

نەسرین ناس کە پێشتر ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بووە و هەروەها سەرۆکی پارتی ڕێگای ڕاست (دۆغرویۆڵ) بووە لە دوای تانسۆ چیللەر، پێیوایە: "بەهۆی ئەم کێشانەی لەم ساڵانەی دواییدا سەریهەڵداوە 90%ی کۆمەڵگای تورک بووەتە دوژمنی ئەمریکا".

بەڵام سەڤەن نیشانیان، نووسەری ئەرمەنی، هەستی دوژمنایەتیی تورک بۆ ئەمریکا بە ڕەهەندی مێژووییەوە دەبەستێتەوە. لە هەڤپەیڤینێکی ڕادیۆییدا لەگەڵ پێگەی ئەحواڵ، ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە: "تورکیا وڵاتێکە لەسەر کولتووری دژە کریستیان بنیاتنراوە. ئەمە لۆژیکی دەوڵەتی عوسمانی بووە. بەگوێرەی ئەم لۆژیکە ڕۆژئاوا دوژمنە، کریستیان دوژمنە. شەڕی هەر تورکێک لەگەڵ ئەوان ئەرکی لە پێشینەیە. ئەم لۆژیکە خۆی خزاندووەتە ناو هەموو کون و کەلێنێکی کۆماری تورکیاوە. کەواتە لە پشت دوژمنایەتی ئیمپریالیزم لە تورکیا، کولتووری دژە کریستیان خۆی حەشار داوە. 100 ساڵە دەوڵەت دەڵێت (دوژمنان وڵاتیان داگیر کردووین)، بەڵام کەس ئەو پرسیارە ناکات کێ شەڕی بەرپا کردووە، بۆچی دوژمن وڵاتی داگیرکردووین".

نیشانیان هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا دەڵێت: "کۆمەڵگای تورکی زۆر ئیعتیبار بۆ قسەی میدیا دادەنێت. کاتێک دەڵێن تورەگەیان لەسەری سەربازانی ئێمە کرد، خەڵک لە هۆکاری پشت ئەم کردەوەیەی نەپرسی، چونکە میدیا باسی نەکرد، هەستی ڕقلێبوونەوە بەم شێوەیە هەڵدەکشێت. جگە لە هەدەپە هەموو پارتەکانی دیکەی تورکیا هانی هەستی دژە ئەمریکایی دەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر. بەتایبەتی ئاکەپە هەوڵدەدات هەستی دوژمنایەتی بەرامبەر ئەمریکا تۆختر بکاتەوە".

جگە لە هۆکارە مێژووییەکان، چەندین هۆکاری دیکەش هەن کە بوونەتە هۆی تیژکردنەوەی ئەم هەستە. لەوانە هاوکاریی سەربازیی ئەمریکا بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە ڕۆژئاوای کوردستان، دالدەدانی فەتحوڵڵا گولەن لە ئەمریکا کە میدیای فەرمیی تورکیا بە دارێژەری پلانی کودەتای تەممووزی 2016 ناوی دەبات.

موراد یەتکین، نووسەر و شرۆڤەکاری تورک پێیوایە هاوپەیمانیی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا بەهۆی پێداویستی و بەرژەوەندیی هەردوو وڵات لە ڕووی بەرگری هاتووەتە گۆڕێ. لەمبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "مەرج نییە دوو هاوپەیمان لە هەموو بوارێکدا وەکو یەکدی بیربکەنەوە. لەو کاتەی خەڵک پێیوایە بەرژەوەندیی ئەمریکا لە دژی تورکیایە، هەستی دوژمنایەتی هەڵدەکشێت".

یەتکین بە پێچەوانەی نووسەر و شرۆڤەکارانی دیکە، پێیوایە هیچ هۆکارێکی مێژوویی لەئارادا نییە بۆ ئەوەی تورک وەکو دوژمن لە ئەمریکا بڕوانن: "هۆکارەکەی نەگونجانی سیاسییە".

ئەم نووسەرەش پێیوایە ئێستا هەستی دوژمنایەتیی تورک بەرامبەر ئەمریکا لە بەرزترین ئاستدایە. دەربارەی هۆکارەکەشی دەڵێت: "پێموایە هاوکاریی ئەمریکا بۆ یەپەگە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. بەبێ ئەمەش هەستی دژە ئەمریکایی بەرز بوو، بەڵام کاتێک هەماهەنگیی ئەمریکا لەگەڵ یەپەگە دێتەگۆڕێ، ئاساییە ئەم هەستە زیاتر هەڵبکشێ".

موراد یەتکین دەشڵێت بەرزبوونەوەی هەستی دوژمنایەتی پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە نییە "لە ناخی کۆمەڵگادا ئەم هەستە پەنگی خواردووەتەوە. بەڵام گوتاری ئەمڕۆی دەسەڵات ئەم هەستە زیاتر دەوروژێنێ".

بەڵام ڕۆژ گیرەسون، بەڕێوەبەری ناوەندی (ڕاوەست) بۆ توێژینەوە و ڕاپرسی بۆچوونێکی دیکەی هەیە. لە وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دا دەڵێت: "ئەمە شتێکی نوێ نییە، 50 ساڵە هەستی دژە ئەمریکایی لە تورکیا هەیە. لەو کاتەی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا بەهێز بووە، لەناو کۆمەڵگای تورکیدا هەستی دژە ئەمریکایی هەر هەبووە".

بەگوێرەی گیرەسون، ئیسلامییەکان و چەپەکان هەستی دژە ئەمریکایی وەکو ئەرگیومێنتێک بەکاردێنن: "ئەمەش کاریگەری لەسەر لۆژیک و بیرکردنەوەی تاکی تورک هەبووە". گیرەسون پێیوایە سیاسەتی حکوومەت ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە بەرزکردنەوەی هەستی دژە ئەمریکایی: "حکومەتی تورکیا لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پروپاگەندەی دژە ئەمریکا دەکات، ئەمەش فوو بە هەستی دوژمنایەتی بەرامبەر ئەمریکادا دەکات. بەتایبەتی لە مەسەلەی کورد و پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ یەپەگە، ڕێنوێنی نەفرەتی نەتەوەپەرستی تورک دژ بە ئەمریکا دەکات".

لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەمریکا گفتوگۆ لەسەر "ئیسلامی میانڕەو" هەروەها "کێشەی کورد" زیاتر بووە. کۆمەڵگای تورک کە لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی بنیاتنراوە، ئەم دوو مەسەلەیە بە هەڕەشە دەزانن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورک.

نەسرین ناس لەمبارەیەوە دەڵێت: "بەگوێرەی بۆچوونی باو لەناو کۆمەڵگای تورکیادا، ئەمریکا لە ڕێگای پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەخوازێت تورکیا دابەش بکات، ڕژێمی (ئیسلامی میانڕەو) لە بنەمادا سەر بە ئەمریکایە، ئەمریکا دەخوازێت تورکیایەکی دوور لە بنەماکانی ئەتاتورک دروست بکات. هەرە دوایی بەهۆی پشتگیریی ئەمریکا لە یەپەدە و کوردی سووریا، بە پشتگیریی دەسەڵاتی تورکیا هەستی دژە ئەمریکایی لە هەڵکشاندایە".

> سەرۆکی پێشووی پارتی ڕێگەی ڕاست:
> ئێستا 90%ی تورکەکان لە دژی ئەمریکان

> نووسەرێکی تورک:
> هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە هەستی دژە ئەمریکای لە تورکیا بەهێز کردووە

## یەحیا عەریزی، ئەندامی لیژنەی نووسینی دەستووری سووریا

# داوا لە نوێنەرانی کورد دەکەین ڕێگەمان بدەن بەرگری لە کورد بکەین



> تیمی ڕژێمی سووریا تەنیا ئامانجیان بەردەوامیدانە بە مانەوەی دەسەڵات

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 25ی تشرینی دووەمی 2019 جارێکی دیکە لیژنەی بچووککراوەی نووسینی دەستووری سووریا لە جنێڤ بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆببێتەوە، خاڵی ناکۆک و سەرەکیی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی سووریا لەسەر ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆن داوای نووسینی دەستوورێکی نوێ بۆ سووریا دەکات، بەڵام حکومەتی سووریا داوا دەکات دەستووری 2012 بکرێتە بنەما بۆ دەستووری نوێ. یەحیا عەریزی، ئەندامی لیژنەی نووسینی دەستووری نوێی سووریا و گوتەبێژی دەستەی باڵای دانوستاندنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) دەڵێت: مافی کورد لە دەستووری نوێی سووریا وەکو هەر هاووڵاتییەکی دیکەی سووری دەبێت.

هەڤپەیڤین: دلبخوین دارا
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: کارەکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری سووریا بە کوێ گەیشت؟**

**یەحیا عەریزی:** لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا ئەندامانی لیژنەکە بۆچوونی خۆیان خستەڕوو لەبارەی ئەوەی چی گرنگە بۆ نووسینەوەی دەستوور. هەرچەندە لە 150 ئەندامەکە نەتوانرا بۆچوونی هەموان وەربگیرێت، بۆچوونەکان بۆ سێ ئاستی (یاسایی، سیاسی و دەستووری) پۆلێن کران. لە کۆبوونەوەی ئەمجارە ئەو پێشنیازانە تاوتوێ دەکرێن کە لە چوارچێوەی دەستووریدان، بەڵام بەشێکی ئەندامانی لیژنەکە کە سەر بە ڕژێمی سووریان، ئەوان لەو باوەڕەدان دەستووری 2012 بکرێتە بنەمای نووسینەوەی دەستووری نوێ، ئێمە دەڵێین دەبێت سووریا دەستوورێکی نوێی بۆ بنووسرێتەوە.

**ڕووداو: ئێوە ئامادەن دەستووری 2012 فراوان بکرێت، نەک سەرلەنوێ دەستوور بنووسرێتەوە؟**

> بێ هەڵبژاردن و قۆناغی ڕاگوزەری سیاسی دەستوور کێشەکانی سووریا چارەسەر ناکات

**یەحیا عەریزی:** دەستووری ساڵی 2012 بۆ سووریا گونجاو نییە. ئەو دەستوورە بۆ ئەوە گونجاوە کە جارێکی دیکە تراژیدیای دیکە دروست بکات، چونکە ئەو دەستوورە بەشێکی ماددەکانی دەسەڵات دەخاتە دەستی یەک لایەن، بۆ نموونە سەرۆکی وڵات دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان، بەڕێوەبردن و هەموو شتێکی بەدەستە. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان زۆر گرنگە، بۆیە پێویستمان بە دەستوورێکی نوێیە.

**ڕووداو: ئێوە دەتانەوێت سووریا چۆن بێت وەکو ئۆپۆزیسیۆن؟**

**یەحیا عەریزی:** بە بۆچوونی ئێمە، سووریا بۆ هەموو سوورییەکانە. بەهای سووریا لەسەرووی هەموو شتێکە. ئێمە دەچینە جنێڤ بۆ نووسینەوەی دەستوور، تیمی دیکەش هەن دەچنە جنێڤ ئامانجیان بەرژەوەندی سوورییەکان نییە، بەڵکو ئامانجیان دەسەڵاتە، ئەوەش باشترین ئاماژەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت سەرکوتکاری و دیکتاتۆری بەردەوام بێت و وڵات وێران بکەن. ئێمە باوەڕمان وایە ئەو نۆ ساڵە کارەساتبارەی ڕابردوو، نابێت دووبارە ببێتەوە.

> هەست بە ستەمی سەر کورد دەکەین و نابێت هیچ ستەمێک لەسەر کورد بمێنێ

**ڕووداو: بەڵام پێکهاتەکانی دیکە، کورد، تورکمان، کریستیان و چەرکەز و... دەیانەوێت سووریا بۆ ئەوان هەمان مافی تێدابێت، کێشەیان هەیە لەگەڵ ئەوەی دەنووسرێت کۆماری عەرەبی سووری ،چونکە ستەمیان بینیوە لەژێر ئەو ناونیشانە؟**

**یەحیا عەریزی:** ئێمە پێمانوایە دەبێت سووریا بۆ هەموو سوورییەکان بێت. هەموو پێکهاتەکان بە عەرەب، کورد و ئاشووری، یان هەر پێکهاتە و ئاینزای دیکە یەکسان بن بەرامبەر یاسا، ئەوە ئامانجی ئێمەیە، چونکە مرۆڤ لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. ئێمە هەست بەو ستەمە دەکەین کە لەسەر کورد هەبووە و دەزانین ستەمی زۆریان بەرامبەر کراوە، جەخت لەوە دەکەینەوە کە نابێت هیچ ستەمێک لەسەر کورد بمێنێت، لەبارەی ئەوەی بنووسرێت کۆماری عەرەبی سووری، یان کۆماری سووریا، یان هەر جۆرێکی دیکە، ئەوانە لە دانوستاندنەکاندا باس دەکرێن، بەڵام هێشتا هیچ ڕێککەوتن نەکراوە لەوبارەوە.

**ڕووداو: هەست ناکەن ستەمتان لە کورد کردووە کە تەنیا دوو ئەندامی لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا هەن؟**

**یەحیا عەریزی:** دوو ئەندامی کورد لە لیژنەی دەستوور هەن، برایانی کورد لە لیژنەی بچووککراوە کە لە 15 ئەندام پێکهاتوون هەن، لە لیژنە 50 کەسییەکەش هەن. هەروەها لە تیمی ڕژێمی سووریاش هەن، پرسەکە پەیوەست نییە بە ژمارەوە، بەڵکو پەیوەستە بە مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان. وەکو پێمگوتی ستەمی سەر کورد لەبەرچاو دەگرین و ئەوە پرسێکی سەرەکییە بۆ ئێمە. بەشی زۆری گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی دەستەی دانوستاندنی سووریا هەر لەوبارەوە بووە.

**ڕووداو: بەڵام ئەگەر پرسیار لە کورد بکرێت، کۆمەڵێک گلەیی و گازندەتان لێدەکەن و دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن ناحەقیی گەورەی بەرامبەر کورد کردووە و تەنیا دوو ئەندامی کورد لە لیژنەکەدا هەن و لە لیژنەی بچووککراوەش تەنیا یەک ئەندام هەیە، ئەندامێک چۆن دەتوانێ مافی کورد بپارێزێ لە نێو 45 ئەندامدا؟ میکانیزمی دانانی ئەندامەکان چۆنە، ڕێککەوتنە یان دەنگدانە؟**

> گفتوگۆ و دانوستاندنەکان لەبارەی دەستوور سووری- سوورین

**یەحیا عەریزی:** هیواخوازم برایانی کورد لە لیژنە 50 کەسییەکە لە دەستەی دانوستاندن لێبگەڕێن ئەوانەی کوردنین بەرگری لە دۆخی کورد بکەن. ئەوانەی کورد نین بەرگریکار و پارێزەری پرسی کورد بن، ئەگەر سەیر بکەیت، لەو مۆزایکەی لە سووریا هەیە نەتەوە و پێکهاتە و ئاینزای زۆری تێدایە، ئەگەر نوێنەری هەموویان لە لیژنەکان دابنرێت، ژمارەکە یەکجار زۆر دەبێت، پرسەکە پەیوەست نییە بە هەڵبژاردن، چونکە دۆخی سووریا باش نەبووە تاوەکو هەڵبژاردنی تێدا بکرێ.

**ڕووداو: بەشار جەعفەری، باڵیۆزی سووریا دەڵێت دەستوەردانی دەرەکی لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور هەیە، ئایا ئەمە ڕاستە؟**

**یەحیا عەریزی:** لە ڕاستیدا، بەشار جەعفەری شایەنی ئەوە نییە وەڵام بدرێتەوە، هیچ دەستوەردانێک لە لیژنەی دەستووری سووریا نییە. گفتوگۆ و دانوستاندنەکان سووری- سوورین، بەڕێز گەیر پێدرسن، لە کۆبوونەوەکاندا وەکو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە دەبێت، هەردوو سەرۆکی لیژنە دەستوورییەکەش لە ئۆپۆزیسیۆن و ڕژێمی سووریا بە نۆرە سەرۆکایەتی لیژنەکە دەکەن، هیچ دەستوەردانێکیش لە گفتوگۆکاندا نییە، ئەگەر دەستوەردان هەبێت لە پێکهێنان و دامەزراندنی لیژنەکان بووە، چونکە دەزانن پرسی سووریا تەنیا وەکو پرسێکی نێوخۆیی نەماوەتەوە، داگیرکاری جیاواز لە سووریا دەبینین، ڕووسیا لە هەموو شوێنێکە، میلیشیاکانی ئێران لە سووریان کە ڕژێم داوای هاتنی کردوون. هەروەها ئەمریکا و تورکیا و زۆر لایەنی دیکەش هەن ، پرسەکە نێودەوڵەتییە، بەڵام تاوەکو پێمان بکرێت لە لیژنەی دەستووری وا دەکەین ئەنجام و بەرهەمی کۆبوونەوەکان لەبارەی نووسینەوەی دەستوور بەشێوەیەک بێت، دەستوورێک دابنێین شایەنی سووریا بێت.

**ڕووداو: لیژنەکە دەتوانێ چارەسەرێکی سیاسی بۆ سووریا دابنێت؟**

**یەحیا عەریزی:** دەزانین کە لیژنە دەستوورییەکە کاری دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی نییە بۆ سووریا، بڕیاری نێودەوڵەتی هەن، لەوانە 2254، نووسینەوەی دەستوور تەنیا پرسێک نییە لەبارەی سووریا، دەستوور دەبێت گشتپرسی بۆ بکرێت لەنێو گەل بۆ ئەوەی پەسند بکرێت. بۆ بەڕێوەچوونی ئەو گشتپرسییەش دەبێت کەشێکی ئارام و گونجاو برەخسێنرێت، بۆ ئەوەی سوورییەکان بە ئازادانە دەنگ بدەن بە دەستوور. پێویستە لە سووریا قۆناغی ڕاگوزەری سیاسی هەبێت بۆ گەڕاندنەوەی سووریا بۆ دۆخی ئاسایی، بەپێی بڕیارە نێودەوڵەتییەکە دەبێت هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی بکرێت، بەبێ ئەوانە چارەسەری سیاسی لە سووریا نابێت، لیژنەی دەستووری تەنیا هەنگاوێکە بەرەو دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ سووریا.

**ڕووداو: کەواتە لەڕیاوەڕەدان بگەنە ئەنجامێک لەگەڵ شاندی حکومەتی سووریا؟**

**یەحیا عەریزی:** ئێمە لای خۆمانەوە بە هەموو جیدیەتێک دەچینە گفتوگۆکانەوە، بەڵام ڕەنگە لایەنی بەرامبەر گرنگی بە پرسی دیکە بدات، بە دیاریکراویش گرنگیدان بە مانەوە لە دەسەڵات، ئەوەش چارەسەر نییە بۆ سووریا..

> لە دەستووری نوێدا مافی کورد وەکو هەر هاووڵاتییەکی دیکەی سووری دەبێت

**ڕووداو: مافی گەلی کورد لە دەستووری نوێی سووریا چی دەبێت؟**

**یەحیا عەریزی:** مافی کورد وەکو هەر هاووڵاتییەکی سووری دەبێت بەبێ جیاکاری.



دکتۆر هونەر ڕێبوار

# دکتۆریش داشکاندن دەکات؟

لە بەشی ڕاوێژکاریی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات لە ئەرکدابووم و وەک پزیشکی نیشتەجێی دێرینی فریاکەوتن نەخۆشەکانم بەڕێدەکردن. چەند گەنجێک هاتنە ژوورەوە کە بە هەموویان یارمەتی هاوڕێیەکی خۆیان دەدا، نەخۆشەکە جگە لە هاوار هاوار بۆ ئازارەکەی، توانای هیچی نەمابوو، کە لێمپرسی چیتە و بۆ وا گرفتاری، یەکسەر دەستی بە گلەیی کرد!

پزیشک لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا لە یەکەم سڵاوەوە دەست بە دەستنیشانکردن دەکات تاوەکو هەموو پشکنینە بنچینەییە سادە و ئاڵۆزەکان کە هەموویان یارمەتیدەر دەبن. سەرەتا دەبێت مێژووی نەخۆشییەکە وەربگرێت کە زۆرجار لەلای هەندێک نەخۆش کارێکی زەحمەتە و ئامادە نییە هیچ زانیارییەکت پێبڵێت، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی باوەڕی پێت نییە، بەڵکو لە تەمبەڵیی خۆیەتی و نازانێت ئەمە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەی دوادەخات.

گرفتی زۆر لە نەخۆشەکانی ئێمەدا ئەوەیە کە هاتوون بۆ پشکنینی تاقیگەیی، نەک بۆ لای پزیشک، هاتوون بۆ ئەشیعە نەک بۆ لای دکتۆر، هاتوون بۆ موغەزی نەک بۆ چارەسەری تەواو، ئەمەش زۆرجار وادەکات پزیشکەکە نەتوانێت بەدواداچوون بۆ دەستنیشانکردن بکات و دواتریش چارەسەری نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی زانستی دەستپێبکات.

ئەو گەنجانەی هاتنە لای من، هەریەکەیان قسەیەکی دەکرد، یەکێک دەیگوت نەخۆشە و یەکێک دەیگوت تووشی سکچوون بووە، یەکێک لەولاوە باسی سەرئێشەی دوو ڕۆژ پێشتری خۆی دەکرد و یەکێکیش قۆڵی هەڵکردبوو تاوەکو زەختێکی بۆ بگرم، قەرەباڵغی یەکەکانی ڕاوێژکاری کە هیچ نەخۆشخانە و بنکەیەکی تەندروستی کوردستان لێی بەدەر نییە، زۆرجار گرفت دروستدەکات، پزیشک ناپەرژێتە سەر نەخۆشە ڕاستەقینەکە و لەبەر هاوەڵەکانی هیچی پێناکرێت.

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، ئەگەر قەرەباڵغیی نەخۆشخانەکان لەدەست ئێمە نەبێت و چارەسەرێکی خێرامان پێنەکرێت، دەتوانین یارمەتیدەر بین لە کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی ژووری پزیشک، تاوەکو پزیشک تەنیا سەرقاڵی نەخۆشەکە بێت، ئەمەش بەوە دەکرێت لەجیاتی پێنج هاوەڵ، یەک کەس لەگەڵ نەخۆشەکە بێت، لەجیاتی هەڵکردنی قۆڵی خۆت بۆ زەختگرتن، خەریکی ئامادەکردنی نەخۆشەکە بیت بۆ پشکنینی فیزیکی لەلایەن پزیشک، چونکە ئەوکاتە نەخۆشەکە بەشێوەیەکی خێراتر پشکنینەکەی بۆ دەکرێت و پزیشکیش وردتر دەتوانێت بیری لای نەخۆشییەکەی بێت.

کە پیاوەکە هاتە ژوورەوە، لێمپرسی ئایا گرفتی چییە و لەبەرچی سەردانی نەخۆشخانەی کردووە، لەجیاتی وەڵامێکی دروستی هۆکارەکەی، یەکسەر گوتی: نامبینی چەند لاوازم، کە گوتم هۆکاری لاوازییەکەی چییە و دوای چەندین پرسیاری دیکە، توانیم دوو سێ وشەی دروستی لێوەرگرم و زانیم نەساخەکە تووشی سکچوون بووە!

بۆ زانینی توندیی سکچوونەکەی پرسیم کە چەند ڕۆژە ئاوایە و ڕۆژانە چەندجار سکچوونی هەیە، نەخۆشەکە لەتاو ژانەکەی خۆی گوتی دکتۆر ڕۆژانە زیاتر لە 30 جار دەچمە توالێت، هاوڕێکەی کە لەگەڵی بوو، بەبێ ئەوەی لە ژانی نەخۆشەکە تێبگات و بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم یەکسەر گوتی: "دکتۆر داشکاندنی بۆ بکە، بەخوا بە هەر سێ ڕۆژەکەش 30 جار دانەنیشتووە".

تووشبوونی سکچوون بەشێوەیەکی گشتی بۆ چارەسەر کە دڵنیابووینەوە لەوەی مەترسیدار نییە، تەنیا پێویستیان بە وەرگرتنی ژیناو (موغەزی) دەبێت، لەگەڵیدا هەندێک ڕێنمایی دەکرێن، بەڵام ئەوەی بەرچاومان دەکەوێت، نەخۆشەکانی خۆمان بەبێ بوونی نیشانە مەترسیدارەکانی هەوکردن کە بریتین لە بوونی خوێن لە پیسایییدا، پێچ و سکئێشەی توند، تا و ڕشانەوە، لە عیادە لاکۆڵانەکان یەکسەر نەخۆشەکان دەست بە وەرگرتنی دەرمانە دژەزیندە و دەرمانە دژە مشەخۆرەکان دەکەن و کە دەگەنە نەخۆشخانە کار لە کار ترازاوە، چونکە نەخۆشەکە چارەسەرە پێویستەکەی بۆ نەکراوە کە وەرگرتنی شلەکانە چ لەڕێگەی موغەزی یان لەڕێگەی دەم.

# بۆچی لە زستاندا زیاتر نەخۆشدەکەوین؟

ڕووداو- مێڵس لاین

لەگەڵ نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما و هاتنی وەرزی زستان، ژمارەیەکی زۆری خەڵک نەخۆشدەکەون، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەم وەرزەدا مەترسیی تووشبوونمان بە نەخۆشی زیاترە؟

د.ڕۆبێرت گلاتێر، پزیشکێکی پسپۆڕی فریاکەوتنی هەناوی لە نەخۆشخانەی لینۆکس هیڵ لە نیویۆرک وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. د.ڕۆبێرت دەڵێت، لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما ڤایرۆسەکان بەربڵاوتر و بەهێزتر دەبن و مرۆڤ تووشی هەوکردنی جیاواز دەکەن.

پزیشکە پسپۆڕەکەی هەناوی ڕوونیدەکاتەوە ڤایرۆسەکان لە وەرزی سەرمادا زیاترن و بەرگەی لەنێوچوون دەگرن و زۆر دەبن، هەروەها سیستەمی بەرگریی جەستەش سست دەبێت، بۆیە بەربڵاویی ڤایرۆسەکان لەم وەرزەدا هۆکارە بۆ تووشبوونی خەڵکی بە هەوکردنە جیاوازەکان.

د.ڕۆبێرت دەشڵێت، یەکێک لە بەربڵاوترین گرفتەکانی خەڵکی لەم وەرزەدا بریتییە لە تووشبوونیان بە هەڵامەت، یەکێک لەو ڤایرۆسانەشی کە هۆکارە بۆ تووشبوون بە هەڵامەت (ڕینۆ ڤایرۆسە)، توێژینەوەکانیش دەریانخستووە لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما ئەم ڤایرۆسە لەنێو جەستەدا زۆر دەبێت و بە ئاسانیش لەنێو خەڵکدا دەگوازرێتەوە.

سەبارەت بە سستبوونی بەرگریی جەستەش لە وەرزی زستاندا، پزیشکێکی پسپۆڕی خێزانی لە سەنتەری جۆنی پزیشکی دەڵێت، دابەزینی پلەکانی گەرما، سیستەمی بەرگریی جەستە لاواز دەکات، یەکێک لە بۆچوونەکانیش ئەوەیە سەرما هۆکارە بۆ گرژبوونی لوولەکانی خوێن، ئەمەش ڕۆیشتن و کاری خڕۆکە سپییەکانی خوێن لاواز دەکات و توانایان بۆ لەنێوبردنی ڤایرۆسەکان کەمتر دەبێتەوە.

پزیشکە پسپۆڕەکەی خێزان ڕێنمایی دەدات بۆ دووربوون لە نەخۆشی، خۆمان گەرم داپۆشین، دەستمان بشۆین و سەرچاوە دەوڵەمەندەکان بە ڤیتامین C بخۆین.





# 4 کاریگەری لاوەکیی دەرمانەکانی دابەزاندنی کێش

ڕووداو- برایت ساید

بەشێکی خەڵک بۆ دابەزاندنی کێشی زیادی لەشیان پەنا بۆ ڕێگەی هەڵە دەبەن، یەکێک لەوانەش بەکارهێنانی دەرمانە. ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕیکلام بۆ بەرهەمەکانی دابەزاندنی کێش یەکجار بەرچاون و زۆربەی خەڵکیش بەبێ دڵنیابوونەوە لە سەلامەتیی ئەو بەرهەمانە، بەکاریاندێنن.

بەرهەمەکانی دابەزاندنی کێش بە زۆر جۆر بەردەستن، بۆ نموونە بەشێوەی چا، شەربەت، کرێم و حەب. پزیشکان بەردەوام هۆشداری دەدەن لەبارەی بەکارهێنانی ئەو حەبانەی بۆ دابەزاندنی کێش بەکاردەهێنرێن، چونکە چەندین زیانی لاوەکییان لەسەر جەستە هەیە بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین. پزیشکان دەڵێن باشترین ڕێگە بۆ دابەزاندنی کێش بریتییە لە خواردنی خۆراکە تەندروستەکان و وەرزشی بەردەوام.

## کاریگەرییە لاوەکییان حەبی دابەزاندنی کێش بریتین لە:

### 1 زیانگەیشتن بە جگەر:

بەشێکی ئەو حەبانەی بۆ دابەزاندنی کێش بەکاردەهێنرێن لە جگەردا شی دەبنەوە و بەمەش زیان بە جگەر دەگەیێنن. بەکارهێنانیشیان بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی سستبوونی جگەر و لەکارکەوتنی.

### 2 سستبوونی گورچیلەکان:

زۆربەی ئەو بەرهەمانە لەڕێگەی گورچیلەکانەوە فڕێدەدرێنە دەرەوە، بۆیە زۆربەی ئەوانەی بەرهەمی (هایدرۆکسیدات) یان تێدایە زیان بە گورچیلەکان دەگەیێنن و دواجار سستبوونی گورچیلەی لێدەکەوێتەوە.

### 3 کەمخەوی:

یەکێک لە کاریگەرییە لاوەکییەکانی دەرمانەکانی دابەزاندنی کێش بریتییە لە تێکدانی خەو کە کێشەیەکی بەربڵاوە و چەندین لێکەوتەی مەترسیداری هەیە، بەشێکی ئەو دەرمانانە ماددەی چالاککەریان تێدایە کە کاردەکەنە سەر کواڵیتی خەو.

### 4 سکچوون:

زۆربەی ئەو دەرمانانە بەهۆی پێکهاتەکەیانەوە دەبنە هۆی سکچوون، چونکە ناهێڵن چەورییەکان بمژرێن، سکچوون بەشێوەیەکی درێژخایەنیش مەترسیدارە، چونکە وشکبوونەوەی جەستەی لێدەکەوێتەوە.

# وەرزش زیاتر لە پارە دڵخۆشمان دەکات

ڕووداو- برایت ساید

تیمێکی پزیشکانی زانکۆی ییل و ئۆکسفۆرد لە توێژینەوەیەکدا بۆیان دەرکەوتووە ئەوانەی وەرزش دەکەن دڵخۆشترن بەراورد بەوانەی دەوڵەمەندن.

لە توێژینەوەکەدا پزیشکان سوودیان لە داتای زیاتر لە یەک ملیۆن ئەمریکی وەرگرتووە، تێیدا لە شێوازی ژیانی ئەو بەشداربووانەیان کۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە کاژێرەکانی وەرزشکردن، باری تەندروستی، مووچەی مانگانە و باری خێزانداری. دوای شرۆڤەکردنی داتاکانیش، پزیشکانی توێژەر بۆیان دەرکەوتووە ئەوانەی ڕۆژانە چالاکی جەستەییان هەبووە، دڵخۆشتر بوون، باری دەروونییان جێگیرتر بووە و مەترسیی تووشبوونیان بە نەخۆشییە دەروونییەکانیش بەڕێژەی 43% کەمترە بەراورد بەوانەی مانگانە مووچەیەکی زۆر وەردەگرن و باری داراییان باشترە.

پزیشکانی توێژەر دەڵێن، ئەمە مانای ئەوە نییە کاتێکی زۆر بە وەرزش بەسەر ببەیت و خۆت ماندوو بکەیت، چونکە ئەمجۆرە نەک هەر تەنیا سوودی نابێت، بەڵکو لەوانەیە زیان بە جەستە و دەروونیشت بگات. ڕۆژانە 30- 60 خولەک وەرزش بۆ باشترکردنی باری دەروونی و دڵخۆشبوونت بەسە.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە جۆری وەرزش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە باشترکردنی باری دەروونی، بۆ نموونە ئەو وەرزشانەی بەشێوەی گروپ دەکرێن کاریگەرییەکی ئەرێنی زیاتری لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە.

تیمە پزیشکییەکە دەڵێن لەکاتی وەرزشدا جەستە بڕێکی زیاتری ئیندۆرفینەکان دەردەدات، ئەوانەش لەنێو مێشکدا بە وەرگری تایبەتی خۆیانەوە دەنووسێن و سەرەنجام ئازاری جەستە کەمدەکەنەوە و هەستی ئەرێنیبوون بە مرۆڤ دەبەخشن.

پزیشکان ڕوونیدەکەنەوە وەرزش دڵخۆشی دەبەخشێت کە ئێجگار گرنگە بۆ بەهێزکردنی سیستەمی بەرگریی جەستە.



# ڕژیمی کیتۆ چییە؟

ڕووداو- ئێڤریدەی مێڵس

ئێستا یەکێک لەو ڕژیمانەی بەشێکی زۆری خەڵکی بۆ دابەزاندنی کێش پەیڕەوی دەکەن بریتییە لە ڕژیمی کیتۆ. بەپێی ئەو ئامارانەی گووگڵ بڵاوی کردوونەتەوە، مانگانە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لەنێو ئەو بزوێنەرەدا بۆ ڕژیمی کیتۆ گەڕاون. ئەو کەسانەی پەیڕەوی ئەم ڕژیمە دەکەن، دەبێت ڕۆژانە لە ژەمە خۆراکییەکاندا کاربۆهیدراتێکی کەم یان هیچ بڕێکی نەخۆن و لە جیاتی ئەوە بڕێکی زیاتری چەوری وەردەگرن.

کەمخواردنی سەرچاوەکانی کاربۆهیدرات وادەکات جەستە بۆ دەستکەوتنی وزە بڕێکی زیاتری چەورییەکان بسووتێنێ، لەم پرۆسەیەشدا هەندێک ماددە دروست دەبن کە بە (کیتۆن) ناسراون، ئەم ماددانە لەلایەن جگەرەوە بەرهەمدەهێنرێن و دواتر وەک سەرچاوەیەکی وزە بۆ فرمانەکانی جەستە بەگشتی و مێشک بەتایبەتی بەکاردەهێنرێن.

توێژینەوەکان دەریانخستووە ڕژیمی کیتۆ یەکێکە لە ڕژیمە سەرکەوتووەکان بۆ دابەزاندنی کێش، بەوپێیەی یارمەتیدەرە لە سووتاندنی چەورییەکان، پاراستنی شێوە و قەبارەی ماسولکەکان و مەترسیی هەندێک نەخۆشیش کەم دەکاتەوە. ئەو میکانیزمانەشی کە بەهۆیەوە کێش کەم دەبێتەوە، بریتییە لە کەمخواردنی کاربۆهیدراتەکان کە ئەمە ڕاستەوخۆش دەبێتە هۆی ئەوەی لە خۆراکە نادروستەکان دووربکەویتەوە و کالۆرییەکی کەمتر وەربگری. هەروەها زۆرتر خواردنی سەرچاوەکانی پرۆتینیش کە بەشێکە لە ڕژیمەکە، هۆکارە بۆ هەستکردن بە تێربوون و دووربوون لە زۆرخۆری.

ئەو خۆراکانەی بۆ پەیڕەوکەرانی ڕژیمەکە بەسوودن بریتین لە ماسی، هێلکە، چەرەس بەتایبەتی بادەم، ئاڤۆکادۆ و گۆشتی مریشک، بەپێچەوانەوە دەبێت لەو خۆراکانەی بە کاربۆهیدرات دەوڵەمەندن دووربکەونەوە لەوانە برنج، پەتاتە، شیر و پاقلە.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# لەبارەی کۆنگرەی یەکێتی

چاوەڕێ دەکرا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دوای نەمانی مام جەلال ببێتە ئاردی ناو درک. هەر گروپە و بکەوێتە لایەک و ببنە چەند حیزبێ، یان لە باشترین حاڵدا خەڵکانێکی کەم لەناو یەکێتی بمێننەوە و دەست بە باڵی حیزبەکەوە بگرن و یەکێتییەکی لاواز وەک ناو بمێنێتەوە. بەڵام ئەزموونی ئەم سێ ساڵەی دوای تاڵەبانی پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانیانەی نیشاندا. نەک پەرتوبڵاو نەبوو، نەک نەبوو بە چەند حیزبێک، بگرە زیاتر لەدەوری یەک کۆبوونەوە و حیزبی تر و کارەکتەری تری سیاسی دەرەوەی یەکێتیش، روویان لە یەکێتی کردەوە.

هیچکەس لە دۆست و نەیارانی یەکێتیش گومانیان لە ڕۆڵ و پێگەی مام جەلال نییە، ئەو چاوەڕوانینانەش کە هەبوون بۆ دۆخی یەکێتی لەدوای مام جەلال، هیچیان تێڕوانین و خواستێکی دوژمنکارانە نەبوون کە پێیانوابوو یەکێتی تێکدەشکێ، ئەوەندەی وێناکردن بوو بۆ قورسایی و سەنگی تاڵەبانی و وێناکردنی ئەو بۆشاییەی لە دوای ئەو دروست دەبێت. بەڵام زۆرینەی یەکێتییەکان بەئەمەک بوون بۆ رابەرەکەیان و وەک ئەمانەتێکی تاڵەبانی، مامەڵەیان لەگەڵ یەکێتیدا کرد و لە مەترسی لەناوچوون پاراستیان. ئەم سەرکردایەتییەی ئێستای یەکێتی سەرباری هەر هەڵە و کەمتەرخەمی و خراپەکارییەکیان، فەزڵی ئەوەیان بەسەر یەکێتییەوە هەیە کە شۆکی دوای مام جەلالیان بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند و نەیانهێشت یەکێتی پەرشوبڵاو ببێتەوە.

ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی جەماوەری و دەنگ و ژمارەی کورسییەکانی یەکێتی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بکەین، دەبینین یەکێتی ئەو شکستانەی لە دوای جیابوونەوەی بەشێک لە سەرکردایەتییەکەی و دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان تووشی بوو، کە چاوەڕوان دەکرا دوای تاڵەبانی شکستەکانی زیاتر بن، پێچەوانە کەوتنەوە و لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی ئەنجامدراون، دەنگ و ژمارەی یەکێتی بەرزبووەتەوە و لە بەشداری سیاسی و لە پێگەی جەماوەریشدا روو لە هەستانەوەیە. دەرفەتی ئەوەشی لەبەردەمە ببێتەوە هێزە سەرەکییەکەی پێشتر و ببێتەوە رکابەری هێزی یەکەم لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا.

ئێستا کە هەنگاوە کردارییەکانی بەستنی چوارەمین کۆنگرەی دەستپێکردووە و پێناچێت ئاستەنگی گەورەی بێتە پێش، ئەگەر لەو وادەیەش کە دیاریکراوە نەتوانێ کۆنگرە ببەستێ، رەنگە هەر هەفتەیەک و دووانی تری پێویست بێت بۆ تەواوکردنی ئامادەکارییەکان. کەواتا یەکێتی پاشەکشە ناکات لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە سەختەش. هەرچەندە سەرباری ئەو هەوڵانەی بۆ سازان و لێکتێگەیشتنێکی گشتی لەئارادان بێ کێشە و بێ مەترسیش نییە، بەڵام ترسی کۆنگرە و لێکەوتەکانی بە ئەندازەی ئەو ترسە نییە کە بە نەمانی مام جەلال بۆ یەکێتی دروست بوو. کە یەکێتی مەترسییە گەورەکەی دوای تاڵەبانی تێپەڕاند، دەتوانێ بە ئاسانی بەسەر هەر گرفتێکی تریشدا زاڵ بێت. وەک چۆن هەستکردن بە بەرپرسیارێتی قۆناغی دوای تاڵەبانی، وایکرد یەکێتی بە بەهێزی هەستێتەوە، بەستنی کۆنگرەش دەکرێت بەهەمان ئەو بەرپرسیارێتییەوە بکرێتە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی یەکێتی بەسەنگ و پێگەیەکی بەهێزتر و کاریگەرترەوە بێتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی.

هیچ حیزبێکی کوردی بە ئەندازەی یەکێتی خاوەن کادیری ناوەندیی لێوەشاوە و خاوەن توانا نییە. هەروەها خاوەن بنکەیەکی جەماوەریی دڵسۆزە .کەموکوڕییەکانی یەکێتی لە رابردوو لە ئێستاشدا لە سەرکردایەتییەکەیدا بووە نەک لە ئاستی کادیر و جەماوەرەکەی. بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم حیزبە ئەوە بووە کە دەرفەتی کەمی رەخساندووە بۆ ئەوەی کادیرە ناوەندی و گەنجەکانی بەرێتە پێشەوە و سوود لە توانا و شارەزاییان ببینێ. ئەوەی کردووشیەتی بەشێکی زۆری لەسەر بنەمای دەستەگەری و مەحسوبیەت بووە. دەکرێت ئەم کۆنگرەیە بکرێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ یەکێتی، بە گۆڕینی میکانیزمەکانی گەیشتن بە سەرکردایەتی و دانانی رێوشوێنی گونجاو بۆ جێکردنەوەی ژمارەیەک خوێنی تازە لە واجیهەی حیزبەکە.

لەگەڵ رەوایەتی ئەو رەخنەیەی ئاراستەی یەکێتی دەکرێت کە دەرفەتی بۆ گەنج نەڕەخساندووە و بەشێک لە سەرکردایەتییەکەی هەموو تەمەنیان لەو پێگە و پۆستانەدا بردووەتە سەر، بەڵام دەبێت ئەو واقیعەش لەبەرچاو بگیرێت کە ئەزموونی کەڵەکەبووی ئەو سەرکردانەش نابێت نادیدە بگیرێت وەک پێویستییەک بۆ قۆناغەکانی داهاتووی یەکێتی. کەواتا بۆ ئەوەی دەرگا بەرووی گەنجبوونەوەی یەکێتیدا بکرێتەوە و سوود لە سەرکردە خاوەن ئەزموونەکانیش وەربگرێت، پێویستە ئەم کۆنگرەیە هەر کۆنگرەی گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرام و دەموچاوەکان نەبێت، بەڵکوو کۆنگرەی گۆڕینی سیستەم و شێوەی بەڕێوەبردنی یەکێتیش بێت.

بۆیە باش وایە یەکێتی لەبری ئەم شێوازە هەرەمییە لە بەڕێوەبردن و لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێر و ئۆرگانەکانی، خۆی بگۆڕێت بۆ چەند ئەنجوومەنێک. بۆ نموونە ئەنجوومەنی راپەڕاندن، ئەم ئەنجوومەنە کاروبارەکانی یەکێتی لە پارێزگاکان و لە مەکتەبەکان بەڕێوەببات و هەمووی تەرخان بکرێت بۆ کادیرە گەنجەکانی ناو یەکێتی ئەوانەی لە کۆنگرەدا دەچنە سەرکردایەتی. ئەنجوومەنێکی تر بە ناوی شارەزایان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی یەکێتی، ئەندامبوون لەم ئەنجوومەنە یان پێوەری ئەندامەکانی بریتی بێت لەوەی کە لە دامەزراندنی یەکێتییەوە تا ئێستا و بۆ داهاتووش بکرێتە بنەما کە دەبێت بە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسیدا تێپەڕ بووبن. دەسەڵاتیشیان پراکتیکی نەبێت، بەڵکوو وەک رەقیبێک وابن بەسەر ئۆرگانەکانی تری یەکێتییەوە، ئاگایان لە سیاسەتی گشتی و هەڵوێستی حیزبەکە بێت، ئاگایان لە موڵک و ماڵ و داهات و خەرجییەکانی یەکێتی بێت. تا ئەوکاتەی تەواو دەبنە هێزی سەر بە حکومەت ئاگایان لە دەزگا ئەمنییەکان و هێزە چەکدارەکان بێت. ئەنجوومەنێکی تریش وەک چاودێری دروستبکرێت بۆ کەڵکوەرگرتن لە توانا و وزەی ئەو کادیرانەی کە پێشتر وەزیر و پەرلەمانتار بوون، ئەمانە هیچ ئەرک و قورساییەک ناخەنە سەر یەکێتی، چونکە هەموو ئیمتیازی خۆیان هەیە لە خانەنشینی حکومەت. بەڵام بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ سوود لە توانا و شارەزاییان وەربگرێت، پێویستە لەیەک ئەنجوومەندا رێکبخرێن و بەکارببرێن و لەکاتی هەڵبژاردن و ساتە پێویستەکانی یەکێتیدا تواناکانیان بەگەڕبخرێت. هەروەها دەتوانرێت سوود لە شارەزایی و پسپۆڕییان وەربگیرێت لە پشتەوەی کوتلە پەرلەمانی و حکومییەکانی یەکێتی لە کوردستان و لە بەغداش.

یەکێکی تر لەو حاڵەتانەی کە پێویستی بە بڕیاری ئازایانەی کۆنگرە هەیە، مەسەلەی تەفەروغە بۆ کاری حیزبی. ئێستا لەناو پەنجا ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی زیاتر لە 10 کەسیان لەلایەک ئەندامی سەرکردایەتین و لەلایەکیش وەزیر و پەرلەمانتارن. واتا لە یەک کاتدا شوێنی دوو کادریان گرتووە. لە کاتێکدا سەتان کادری بەتوانا و لێوەشاوەش لە ماڵەوەن. ئەگەر رێگەچارەی بۆ دانەنرێت رەنگە لەم کۆنگرەیەدا لەو ژمارەیەش زیاتر بن. کەواتا پێویستە بڕیارێک هەبێت جگە لە سەرۆکی تیم لە پەرلەمان و لە حکومەت، هەرکەسێکیان کە خۆیان هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتی و دەرچوون، پێویستە لە کاری پەرلەمانی و حکومی بکشێنەوە و شوێنیان بە کەسانی تر پڕبکرێتەوە. بەمەش دەرفەتی یەکسان بۆ کادرەکانی دەڕەخسێنێ.



سیروان ڕەحیم

# یورگەن هۆپە

## مرۆڤە جوانەکەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

**کاک یورگەن..**

لەسەر خواستی خۆی بەردەوام بە کاک یورگەن بانگمان دەکرد. کاک یورگەن دۆستێکی میهرەبان و هاوڕێیەکی گەورەی ئێمە بوو. لە نێوان سالانی 1961ـ 1966 دیرۆک و زانستی سیاسی لە زانستگەی هایدلبێرگ ـ لە ئەڵەمانیا خوێندبوو. تاکو خانەنشین بوو کاری رۆژنامەوانی بۆ رادیۆ و بۆ تەلەفزیۆن دەکرد. لەو کەسانە بوو کە دەیانەوێت دەرەوەی کولتوور، زمان و بیرکردنەوەی خۆیشیان بدۆزنەوە، شارەزای ببن و پێی ئاشنا بن.

کاک یورگەن منداڵی نێو شەڕ بوو، شەڕی جیهانیی دووەم. ئەو منداڵیی خۆی لە رۆژگارێکی پڕ کارەسات و تژی لە نەهامەتی و ستەمدا گوزەراندبوو. خۆی لە باسی منداڵیی خۆیدا دەیگوت:

بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە راکردن و خۆشاردنەوەدا بووین. خراپترین شتیش گەیشتن بوو بەو وێستگە هەرە خەمگین و پڕ برک و ژانەی کە دایک و باب ئیتر نەیاندەتوانی تێرمان بکەن. بۆیە ناچاربووین لە کێڵگە و ماڵە جووتیارەکاندا وەکو خزمەتکار و تەنیا بۆ تێربوون کار بکەین.

**ئەو لەوبارەیەوە دەیگوت:**

ئەوە خراپترین رۆژگاری ئێمە بوو. کارکردن بە منداڵان تاوانە و ئەوان لە رۆژگاری ئەو تاوانانەدا منداڵیی خۆیان بەسەربردووە.

پاش تەواوبوونی شەڕ یورگەن هۆپە بە پشتگیری و یارمەتی مامێکی دەتوانێت لە شاری ئۆسنابروک دەست بە خوێندن بکات. لەشاری مانهایم قۆناغی ئامادەیی و لە شاری هایدلبێرگیش زانکۆ تەواو دەکات. پاش تەواوکردنی خوێندن، لە رۆژنامەی مانهایمەر مۆرگەن دەست دەکات بە کار و دواتریش بۆ ماوەی بیست ساڵ لە باشووری ئەڵەمانیا لە دەزگای میدیایی "ئێس دی ئێر" درێژە بە کاری راگەیاندن دەدات.

* * *

**ناسینی کورد و کێشەکەی..**

ساڵی 1985 لە سۆنگەی دامەزراندنی پرۆژەیەکی نوێی ڕاگەیاندن، یورگەن هۆپە بەرەو شاری دۆرتموند هەواری خۆی دەگوازێتەوە. لەوێ دەبێت بە بەرپرسی پرۆژەکە و ڕادیۆی نێونەتەوەیی دۆرتموند دادەمەزرێنن. وەکو یورگەن دەیگوت، پاش لێکۆڵینەوە هەست بەوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆر کەسانی پەنابەر و بیانی لەو هەرێمەی ئەڵەمانیا دەژین و پێویستە بە زمانی خۆیان زانیارییان پێشکەش بکرێت و ئاگاداری ڕووداوەکان بن، چ لە بواری سیاسەت یان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا. لەوێ هۆپە و هاوڕێکانی بڕیار دەدەن لە پرۆژەی نوێیاندا بە هەشت زمان خزمەتگوزاریی میدیایی پێشکەش بکەن.

لە گفتوگۆیەکدا کە ساڵی 2012 لەگەڵ کاک یورگەن لە ماڵی خۆی سازمان دا، باس لەو ڕۆژگارە و ئاشنا بوون بە کێشەی کورد و رقی نەتەوەپەرستانی تورک بەرانبەر بە کورد دەکات. کاک یورگەن دەڵێت:

"لە کۆبوونەوە و دیدارەکانماندا بۆم دەرکەوت بەشێکی زۆر و گرنگ لە تورکیا کوردن، بە کوردی دەدوێن و بەکوردی بیردەکەنەوە". یورگەن هۆپە خۆی بە بزەیەکی شیرینەوە دەیگێڕایەوە و دەیگوت:

"لە کۆبوونەوەیەکدا بە دڵێکی ساف و ساکارەوە پاش سەرەتایەک سەبارەت بە کورد و کوردستان گوتم: کەواتە ئێمە دەبێت بە زمانی کوردییش بەرنامەمان هەبێت. کاتێک ئەم پێشنیازەم لە دەم دەرچوو، بوو بە هەرا. تورکە بەشدارەکانی کۆبوونەوەکە کە رۆژنامەوان و رۆشنبیر بوون، هەرهەموو هەستان، بەڕوومدا هەڵشاخان و گوتیان: واتە تۆ دەتەوێت دوژمنایەتی تورکیا بکەیت. تۆ دەتەوێت وەڵاتەکەمان پارچە پارچە بکەیت و بە زمانێک کە (بوونی نییە) بەرنامە ساز بکەیت".

ئەو رۆژە کاتێک هۆپە دەگەڕێتەوە ماڵ، دەبینێت ماڵەکەیان بە هێزی پۆلیس دەورە دراوە و هاوژینەکەی لێیدەپرسێت: چ قەوماوە؟ چیت کردووە کە بەردەوام زەنگی تەلەفۆنەکەمان لێدەدات، بە تەلەفۆن سووکایەتیمان پێدەکەن و هەڕەشەی کوشتنمان لێدەکەن؟

یورگەن دەیگوت: "پاش ئەو رووداوە زۆرتر و باشتر تێگەیشتم کە کورد لەگەڵ چ دژوارییەکی کوشندە رووبەڕوون و گیرۆدەی چ چارەنووسێکی تاڵن".

* * *

کاک یورگەن لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا بە درێژی باس لەو رووداوە دەکات، هەروەها باس لەوەیش دەکات کە جارێک هێزی ئاسایشی شاری دۆرتموند هێرشێکی تورکە توندڕەوەکانیان لە دژی خۆی و ماڵباتەکەی پووچەڵ کردووەتەوە. بەڵام سەرباری ئەو هێرش و مەترسیانە، ئەوان کۆڵیان نەدا و ساڵی 1987 بەشی کوردییان لە ڕادیۆی ڤێ دێ ئێرـ ی ئەڵەمانی کردەوە و تاکو ئێستایش بەردەوامە.

پاش ئەوە ئیتر یورگەن هۆپە لەلای کوردەکان و لەلای تورکەکان دەبێت بە کەسێکی ناسراو، بەڵام کەسێک بە دوو وێنەی زۆر لێکجیاواز. کەسێک بۆ توندڕەوان، ڕەگەزپەرستان و پەڕگیران ئاژاوەگێڕ و نەیار، بۆ کورد و یارانی ئازادیش دەنگێک، نەوایەک و ئاوازێکی جوان لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، وەکو دەنگێک دەناسرێت و دەبیسترێت کە تەنیا بۆ خۆشەویستی، لێکتێگەیشتن و پێکەوەهەڵکردنی مرۆڤ و کولتوورەکان کار دەکات.

* * *

ساڵی 1996 بۆ یەکەمجار یورگەن هۆپە گەشتی کوردستان (باشوور) دەکات، ئیتر ئەو گەشت و پەیوەندییە بەردەوام دەبێت و نزیکەی شازدە جار سەردانی باشووری کوردستان دەکات. لە دیداری سەرکردەکانی کوردەوە تاکو بەشداربوون لە کردنەوەی پەرلەمانی (یەکگرتووی) کوردستان لە ساڵی 2002دا چالاک و بەشدار دەبێت. بەشێوەیەکی بێلایەن و هاوکات پارێزەری ئازای مافی مافخوراوان بەردەوام دەنگ و دۆخی کورد دەگەیەنێت بە خەڵک و بە چەندین ناوەندی گرنگی ئەڵەمانیا.

یورگەنی ئازیز، خەمگینین بە مردنت. ماڵئاوا و ئۆغر بێت پیاوە ئازیز و میهرەبانەکە.

یورگەنی ئازیز، خۆشبەختە ئەو کەسەی وەکو تۆ ئازایانە و پاکژانە دەژی و ئەو هەموو هاوڕێ و هۆگرەیش لە ئەڵەمانیاوە بۆ کوردستان بە مەرگی خەمگین دەبن.

لە دڵماندایت و بیرت دەکەین کاک یورگەن.



ئازاد وەڵەدبەگی

# ئینتەرنێت و ئیستبداد

لە چەند مانگی رابردوودا، لە چەندین ناوچەی جیاوازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باکووری ئەفریقا، ئاسیا و ئەمەریکای لاتین شەپۆلێکی خۆپیشاندانی جەماوەری سەریهەڵدا. خۆپیشاندانەکان سەرەتا بۆ هەندێ داخوازیی گشتی وەک باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، بێکاری، گەندەڵی و گرانی دەستیانپێکرد و دواتر ئاستی داخوازییەکان بەرزتر بوونەوە و چاکسازیی بنەڕەتی و گۆڕینی سیستەمی سیاسی و هەمواری دەستووریان گرتەوە. لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە وڵاتانی عێراق، لوبنان و ئێران شەپۆلێکی نوێی خۆپیشاندان دەستیپێکرد.

لێرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیستبدادی رۆژهەڵاتیی سەدان ساڵە رەگی لەناو کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵگەیانەدا داکوتاوە. ئیستبدادێک کە بە درێژایی مێژوو هەر رۆژە لەژێر ناوێکدا خۆی نوێ دەکاتەوە و ڤێرژنێکی نوێی دەخاتە بازاڕی داڕزاوی سیاسەتی ئەم ناوچەیە. زاراوەی ئستبدادی رۆژهەڵاتی، هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بۆ باسکردن لە حکومەتە ئاسیاییەکان بەکاردەهات، بۆ نموونە ئەریستۆ لە کتێبی سیاسەتدا دەنووسێت: "خووی بەربەرەکان لە چاو خووی یۆنانییەکان پتر مەیلی لە کۆیلایەتییە و، خووی ئاسیاییەکان پتر لە ئەورووپییەکان مەیلی لە کۆیلایەتییە، هەربۆیە ئاسیاییەکان بەبێ هیچ ناڕەزایەتییەک حکومەتی ئیستبدادی قبووڵ دەکەن". لە چەرخی نوێشدا ماکیاڤیلی یەکەمین فەیلەسووفی رۆژئاواییە کە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ رژێمە پاشایەتییەکانی ئەورووپادا بەراورد دەکات و لە کتێبی میردا دەڵێت: "یەک کەس لە وڵاتی تورکاندا فەرمانڕەوایی دەکات و ئەوانیتر هەموویان کۆیلەی ئەون. ئەو وڵاتەکەی خۆی بەسەر چەند سنجاقێکدا دابەش دەکات و بۆ هەریەکەیان فەرمانڕەوایەک دەنێرێت و بە ویستی خۆی دایاندەنێت و لایاندەبات... ئەمان کۆیلەی گوێ لە مستی خاوەنەکانی خۆیانن". پییر بێل فەیلەسووفی فەرەنسی و پێشڕەوی چەرخی رۆشنگەری بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1704 زاراوەی "ئیستبداد"ی بە واتای نوێ بەکارهێنا و پاشان مۆنتسکیۆ پەرەی بە زاراوەی ئیستبدادی رۆژهەڵاتی دا.

لە لایەکی ترەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە رۆژانە لەناو ماڵەکانی خۆیان ئاشنای جیهانی نوێ و پێشکەوتنەکانی دەبن. بە هۆی شۆڕشی تەکنەلۆژی و نەبوونی میدیای بابەتی و سەربەخۆ، بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەبری ئامرازە کلاسیکییەکانی راگەیاندن وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و رۆژنامەی حکومی پەنا دەبەنە بەر ئینتەرنێت و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، کە کەمتر لەژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی دەوڵەتەکاندان و رۆژانە لەم رێگایەوە زانیاریی پێویست بەدەستدێنن. ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ملۆزمێکی نوێیان لێ پەیدا بووە کە ئەویش تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێتە، ئەوان لە چەرخێکدان و هاووڵاتیان لە چەرخێکی تردا دەژین، هەربۆیە ئەم دەسەڵاتدارانە ناتوانن وەڵامگۆی داخوازییەکانی خەڵک بن.

بەپێی راپۆرتی (Hootsuite) و (We are Social)لە کانوونی دووەمی ساڵی 2019 لە کۆی (256.6) ملیۆن کەس لە دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پتر لە 71% واتە (182) ملیۆن کەس ئینتەرنێتیان هەیە. هەروا ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگاتە (136) ملیۆن کەس کە دەکاتە 53% ی دانیشتووان. جێی باسە 73%ی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شارەکاندا دەژین و (304) ملیۆن هاوبەشی مۆبایل هەیە.

بە سەرنجدان لەم ئامارانە، بۆمان دەردەکەوێت کە جیهانی ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و تەقینەوەی زانیارییەکان بووەتە جیهانێکی دیجیتاڵ و کاریگەریی ئینتەرنێت لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا بە جۆرێکە کە ئیدی ژیان بەبێ ئینتەرنێت مومکین نییە، هەربۆیە شۆڕشی لوبنانییەکان کە بەهۆی باج خستنە سەر واتساپەوە بوو، بە شۆڕشی واتساپ ناوی دەرکرد. بەدەر لەمەش، ئەمڕۆ شۆڕشەکانیش بوونەتە شۆڕشی دیجیتاڵی و ئیدی وەک دەیەکانی ڕابردوو نییە کە شۆڕشەکان لە رێگەی رێکخستنی سیاسی و حزبی و رێبەرایەتییەکی دیاریکراوەوە بن. بەشێکی زۆری ئەم شۆڕشانە رێبەریان نییە و هاوئاهەنگی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکرێن. هەربۆیە دەبینین لە زۆرێک لەم وڵاتانە، حکومەتەکان بۆ شکستپێهێنانی ئەم شۆڕشانە یەکسەر پەلاماری هێڵەکانی ئینتەرنێت دەدەن و دەیبڕن. ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەمڕۆ بوونەتە بەڵای گیانی دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە و هەڕەشە لە بەردەوامیی دەسەڵاتی ڕەهایان دەکەن.

بڕینی تۆڕی پەیوەندییەکان دیاردەیەکی نوێ نییە لای حکومەتە ئیستبدادییەکانی ناوچەکە، ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێت (110) ساڵ لەمەوبەر لەسەردەمی قاجارەکاندا شۆڕشێک لە تاران ڕوویدا، کە محەممەدعەلی شای قاجار بۆ ئەوەی هەواڵی شۆڕشەکە نەگاتە شارەکانی تر، فەرمانی دا هێڵەکانی تەلەگراف ببڕن کە تاکە ئامێری پێشکەوتووی پەیوەندی بوو لەو سەردەمەدا. هەروا فەرمانی دا بە راگرتنی چاپی رۆژنامەکانیش لە تاران.

ئەمڕۆ ئینتەرنێت و ئیستبداد وەک دوو نەیار لە ململانێدان، پەرەسەندن و بەهێزبوونی هەریەکەیان دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەویتریان و تا دێت تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی پتر لە جاران لە دەست و قاچی سیستەمە ئیستبدادییەکان دەئاڵێت و بەربەست لەبەردەمیاندا دروست دەکات. نەوەی دیجیتاڵ و شۆڕشی دیجیتاڵ تا دێت خەونی حکومەتە ئیستبدادییەکان ئاڵۆزتر دەکات و پێناچێت ئیدی چەمکی ئیستبداد لەم جیهانە دیجیتاڵیەدا جێی ببێتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# گەڕانەوەی هەیبەتی کورد و لەخۆبایینەبوون

هاتنی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەولێر و نەچوونی بۆ بەغدا، خەڵک و بەرپرسان لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە زۆریان لەسەر گوت و شرۆڤەکارانیش لە داهاتوودا زیاتری لەسەر دەڵێن، بەڵام بەشێکی ئەو سەردانە لە لێدوانی "بەرپرسێکی پلەبەرز"ی ئەمریکادا بۆ ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس) پوخت دەبێتەوە کە گوتوویەتی سەردانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەولێر " ئامانجەکەی دڵنیاکردنەوەی کوردە هاوپەیمانەکانی ئەمریکای دژی داعشە، هەروەها دڵنیاییدانە بەو ئەمریکیانەی ماوەیەکی درێژە پشتیوانی لە کێشەی کورد دەکەن".

بەشەکەی دیکە ئەوەیە، ئەمریکا لە دۆخی عێراق و شێوەی بەڕێوەبردنی عێراق ڕازی نییە. لەبەرئەوەش پەیامەکانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەعێراق و لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق زیاتر داواکاری بوون و کەمتر پشتیوانی بوون. بەڵام پەیامەکانی لە کوردستان تەواو پێچەوانە بوون.

ئەمریکا زۆر خوێن و پارەی بۆ عێراق خەرجکرد، بەڵام عێراق بووە نموونەیەکی شکستخواردوو، بەرهەمهێنەری مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی بۆ جیهان. دۆخی عێراقیش بە مۆدێل و بەڕێوەبردنێکی زۆر خراپەوە بووە مایەی ئەوەی کە تەنانەت بە پێداگیری زۆری حکومەتی ئەمریکاش، کۆمپانیا نەوتی و کۆمپانیا جۆراوجۆرە ئەمریکییەکان ئەو متمانەیەیان بۆ دروست نەبوو کە عێراق ئەو شوێنەیە بتوانن تێیدا کاربکەن و عێراقی ئێستا بکەنە هاوبەشی ئابووریی خۆیان، چونکە وڵاتێکی شڵەژاو و نائارامە و نەبووەتە هاوبەشی سیاسی ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

کورد لەم ناچەیەدا بۆ خۆپاراستن لە دەست کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە پەنای بۆ دەرەوە بردووە و چاوی لە پاراستنی دەرەوەیە. لەوانەیە زۆرجار سەرۆکەکانی ناوچەکە و سیاسییەکانیان ئەوەیان وا لێکدابێتەوە کە کورد بووەتە داردەستی بێگانە و کارتی دەستی وڵاتان لە دژی دەوڵەتانی ناوچەکە. بەڵام بەر لەو قسەیە، دەبێ ئەو پرسیارە بکرێت بۆچی کۆنترین نەتەوەی ئەم ناوچەیە چاوی لە پاراستنی دەرەوەیە؟. لە باشووری کوردستان چوار هەزار گوند وێرانکران بە مزگەوتەکانیانەوە، بەڵام بە پاراستن و پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەو گوندانە بە مزگەوتەکانیانەوە ئاوەدان کرانەوە، ئەوانەی ئاوەدانیش نەکراونەتەوە بەهۆی قبوڵنەکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و چارەسەرکردنێکی سیاسیانەی کێشەی کوردە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، بە ستراتیژێکی هاوبەش، دەسەڵات و هەیبەتی کورد تێکدەشکێنرا، دەست بە گۆڕینێکی دیمۆگرافی لە دژی کورد کرا، بەمەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتداریێتی و گۆڕینی ناسنامەی جوگرافی و لەهەموویشی مەترسیدارتر بۆ شکاندنی هەیبەتی کورد.

ئەو ستراتیژە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی بەسەر دۆخی کەمینەکانی کوردستانیشەوە هەبووە، چونکە ئەو ناوچەیە کە لەمێژوودا مۆزایکێکی هەمەڕەنگی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بوو، هەمووی لەنێوبرا، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا لە ناوچە کوردییەکاندایە، ئەویش بەهۆی ئەو ستراتیژە ناوچەییەوە لەژێر هەڕەشەیەکی زۆر گەورەدایە و، لە دواڕۆژدا مەترسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر ئاسایشی جیهان زۆر زیاتر دەکات.

کە کۆشکی سپی دەیەوێت دڵنیایی بداتە ئەو " ئەمریکیانەی ماوەیەکی درێژە پشتیوانی لە کێشەی کورد دەکەن"، نیشانەی ئەوەیە پشتیوانی کورد ئەوەندە فراوان بووە، گەیشتووەتە ڕادەی کاریگەرییەکی زۆر بە دەسەڵات و تاڕادەیەکیش دەکرێ ببێتە مژارێکی دیاری ململانێی نێو هەڵبژاردنی سەرۆکەکان، کە ئەوە پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە. بەڵام دیسانەوە دەبێ ئەوە وانەکات کورد هێوریی خۆی لەدەستبدات و لەخۆبایی ببێت، چونکە هێشتاش لەو جیهانەدا ئەوانەی ڕێکدەکەون دەوڵەتەکانن نەک نەتەوەکان. لەبەرئەوەش دەبێ کورد بەهێزبوونەوەی پێگەی سیاسی خۆی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ پایتەختی ئەو دەوڵەتانە بەکاربێنێت کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە. لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان و گەلانی جیهان بەهێزتر بکات.

قسەکانی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا دوای سەردانەکەی بۆ هەولێر، زۆر جێگەی سەرنج بوون لە زۆر ڕووەوە، بەڵام ئەوەی کە دڵنیاییەکەی لە هەولێر و لە "ڕێگەی سەرۆک بارزانییەوە" بۆ هەموو کورد و، ئەو " ئەمریکیانەی ماوەیەکی درێژە پشتیوانی لە کێشەی کورد دەکەن" و جیهان نارد، خاوەن گرنگی و واتایەکی زۆر گەورەیە. ئەوە بۆ هەولێر و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، بەبیرهێنانەوەیەکی تازەی ئەرکێکی گەورەیە. ئاستێکی زۆری ئاوەدانی و سەقامگیری سیاسی و ڕێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستان، هەولێری لە بەغدا جیاکردووەتەوە. ئەوە دەبێ بۆ ڕۆژئاوای کوردستانیش پەیامێک بێت کە دەبێ لایەنە سەرەکییەکانی بە ناسنامە و بەبڕیاری خۆیان و بەبێ دەستێوەردانی دەرەوەی کورد، ڕێککەوتنێکی سیاسییان هەبێت، بۆ ئەوەی کارکردن لەگەڵیان بپەڕێتەوە بۆ کارکردنێکی سیاسی نەک تەنیا سەربازی. هاوپەیمانیی دژی داعش، ئێستا پەیامەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا بە کوردی بڵاودەکاتەوە، بەڵام پەیامی سیاسی ئەمریکا بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان هێشتا بە ئاشکرا نییە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# پشتی پەردەی سەردانەکەی پێنس

بە ڕواڵەت سەردانی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەولێر بۆ دووپاتکردنەوەی بەردەوامیی پەیوەندییەک بوو کە وەک پێنس ناوی لێنا "ئاگری شەڕ" بەهێزی کردبوو، بەڵام مانای ڕانەگەیەندراوی سەردانەکە لەوە زیاترە. پەیامەکەشی هەر بۆ گەلی کوردی "دۆستی ئەمریکا" نەبوو.

ئەوەی کە بۆچی خەلیفەی ترەمپ بەسەر هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقدا بازیدا و یەکسەر هاتە لای سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، هەر لەنێو عێراق و هەرێمی کوردستاندا پرسیاری دروستنەکردووە. بەڵکو لە ئەمریکاش کردوویەتی. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بەرپرسێکی کۆشکی سپی وەڵامێکی دیپلۆماسیی داوەتەوە و دەڵێت جێگری سەرۆکی ئەمریکا نەیدەتوانی لە بەغدا باوەش بە بەرپرسانی ئەو حکومەتەی عێراقدا بکات کە خۆپیشاندەرانی سەرکوت کردووە، بەڵام ئەمە قسەیەکی ڕاست نییە. چونکە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، هەمان ئەو مایک پێنسە لە تورکیا باوەشی بە بەرپرسانی تورکیدا کرد کە هێرشیان کردبووە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و هەر ئەوکاتەش هاواری محەممەدی مێردمنداڵی کورد، کە هەموو لەشی بە چەکێکی فسفۆڕی سووتێنرابوو، دنیای کاس دەکرد.

ڕاستییەکەی ئەو سەردانە بەشێکی پەیوەندی بەو گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوەیەوە هەیە کە ترەمپ و ئیدارەکەی سەبارەت بە عێراق و سووریا و لەنێویشیدا سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لەو دوو وڵاتە دەیانەوێ بیکەن. لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە برۆکسەل لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئەوروپا و هەندێک کەسی دیکەی نزیک لە بڕیاری ئەوروپا قسەم دەکرد. ئەوانیش باسی ئەو گۆڕانەیان دەکرد کە خەریکە ترەمپ و ئیدارەکەی دەیکەن. ئەویش پاش ئەو هەڵە ستراتیژییەی لە سووریا کردیان و مەیدانیان بۆ ڕووسیا چۆڵ کرد. ئەوان دەیانگوت ئەوە درێژکراوەی هەمان ئەو هەڵەیە بوو کە ئیدارەکانی پێشووتری ئەمریکا لە عێراق کردیان و مەیدانیان بۆ ئێران چۆڵ کرد.

لەماوەی زۆرتر لە سێ ساڵی ڕابردووی سەرۆکایەتیی ترەمپدا ناوچەکەی ئێمە و بەتایبەتیش کورد زۆرترین زیانی لە تێنەگەیشتنی سەرۆکی ئەمریکا لە کێشەکانی ناوچەکە بەرکەوتووە. ئەمریکا بۆخۆیشی زیانی گەورەی بەرکەوت و ئەوەی پلاندارێژەرە ستراتیژییەکانی ئەمریکا ساڵەها پلانیان بۆ دانابوو لە ناوچەکەدا، بەشی زۆری تێکچوو. بەتایبەتیش پشتکردنە کورد لە قۆناخی یەکەمدا لە ساڵی 2017 و لە قۆناخی دووەمیشدا ئەمساڵ لەکاتی هێرشەکەی تورکیادا بۆ سەر ڕۆژاوا کە زیانی زۆر گەورەی لە متمانەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە سەرتاسەری جیهاندا بە ئەمریکا دا. قسەکانی ئەمدواییەی سەرۆک ماکرۆن سەبارەت بە کەمتر پشتبەستن بە ئەمریکا و زۆرتر پشتبەخۆبەستنی ئەوروپییەکان لەڕووی سەربازییەوە، یەکێکە لەو نموونانەی دەیسەلمێنێ سیاسەتی هەڵەی ترەمپ بەرامبەر کورد و پشتتێکردنی هاوپەیمانەکەی زیانی لە ئەمەریکا داوە.

پێنس لەنێو ستافی ترەمپدا کەسێکی ئاسایی نییە و هەروا جێگری سەرۆکیش نییە. ئەو ئێستا بەرجەستەکەری سیاسەتی نوێی دەرەوەی ترەمپە، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەرچەندە هەوڵەکان بۆ لابردنی سەرۆک لە ئەمریکا زەحمەتە بگەنە ئەنجام، بەڵام تەنانەت ئەگەر سەریشیانگرت، ئەوەی تاوەکو دوای هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا مایک پێنسە. هەر لەئێستاشەوە ترەمپ ڕایگەیاندووە کە بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەشی (ئەگەر دەرچوو) جێگرەکەی مایک پێنس دەبێت. بۆیە کاتێک جێگری سەرۆکی ئێستا و ڕەنگە سەرۆک یان جێگری سەرۆکی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەفەرێکی کتوپڕی خۆیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، ڕووداوێکی ئاسایی و سەردانێکی پرۆتۆکۆڵی نییە.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو سەردانە پەیوەندی بە کەسایەتی و ئەجێندای نێچیرڤان بارزانییەوە هەیە، کە هەوڵدەدات هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی هاوسەنگ و کاریگەری هەم لەنێو عێراقدا و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەبێت. بۆیەش ڕۆژێک لەلای شێخ تەمیمی قەتەر دەیبینین و ڕۆژی دواتر میوانی شێخ محەممەد بن زایدە لە ئەبووزەبی. ئەمەش لەم قۆناخەدا کە هەموو ناوچەکە بەسەر دۆست یان دوژمندا دابەش بووە، یەکجار قورسە. پێنس بەو پەیامەی بۆ عەبدولمەهدی و دوو سەرۆکایەتییەکەی عێراق ناردی، هۆشداریی دانێ و پێیگوتن: "لە ئێران دووربکەونەوە"، هەرچەندە دەزانێ پەیوەندییەکانی هەولێر و تاران و هەولێر و ئەنقەرە خراپ نین و باشیشن و پێویستیشە هەر باش بمێنن، بەڵام پەیامی سەرۆکەکەی خۆی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو کە دەیانەوێ "ئەو پەیوەندییە بەهێزەی بە ئاگری شەڕ" دروستبووە، لەگەڵ کورد بپارێزن.

لەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی داهاتوودا ڕوودەدەن، هەرێمی کوردستان دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی هەم لەنێو عێراقدا و هەم لە ناوچەکەشدا هەبێ. سیاسەتی نوێی ئیدارەی ترەمپ و خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییە لە ناوچەکەدا و شەڕەکەی تورکیا لەنێو ڕۆژاوا ڕووداوی تێپەڕنین و دەبێ هەرێمی کوردستان بۆ دەرهاویشتەکانیان ئامادەبێت.



زوبێر ڕەسوڵ
دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئێکسیتەر

# خۆپیشاندان هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە؟

ماوەیەکە خۆپیشاندانی ناڕەزایی بەشێکی زۆری وڵاتانی ناوچەکەی گرتووەتەوە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی لە 2011 بەر شەپۆلی ناڕەزاییەکانی بەهاری عەرەبی نەکەوتن. ئێستا هەریەکە لە وڵاتانی سودان، جەزائیر، لوبنان، عێراق و ئێران شەپۆلێکی ناڕەزایی جەماوەری ڕووی تێکردوون کە بەشێک لە توێژەران بە شەپۆلی دووەمی بەهاری عەرەبی ناوی دەبەن. هەرچۆنێک بێت داخوازیی ئەمجارەی خۆپیشاندەران جیاوازی هەیە لە داواکاری ناڕەزاییەکانی 2011، چونکە خۆپیشاندانەکانی ئێستا لە زۆربەیان بەشێوازێکی ئاشتیانە بەڕێوەدەچن تا ئێستا و لەلایەن هیچ گرووپێکی سیاسی ڕێکخراوەوە ئاراستە ناکرێن. ناڕەزاییەکانی 2011 لە سەردەمێکدا بوون کە نرخی نەوت لە بەرزترین ئاستدا بوو، بۆیە ناڕەزاییەکان زیاتر مەبەستیان گۆڕینی نوخبەی سیاسی بوو، بە تایبەت ئەو نوخبە سیاسییەی کە زیاتر لە سێ دەیە دەبوو پانتایی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتانەیان بە زەبری هێز زەوت کردبوو. کەچی ناڕەزاییەکانی ئێستا لە کاتێکدان کە نرخی نەوت نزمە و بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی باسمانکردن، تووشی کێشەی ئابووری بوون و ناتوانن خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەش بە خەڵکەکەیان بکەن.

ئەوەی تایبەت بێت بە عێراق، ناڕەزاییەکان بەشێکن لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کە چیتر ناچنە چوارچێوەی ململانێی ئایینی و مەزهەبی. ناڕەزاییەکانی عێراق چیتر لەلایەن ئەو بەرهەڵستکارانەوە نییە کە دژی فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی عێراقی دوای 2003 بوون، وەک سوننەکان، بەڵکو لەلایەن خودی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کە سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی عێراقی دوای 2003 یە، بەڵام گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە چیتر ئەو فۆرمە لە حوکمڕانی ناتوانێ بیانخەڵەتێنێ بە بیانووی پارێزگاریکردن لە مەزهەب و دژایەتیکردنی نەیارانی ئەهلی بەیت. واتا بابەتی سەرەکی خۆپیشاندانەکان بریتییە لە دواکاریی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دەرفەتی کار و خۆشگوزەرانی. بە تایبەت کە دانیشتووانی عێراق ساڵانە یەک ملیۆن کەس زیاد دەکات و نیو ملیۆن کەسی نوێش دێنە ناو بازاڕی کارەوە. هەڵبەتە ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی گەنجانی بێکار لە عێراقدا گەیشتووەتە ٪30 و لە بەرامبەریشدا نرخی نەوت دابەزیوە. ئەمە لە کاتێکدا ٪93ی داهاتی عێراق لە ڕێگای فرۆشتنی نەوتەوە دابین دەکرێت. تێکڕای تەمەنی خۆپیشاندەرانی بەغدا لە ساڵی 2015 لە سەرووی پەنجا ساڵ بوو، بەڵام هی ئێستا زۆرینەی خۆپیشاندەران تەمەنیان 17 تا 18 ساڵە، واتا زۆربەیان جگە لە دەسەڵاتی خۆماڵی دوای 2003 هیچی تریان لەبارەی ڕژێمی بەعس لەبیر نییە تا دەسەڵات بەچاویاندا بداتەوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەم شەپۆلی خۆپیشاندانەی دەووبەرمان ئەگەری ئەوەی هەیە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە؟ هەرچەندە جۆرێک لە جیاوازی هەیە لە بەراوردکردن لە نێوان دۆخی خزمەتگوزاری و ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە بەغدا و پارێزگاکانی تری عێراق کە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لە دۆخێکی خراپدان. لەلایەکی ترەوە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز نییە بتوانێت خەڵک بهێنێتە سەر شەقام و جێگای باوەڕی ئەوان بێت، بە تایبەت دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری دا بچێتە ناو حکومەت و دواتریش ئەوەی پێیدەگوترا "نەوەی نوێ"، بە جۆرێک کۆتایی هات کە خەڵک ئەستەمە باوەڕ بە بزووتنەوەیەکی سیاسیی تر بکەن لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدا. بەڵام لە هەمان کاتدا فاکتەری تریش هەن کە وامان لێدەکەن بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە ئەم شەپۆلی خۆپیشاندانە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

کابینەی نۆیەم جۆرێک لە ئومێدی سیاسی بە کەسانێکی زۆر بەخشیوە کە کۆمەڵێک چاکسازیی ڕیشەیی ئابووری و سیاسی بکات، بەڵام ئەمە دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ گرتنەبەری کۆمەڵێک هەنگاوی بوێر کە لە کارنامەی حکومەتدا بەڵێن دراوە جێبەجێ بکرێن. دەبێت ئەو بەڵێنانە هەندێک دەرئەنجامی بەرجەستە و دیاریان لێبکەوێتەوە و کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاستی گوزەرانی خەڵک. بۆ نموونە پرۆژەیاسای چاکسازی دەبێت تا زووە جێبەجێ بکرێت و دەرئەنجامەکانیشی لە ڕاگەیەندن پیشانبدرێت بۆ ئەوەی خەڵک بزانن بەکوێ گەیشتووە و کێ ڕێگری لێدەکات. لەڕاستیدا کابینەی نۆیەم لە تەمەنی سەرەتایدایە، بەڵام تا زووە دەبێت دەرئەنجامی کۆمەڵێک چاکسازی و پێداچوونەوە بە فۆرمی کارگێڕی و یاسایی بۆ خەڵک بەیان بکات بۆ ئەوەی خەڵک بزانن چی کراوە و چی دەکرێت لە ئایندەدا. بۆ ئەم مەبەستە زەرووره سەرۆکی حکومەت هەر شەش مانگ جارێک، یان دوای تەواوبوونی ساڵێک لە کابینەکەی لە ڕێگای میدیاوە دەسکەوت و کارەکانی خۆی لەو ماوەیەدا بۆ خەڵک بەیان بکات. لەوانەیە تا ئێستا کۆمەڵێک شتی گرنگ کرابن، بەڵام هاووڵاتی سادە نازانێت و ئاگاداری نییە، بۆیە پێویستە دەسکەوتەکان بە خەڵک نیشان بدرێن، بۆ ئەوەی خەڵک ئومێدی هەبێت بە هەنگاوەکانی داهاتووش.

فاکتەری دووەم کە وادەکات خۆپیشاندان هەرێمیش بگرێتەوە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەرچی ئێستا بەشێکی گرنگن لە حکومەت، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لەسەر خودی ناڕەزایی بەرەنگاربوونەوەی حکومەت دروست بووە و گەشەی کردووە، بۆیە مەرج نییە و هیچ گەرەنتییەکیش نییە کە تاسەر لەگەڵ حکومەت بێت، بە تایبەت ئەگەر دەرفەتێکی سیاسی لەباری بۆ بڕەخسێت و زەمینەی خۆپیشاندان لەبار بێت بێ دوودڵی بەرەی ناڕەزاییەکان هەڵدەبژێرێت، چونکە ئەو سەرمایە سیاسییەی گۆڕان لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دەستیدەکەوێت، هەرگیز لەناو حکومەتدا دەستی ناکەوێت. بە تایبەت ئەگەر پرۆژەی چاکسازی تووشی بەربەست بێت پێدەچێت گۆڕان قسەیەکی تری هەبێت. ئەوەی لەو ماوەیەدا چاودێریی بەشێک لە گوتاری سیاسی سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و میدیای گۆڕانی کردبێت، دەتوانێت هەست بە جۆرێک لە نەشئەی کەشی خۆپیشاندانەکانی دەوروبەر لە گوتاری ئەو بزووتنەوەیەدا بکات.

فاکتەرێکی تر کە وادەکات ئەو چوار ساڵە بە ئارامی تێنەپەڕێت و هەرێمی کوردستان گەڕێکی دیکەی خۆپیشاندان بەخۆیەوە ببینێ، بریتییە لە ململانێی باڵەکانی ناو یەکێتی، بە تایبەت لە ئانوساتی کۆنگرەدا ئەگەر کێشەیەک دروست بێت، دەکرێت کاریگەری لەسەر ئیلتیزاماتی یەکێتی هەبێت لەناو حکومەتدا. ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستا کۆمەڵێک پرسی هەڵپەسێردراو لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ماون دەتوانن پەیوەندییەکان گرژ بکەنەوە. هەڵبەتە نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە تا ئێستاش بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی وای دەبینن هاوسۆزیی جەماوەری خۆیان زیاتر لە ڕێگای دژایەتی و بەرهەڵستیی حکومەت و پارتییەوە کۆدەکەنەوە نەک پارێزگاریکردن لە حکومەت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی. بەتایبەت ئەو گروپەی یەکێتی کە لەڕووی سۆشیال میدیاوە زۆر ئەکتیڤن و زۆر جاریش وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان نمایش دەکەن. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە، هیچ دوور نییە شەپۆلی ناڕەزایی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## نووری.. له‌ كه‌مپی ئاواره‌یییه‌وه‌ بۆ بینه‌ری ملیۆنی

« 10


خاوه‌نی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سه‌رنووسه‌ر : سه‌لام سه‌عدی salam@rudaw.net

جێگری سه‌رنووسه‌ر : سالْح قادر rodan@rudaw.net

ئه‌ندامی شانازی ستاف: عه‌بدوڵڵا قرگه‌یی

دیزاینه‌ران: هونه‌ر مه‌رجان، كاكه‌ مه‌لا ئه‌سعه‌د

هه‌فته‌نامه‌یه‌كی سیاسی گشتییه‌ تۆڕی میدیایی ڕووداو ده‌ریده‌كات

نووسینگه‌ی سلێمانی : به‌رامبه‌ر پاركی ئازادی

ناونیشان: هه‌ولێر ـ شه‌قامی ڕووناكی

Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12

rudaw@rudaw.net






